## ناوبردنی PKK به تێرۆریست لەلایەن هاشمییەوە رای تایبەتی خۆیەتی



**روودلو-بەغدا**

سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ناوەندی حیزبی ئیسلامی عێراق موحسین عەبدولحەمید لەدیدارێکی "روودلو"دا دەڵێ ناوبردنی PKK بە رێکخراوێکی تێرۆریست کارێکی زەحمەتە، عەبدولحەمید لەبارەی ناوزەدکردنی پەکەکە بەتێرۆریست لەلایەن تاریق هاشمی ئەمینداری گشتی حیزبی ئیسلامی گوتی "ئەوە رای تایبەتی خۆیەتی، بەڵام رای حیزب ئەوەیە کەپارتی کرێکارانی کوردستان مافی ئەوەی نییە لە نێو سنووری عێراقەوە جموجۆڵ بکات، چونکە دەبنە مایەی تێکدانی پەیوەندییەکانی عێراق وتورکیا"

ل 4

## ژنانی کورد زیاتر رووبەڕووی تووندوتیژی دەبنەوە



**روودلو-ئامەد**

دەروونناسێکی تورک پێیوایە ژنانی کورد لە هەموو ژنانی جیهان زیاتر دووچاری توندوتیژی دەبنەوە.

لەسیمینارێکدا کە لە نووسینگەی DTP لە شاری ئیستانبول بەڕێوەچوو، دەروونناسی تورک ئالکین حەسکایا رایگەیاند" بە بەراورد لەگەڵ هەموو جیهان ژنانی کورد لە هەموو ژنانی دیکەی دنیا زیاتر رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە" بەڵام گولتەن کشاناک کە پەرلەمانتارێکی کوردە لەسەر لیستی DTP ئەم قسانە رەت دەکاتەوەو دەڵێ" لەبەر ئەوەی دەزگەکانی دەوڵەتی تورک بە عەقلییەتێکی شۆڤێنیستی بیردەکەنەوە،بۆیی توندوتیژی دژ بەژنان بە بەرهەمی عەقڵی کوردی دەزانن".

ل 13

## مۆساد ئۆجەلانی رادەستی تورکان کرد



نووسەرێکی ناسراوی ئێرلەندی لە پەرتووکێکیدا دەربارەی دەسگەی مۆسادی ئیسرائیلی لەسەرزاری بەرپرسانی پێشووی دەسگەی هەواڵگری ئیسرائیل باس لەوردەکارییەکانی رفاندنی عەبدوڵلا ئۆجەلان دەکات لەلایەن مۆسادەوەو پاشان رادەستی تورکیا کراوە، لە کتێبەکەدا باسی ئەوەش کراوە کە ئۆجەلان لەکینیاوە بیری لەوە کردبووەوە پەنا بباتە بەر شاخەکانی باشووری کوردستان.

لاپەڕە18


ژمارە (14)

دووشەممە 2008/7/7

17ی پووشپەڕ 2708

(750) دینار

# Rûdaw روودلو

خوێنەری روودلو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net


### محەممەدی حاجی مەحمود:

# فایلی سەرکردایەتی و سکرتێری حیزبەکان بڵاودەکەمەوە



ژمارەیەک فەردە و جانتای پر لەفایل کە محەممەدی حاجی مەحمود بەنیازە بەم نزیکانە لە وێبسایتێکی تایبەتدا بەناوی سوورێن بڵاویانبکاتەوە (فۆتۆ: ئامانج خەلیل)

**تایبەت بە روودلو**

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست بە (روودلو)ی راگەیاند "بەم نزیکانە" بێ گوێدانە لایەنی حیزبی و شەخسی بەشێک لەو بەڵگەنامانەی موخابەرات و ئیستیخبارات بڵاودەکاتەوە کە لەساڵی 1991 و 2003 دەستیکەوتوون کە فایلی ئەندامی سەرکردایەتی و" تەنانەت سکرتێری حیزبیشی تێدایە".

محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، کە چەندان فەردە بەڵگەنامەی دەزگاکانی بەعسی لەبارەگاکەی لە گوڵەخانە داناون، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (روودلو) رایگەیاند، ئێستا بەشێک لەو فایلانەی لێک جیاکردوونەتەوەو لەرێگەی ماڵپەڕی ئینتەرنێتی سورێن کە" بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم فایلانە دروستمانکردووەو ئێستا کەوتووەتەکار، بەم نزیکانە فایلەکان بڵاودەکەمەوە بێگوێدانە لایەنی حیزبی و شەخسی".

محەممەدی حاجی مەحمود ئەوەشی بۆ (روودلو) ئاشکراکرد کە هەندێک لەو فایلانە "تایبەتن بەو کەسانەی کاری سیخوڕییان بۆ کاربەدەستانی بەعس و دەزگای موخابەرات و ئیستیخبارات و ئەمنی عامە کردووە".

سەبارەت بەبوونی فایلی کەسانی ناسراو و بەرپرسەکان لەناو ئەو فایلانەشدا گوتی"لە ئەندام و کەسێکی ئاساییەوە تێیدایە تا مەسئول و ئەندامی سەرکردایەتی و تەنانەت سکرتێری حیزبیشی تێدایە"، لەهەمانکاتیشدا گوتی" هەروەها هەندێک کەسیشی تێدایە کە سیخوڕییان بەسەرەوە کراوە". گوتیشی ئەو فایلانە " هەموو حیزبەکانی تێدایە: یەکێتی، پارتی، شیوعی و هەموویان. هەندێکیان سیخوڕییان کردووە، یان ئیمزایان کردووە، یان پەیوەندی کردووە بە بەعسەوە بۆ کاری تایبەتی خۆی، هەندێکی دیکەشیان سیخوڕیان بەسەرەوە کراوە لە رێگەی کەسە نزیکەکانیەوەو خۆی ئاگای لێنەبووە".

محەممەدی حاجی مەحمود کە ئەوە چەند ساڵە ئەو فایلانەی لای خۆی بڵاونەکردوونەتەوە، سەبارەت بەهۆی بڵاوکردنەوەیان لەو کاتەدا دەڵێ "لەبەر ئەوەی ئێستا هەندێک کەس لافی ئەوە لێدەدا کە زۆر پاکە، تەنانەت کە قسەش دەکات دەڵێت شوکر لە هیچ حیزبێک نیم، منیش بۆ وەڵامی ئەوکەسانە بڵاویان دەکەمەوە".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (9) بخوێنەوە**

### بەهۆی ناونەبردنی PKK بە رێکخراوێکی تێرۆریست

# ئەردۆغان لەگەڵ بارزانی کۆنابێتەوە

**روودلو-ئەنقەرە**

دیپلوماتێکی تورکی رایگەیاند کە سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەسەردانەکەیدا بۆ عێراق چاوی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان ناکەوێت.بەڵام سەعدی بەرزنجی ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەڵێ ئەگەرێکی زۆر هەیە یەکتر ببینن.

رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی لە زاری دیپلۆماتێکی پایەبڵندی تورکی کەنەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت رایگەیاند "ئەگەری ئەوە هەبوو ئەردۆغان لەکاتی سەردانی لە عێراق چاوی بە بارزانی بکەوێت، بەڵام لێدوانەکانی ئەم دواییەی بارزانی لەمەڕ بەتێرۆریست دانەنانی PKK هەموو ئەگەرەکانی کۆبوونەوەی ئەردۆغان -بارزانی نەهێشت".

د.سەعدی بەرزنجی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بە (روودلو)ی راگەیاند کە" ئەگەرێکی زۆر هەیە ئەردۆغان لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کۆببێتەوە، بەڵام ئەمە 100% نییە و چاوەڕوان دەکرێت ئەردۆغان لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی و کوردستانی و لەناویشیاندا لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەردانی ئەم دواییەیدا بۆ ئیتاڵیا لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (ئیل تیمپۆ)ی ئیتاڵی جارێکیتریش رەتیکردەوە PKK بە رێکخراوێکی تێرۆریست بناسێنێ وگوتی هەر کاتێک PKK داوایەکی تورکیای بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد رەتکردەوە ئەوکات دەتوانین بە رێکخراوێکی تێرۆریستی لەقەڵەم بدەین. ئەم لێدوانەی بارزانی بووە هۆی تووڕەبوونی بەرپرسانی حکومەتی تورکیا ومیدیای تورکی.

### حکومەتی کوردستان راپۆرتەکە رەتدەکاتەوە

# تیمێکی فینلەندی دەڵێت 2000 کەس لە گرتووخانە نهێنییەکانی پاراستن و زانیاریدان

**روودلو- هەولێر**

بەپێی راپۆرتی تیمێکی فینلەندی، کەساڵی رابردوو سەردانی کوردستانی کردو لەوماوەیەدا لە ماڵپەڕەکەیاندا بڵاویانکردەوەو نزیکەی 2 هەزار کەس لە زیندانە نهێنییەکانی پاراستن و زانیاریدان، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری مافی مرۆڤ ئەوە رەتدەکەنەوە.

ئەو تیمە کە سەر بە دەزگای کۆچی فینلەندی بوونەو کۆتایی ساڵی رابردوو هاتوونەتە کوردستان، پاش گەڕانەوەیان راپۆرتێکی 42 لاپەڕەییان لەبارەی رەوشی کوردستان بەهەردوو زمانی فینلەندی وئینگلیزی ئامادە کردووە لەم ماوەیەدا لە ماڵپەڕکەیاندا بڵاوکرایەوە.

ئەو راپۆرتە رەخنە لەدەزگای ئاسایش دەگرێت کە گیراوان بۆ ماوەیەکی درێژ لای خۆیان دەهێڵنەوەو رەوانەی دادگایان ناکەن و، دەڵێت "چەندین گیراو ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی دادگایی دەکەن و نەکراون، زۆربەیان لە موسڵ و کەرکووک گیراون و تا ئێستا هیچ تۆمەتێکیان بەرەوڕوو نەکراوەتەوە".

تیمەکە لەزاری رێکخراوی UNAMI ەوە دەڵێ "هەیە پتر لە7 ساڵە گیراوەو هێشتا دادگایی نەکراوە، هەرچەندە حکومەتی کوردستان دەڵێت ژمارەی ئەو گیراوانەی دادگایی نەکراون 700 کەسن، بەڵام ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە".

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ئاسایش لەهەولێرو سلێمانی، جگە لە 14 کەس لەو 700 گیراوە کە بەتۆمەتی تیرۆر گیرابوون، پاش راپۆرتی ساڵی رابردووی لیژنەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران، هەموویان لەو چەند مانگەی رابردوودا بە کەفالەت ئازادکراون.

تیمەکە وەک خۆی دەڵێ بە پشت بەستن بە وتەی "هەندێ چاودێر"یشەوە دەڵێت "زیندانی نهێنی لەکوردستان هەن کە سەر بەئاسایش و دەزگای زانیاری و پاراستنن و بەپێی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ نزیکەی 2000 گیراویان تێدایە".

محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەولیژنەیەی ساڵی رابردوو بۆ بەدواداچوونی رەوشی گرتووخانەکان پێکهێنرا، لەوەڵامی ئەو راپۆرتەدا بە (روودلو)ی راگەیاند "ساڵی رابردوو سەردانی گرتووخانەکانی زانیاری و پاراستنمان کردو هیچ گیراوێکیان تێدانەبوو، زانیاری و پاراستن خەڵکیان گرتووە، بەڵام رادەستی پۆلیس و ئاسایشیان کردووەو خۆیان کەسیان لانەبووە".

د.شوان محەممەدی وەزیری مافی مرۆڤیش زانیارییەکانی ئەو راپۆرتەی بە "هەڵەو دوور لەڕاستی" وەسفکردن و، گوتیشی "نە زانیاری و نەپاراستن هیچ زیندانێکی نهێنییان نییە و هەموو زیندانییەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدان".

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (3) بخوێنەوە**

### بەهۆی سکاڵای تەلەڤزیۆنی ART

# لێپێچینەوە لە تەلەڤزیۆنە ناوخۆییەکانی کوردستان دەکرێ

**روودلو- هەولێر**

تۆڕی تەلەڤزیۆنی ART بەهۆی پەخشکردنی بەرنامە کۆدکراوەکانی لەلایەن کەناڵە ناوخۆییە کوردییەکان،سکاڵای خۆی بردە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیرانیش داوای لەوەزارەتی رۆشنبیری و ناوخۆ کرد لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەناڵانە بکات.

بەپێی یاداشتێکی تەلەڤزیۆنی ART بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەسلێمانی تەلەڤزیۆنەکانی گەلی کوردستان، سپۆرت، یەکگرتوو، کۆمەڵ و لەهەولێریش کەناڵەکانی: گەلی کوردستان، یەکگرتوو، ئاسۆ، ئازادی سپۆرت، نیگا، قەڵات و ئارۆ، لە دهۆک و زاخۆش: کوردستان تیڤی، گەلی کوردستان، زەحمەتکێشان، یەکگرتوو و دەلال، بەرنامەکانی ART بە نایاسایی پەخشدەکەن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (روودلو) کەوتوون، فەرمانگەی یاسایی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە 1070 داوای لە وەزارەتی ناوخۆو رۆشنبیری کردووە بەدواداچوونی یاسایی ئەو سکاڵاکردنەی تۆڕی ART لە تەلەڤزیۆنە نێوخۆییەکان بکەن.

مەسعود مستەفا، بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی لەدیوانی وەزارەتی رۆشنبیری، لەوبارەوە بە (روودلو)ی راگەیاند کە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەناڵانە دەکەن "هەموو ئەو کەناڵانەمان ئاگادارکردوونەتەوە ئەگەر ئەوە دووبارە بکەنەوە ART داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکات".

ئەوکەناڵانە بەهۆی کڕینی کارتێکەوە یارییەکانی تۆپی پێ و هەندێ بەرنامە وەردەگرن و بەبێ رەزامەندی ئەو کەناڵە بڵاویدەکەنەوە.

### لیژنەیەکی سەر بە پەرلەمانی عێراق

# داوای دەرکردنی 3000 سەربازی تورک لەهەرێمی کوردستان دەکات

**روودلو- هەولێر**

لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکانی پەرلەمانی عێراق، لە راپۆرتێکدا کە پێشکێشی پەرلەمان کراوەو کۆپییەکی بەتایبەت دراوەتە (روودلو)، ئاشکرای دەکات کە 3 هەزار سەربازی تورک بە"شێوەیەکی نایاسایی" و بەچەکی پێشکەوتووی جەنگییەوە لە 12 سەربازگەو بنکەی سەربازیدان لەناو هەرێمی کوردستان . لیژنەکە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات ئەو بنکانە دابخات.

ئەو لیژنەیە کە لە 2008/2/29 لەسەر داوای مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان لە هەردوو ئەندامی پەرلەمان سەفیە سوهێل و میسال ئالوسی پێکهات، رۆژی 2008/3/2 لە گەرمەی لەشکرکێشی سوپای تورکیادا هاتوونەتە کوردستان و، لە راپۆرتی لیژنەکەیاندا دەڵێن " بوونی چەکدارانی PKK تەنیا بیانوویەکی درۆ بووەو ئامانجی راستەقینە لێدانی ژیانی ئابووری و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن بووە لەنێو خەڵکی ئەو ناوچانەدا".

لەو راپۆرتەدا کە باسی وردەکارییەکانی تۆپبارانی تورکیا و ئێران دەکات بۆ ناوچە سنوورییەکان، لیژنەکە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات لەبودجەی گشتیی خۆی بودجەیەکی تایبەتی بۆ ناوچە سنوورییە زیانلێکەوتووەکان دیاری بکات و گوشاریش بخاتە سەر حکومەتی تورکیا بۆئەوەی قەرەبووی زیانەکانیان بکاتەوە، داوا لە چەند وەزارەتێکی عێراقیش دەکات لیژنەی پسپۆر پێکبێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی زیانەکان و دانانی ماوەیەک بۆ چارەسەرکردنیان. ئەو راپۆرتە شوێنی بنکە سەربازییەکانی تورکیا و ژمارەی سەربازەکانی ناویان و تەنانەت جۆری ئەو چەکانەشی ئاشکرا دەکات کە لەو بنکانەدا هەن.



سەفیە سوهێل رایگەیاند "داوام لەسەرۆکایەتی عێراق کردووە رێگەمان بدات چاومان بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەردۆغان بکەوێت لەکاتی سەردانی بۆ عێراق، تاوەکو کۆپیەکی راپۆرتەکەی بدەینە دەستی".

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە ( 11 ) بخوێنەوە**

## هەواڵ



### لەزاخۆ کوڕ زیاتری کچان لەدایک دەبن

رووداو-زاخۆ

◆ بەپێی ئاماری شەش مانگی ئەمساڵ، کە لەلایەن نەخۆشخانەی گشتیی زاخۆ دراوەتە (رووداو)، 3882 منداڵ لە زاخۆ لەدایکبوونە(1966کوڕ و 1916 کچ)، واتە 50 لەدایکبووی کوڕ لەکچان زیاترە.هەروەها بەرپرسی بەشی ئاماری نەخۆشخانەکە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی ساڵی رابردووش کوڕ زیاتری کچان لە زاخۆ لەدایکبوون.بەڵام لەماوەی ئەو 6 مانگەدا پیاو زیاتری ژنان مردوون(144 پیاو و 100ژن).

حکومەتی هەرێم و ناوەند لەسەر بودجەی تەواوکاری رێکنەکەوتوون

# بەشی کوردستان لە بودجەی تەواوکاری عێراق 3 تریلیۆن دینارە

**رووداو- هەولێر**

لەبودجەی تەواوکاری عێراق زیاتر لەسێ تریلیۆن دینار بۆ کوردستان دەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی برێکی زۆری پارە بۆ خەرجییە سیادییەکان تەرخانکراوە پشکی کورد کەم بووەتەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش داوای کەمکردنەوەی خەرجییە سیادی دەکات.

د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، بە (رووداو)ی راگەیاند "لەبودجەی تەواوکاری، 17%ی بۆ کوردستان دەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەرجییە سیادییەکان لەبەغدا زیادکراون، 17%ی بودجەی کوردستان بۆ نزیکەی 9%کەمدەبێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەمە نارازییە و ئێستا گفتوگۆ لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە بۆ کەمکردنەوەی نەفەقاتی سیادییەکان".

لەبارەی شێوازی زیادکردنی خەرجییەکانی سیادییەوە، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، گوتی "زیادکردنەکە بە سێ برگەیە، ئەگەر ئەو سێ برگەیە چاک بکرێت حکومەتی کوردستان بڕی پارەی خۆی وەردەگرێ، ئێستا بودجەی تەواوکاری 22 تریلیۆن دینارە، ئەگەر خەرجییە سیادییەکان چاک بکرێت زیاتر لە 3 تریلیۆن دینار لە بودجەی تەواوکاری بۆکوردستان‌دەبێت،پاساوەکانی‌حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ گەڕانەوەی ئەو پارەیە لەجێی خۆیدایە".

ناوبراو گوتیشی "سبەینێ پرۆژەی بودجەی تەواوکاری دەچێتەوە ئەنجومەنی وەزیران و ئەگەری ئەوە هەیە ئەو خەرجییە سیادییە چاکبکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی نارازییەو بەمشێوەیە کوردستانیش مافی خۆی پێبدرێت".

چەنگیز چاندار:

# کێشەی کورد بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە تورکیا چارەسەر دەبێ

**رووداو-نەفەل**

رۆژنامەوانی تورک چەنگیز چاندار رایگەیاند کە دەوڵەتی ئێستای تورکیا یان دەبێت بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی قبووڵ بکات یان کورد و تورک سەر لەنوێ رێککەوتننامەیەکی نوێ واژۆ بکەن.

جەنگیز چاندار، راوێژکاری تۆرگۆت ئۆزال سەرۆک کۆماری کۆچکردووی تورکیا، کە لە پلاتفۆرمی Abantو لە کۆنفرانسێکدا لە ژێرناوی" پرسی کورد" دا قسەی دەکرد گوتی"لەو هەرێمەدا کە 10 ملیۆن کورد لێی دەژین، کورد دەوڵەتی نییە، بۆیە تا کورد لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناڤین نەبنە خاوەن دەوڵەت، پرسی کورد، لەدەستی هەرێمیدا دەمێنێتەوە".

چاندار بە ئاماژەدان بۆ هەرێمی فیدراڵی باشووری کوردستان گوتی" زۆر سروشتیە کە کوردەکانی ئێرە بڵێن چۆن کورد لە عێراق مافی هەیە و ئێمە لێرە مافمان نەبێت". چاندار هەروەها داوای ئەوەی کرد کە زمانی کوردی لە تورکیا ببێتە زمانی رەسمی و نەتەنیا لە پەروەردە بەڵکو بگرە لەسەر تابلۆکانی هاتووچۆش بەکوردی بنووسرێت.

چاندار رەخنەی لەپەخشی کەناڵیTRT گرت و گوتی" لەم رۆژانەدا بەڕێز سەرۆک وەزیر مزگێنی کرانەوەیTRTی بەزمانی فارسی، عەرەبی و کوردی دا، ئەوەش مانای ئەوەیە تەلەڤزیۆنەکە بەکوردی دەست بە پەخش ناکات، تورکیا بیەوێت و نەیەوێت کورد سەیری رۆژتیڤی و کوردستان تیڤی و کوردسات و مێزۆپۆتامیا دەکەن، مادام کە ئێوە لەکردنەوەی تەلەڤزیۆنەکەدا باسی فارسی و عەرەبی دەکەن، مانای ئەوەیە هێشتا ناسنامەی کوردتان پێ قبوڵ نەکراوە".

ناوبراو بەتووندی هێرشی کردە سەر پەرلەمانتارانی کوردی ناوAKPو گوتی"ئەوان دەڵێن 75 پەرلەمانتاری کوردمان هەیە، بێجگە لە عەبدولڕەحمان کوردی ( پەرلەمانتاری ئامەدیAKP) من هیچ پەرلەمانتارێکی کوردیAKPم نەبینیوە".



# پۆلیسی تورکیا 22 کەس لەچەتەکانی ئەرگەنەکۆن دەستگیر دەکات

**رووداو- ئاژانسەکان**

پۆلیسی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراواندا کە سەرانسەری تورکیای گرتووەتەوە، زیاتر لە22 کەسی دەستگیرکردووە کە زۆربەیان بەرپرسانی کۆنی سوپاو رۆژنامەنووسن، لەناو دەستگیرکراوەکانیشدا دوو ژنەراڵی خانەنشینکراوهەن.

بەفەرمانی دادگای ئیستەنبوڵ پۆلیسی تورکیا لەکۆتایی هەفتەی رابردوودا دەستیکردووە بەدەستگیرکردنی ئەندامانی ئەرگەنەکۆن و تا ئێستاش زیاتر لە 22 کەسی لێدەستگیر کردوون و لەنێو دەستگیرکراوەکانیشدا هەریەک لە شەنەر ئەرگویگور، فەرماندەی پێشووی هێزەکانی جەندەرمە و قادر عەلی ئەسنەر، ژەنەراڵی خانەنشینکراو هەن. ئۆپەراسیۆنەکە کە راستەخۆ لەژێر چاودێری سەرۆک وەزیرانی تورکیادا ئەنجامدەدرێت، درێژەی هەیە.

پۆلیسی تورکیا رایگەیاند کە چەتەکانی ئەرگەنەکۆن بەنیازبوونە حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان لەرێگای کودەتاوە بڕووخێنن، بەپێی رۆژنامەکانی تورکیا لەکۆمپیوتەری یەکێک لەئەندامانی ئەرگەنەکۆندا کە پۆلیس دەستی بەسەردا گرتووە پیلانی کوشتنی چەندین بەرپرسی حکوومەتی تورکیا هەبووە، کە رەجەب تەیب ئەردۆغانیش یەکێک بووە لەوان.

ئەرگەنەکۆن، کە وەک دەوڵەتێکی نهێنی لەناو دەوڵەتی تورکیادا دەناسرێت. رێکخراوێکی نهێنی بوو لەشەستەکانی سەدەی رابردوو لەلایەن دەزگای هەواڵگری تورکیاو دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) لەدژی حکومەتەکانی نزیک لەیەکێتی سۆڤییەتەوە دروست بوو. پاش رووخانی دەوڵەتی سۆڤییەت، سەرجەم رێکخراوە نهێنییەکان هەڵوەشانەوە، بەڵام تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزاڤی کورد ئەو رێکخراوەی هەڵنەوەشاندەوە.

# رفێنەرانی ئازاد ئەرگۆشی ئاشکرابوون

**رووداو-هەولێر**

سەرچاوەیەک لەئاسایشی گشتی کوردستان رایگەیاند کە دۆسیەی ئازاد ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی نەورۆز، لەئاسایشە و ئاسایشیش گەیشتووەتە ئەنجام و ئەوانەی لێیانداوە بەم نزیکانە دەستگیر دەکرێن.

سەرچاوەکەی ئاسایش لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "ئاسایش لەئەنجامی لێکۆڵینەوەدا سەرەداوی باشی کەوتووەتە دەست و نزیک بووەتەوە لەئامانجی خۆی و بەم نزیکانەش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرا دەکەین".

(رووداو) پەیوەندی بەئازاد ئەرگۆشی کرد و بەڵام هیچ لێدوانێکی نەدا، بەڵام کەسێکی نزیک لەئازاد ئەرگۆشی بە (رووداو)ی راگەیاند "کاتێک لەئازاد ئەرگۆشییان دابوو شوێنەواری پەنجەی ئەو کەسانە بەسەر جەستەیەوە جێمابوو، پشکنین بۆ جەستەی ئازاد کراوەو دەتوانرێت زۆر بەئاسانی ئەو کەسانە بدۆزرێنەوە".

شەوی1 ـ 2008/7/2 چەند کەسێکی نەناسراو لەسەر رێگای هەولێر-پیرمام، رێگەیان بەئازاد ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی نەورۆز گرت، دوای ئەشکەنجە و لێدانێکی زۆر، مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەیان بردو ئەویشیان بەدەستبەستراوی لەنزیک گوندێکی سەر رێگاکە جێهێشت.



# مارو دووپشک هێرش دەکەنە سەر دەربەندیخان

**کاروان کەریم**

**رووداو-دەربەندیخان**

رۆژی 2008/6/26لە شاری دەربەندیخان و لەگەڕەکی کانی سارد چەندین کەس مارو دووپشک پێیوەدان و، لەئەنجامدا یەکێکیان گیانی لەدەستدا.

سامان رێبوار، تەمەن 8 ساڵان لەو شەوەدا لەیەک کاتدا دوو دووپشک پێیوەداو بووە هۆی گیان لەدەستدانی، هەروەکو دانیشتوانی گەڕەکەکە دەڵێن لەو شەوەدا چەندین کەس مارو دووپشک پێیوەداون و چەندین مار و دووپشکیشیان کوشتووە، وەکو خۆیان دەڵێن ئەمە یەکەمجارە بەوشێوەیە مارو دووپشک لەم گەڕەکەدا دەرکەون.

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی دەربەندیخان و بەشی (فریاگوزاری) زیاتر لە 14حاڵەتی مارو دووپشک پێوەدان لەشەوو رۆژێکدا تۆمارکراوە.

بەهۆی وشکەساڵی و گەرمی ناوچەکەوە ژمارەی مارو دووپشک لەم گەڕەکەدا زیادی کردووەو خەڵکی ئەو گەڕەکە داواکارن حکومەت بەهەرشێوەیەک بێت چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە.

لەهەفتەیەکدا

# 84 پۆلیس و دوو پێشمەرگە دەکوژرێن

**رووداو-موسڵ**

لەماوەی هەفتەی رابردوودا 84 پۆلیس و 2 پێشمەرگە لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانەوە کوژراون و 186 داواکراویش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراون.

عەمید خالید عەبدولستار وتەبێژی فەرمی فەرماندەی عەمەلیاتی موسڵ لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "لەماوەی هەفتەی رابردوودا 84 پۆلیس لەشوێنە جیاجیاکانی موسڵ لەلایەن تیرۆرستانەوە تیرۆرکراون، هەروەها 2 پێشمەرگەش تیرۆرکراون".

ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتیشی "لەکۆی ئەو 306 کەسەی لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و سوپای عێراقییەوە داواکراون، 186 کەسیان لەگەڕەکەکانی موسڵ دەسگیر کراون، کە دەستیان لەکوشتنی پۆلیس و هاووڵاتیانی سڤیلدا هەبووە".

ل ویلایەتا دالاس

# ئەمریکییەک کوردەکی دکوژیت

**رووداو-دهۆک**

کەسەکێ رەش پێستێ ئەمریکی 18 سالی، ل ویلایەتا دالاس یا ئەمریکا ل روژا 2008/6/26 هاووڵاتیەکێ کورد ب ناڤێ (عەبدوڵلا ئیسماعیل مایی) د کوژیت و رۆژا 2 /2008/7 د رێورەسمەکێ دا تەرمێ وی گەهشتە دهوکێ و ل گوندێ مایێ هاتە ڤەشارتن.

(رووداو) د پەیوەندییەکا تەلەفۆنیدا د گەل ئێک ژ نێزیکترین کەس و کارێن ناڤبری، گۆت" هاووڵاتی عەبدوڵلا مایی ل کۆمپانیەکا ئەمریکی یا ڤەگوهاستنێ کارێ تەکسیێ دکر، د دەمەکێ دا کومپانی پەیوەندی پێڤە دکەت کو نەفەرەک یێ ل فلان جهی هەلبگرە ئەو ژی وی نەفەری هەلدگریت و دگەهینیتە ویستگەهەکا بانزینێ و، پشتی ئەڤ کەسە دهێتە خوار کەسەکێ دی یێ پیست رەش یێ ئەمریکی دەستێ خوە ل تەکسیا هاووڵاتیێ مایی رادگریت و ئەوژی هەلدگریت و پشتی هەیامەکێ دچیت دبەتە هندەک کولانێن تەنگ و دەبانجێ دکەتە د سەری وی را و گەفێن کوشتنێ لێ دکەت، دڤی دەمێ دا هاووڵاتی عەبدوڵلا بەرەڤانیێ ژ خۆ دکەت و دەمانچە دشەقیت و فیشەکەک ب دەست و چاڤێن وی دکەڤی و پاشان ل تەکسیێ دهێتە خوار و درەڤیت، لێ ئەڤ کابرایێ پیست رەشێ ئەمریکی چەند گوللەیان ل پشتا وی ددەت و دکوژیت"،هەروەسا گۆت ئەڤ تاوانبارە پشتی هنگێ پارێ عەبدوڵلای دبەت و درەڤیت، تا رۆژا 6/28 دەمێ ئەڤ گونەهبارە دکەڤیتە دزیێن مالەکا دی ژ لایێ پۆلیس دهێتە گرتن و پاشان "دانپێداتینی کو هەر وی ژی عەبدوڵلا ئیسماعیل‌کوشتییە.

# 122 ملیۆن دینار زیانێن ئاگر بەربوونێ

**رووداو-دهۆک**

ل دویڤ ئامارەکا هۆبا ئاگر ڤەمراندنا رێڤەبەریا بەرەڤانیا باژێری ل دهوکێ، دهەیاما هەیڤا خزیرانێ دا 54 حالەتێن ئاگر بەربوونێ هاتینە تومارکرن ل ڤێ رێڤەبەریێ و زیانێن وان ب 122 ملیۆن و 394 هزار دیناران دهێنە تەخمین کرن.

52 روودان ل کەرتێ تایبەت بووینە و 2 ژی ل کەرتێ میری و جورێن ڤان رووێدانان ژی هاتییە دیار کرن کو ئاگر بەربوویە هند خانی و چەم و کارگەهان و دوکان و ترومبێلان . دیسان د ئامارێ دا بەحسێ ئەگەرێن ئاگر بەربوونێ هاتیە کرن کو پرانیا وان سەرا شورتێن کارەبێ بوویە.

ماوێ گەهشتنێ بۆ جهێ رووێدانێ ژ 4 دەقیقەیان تا 24 دەقیقەیان دئامارێ دا هاتییە تۆمارکرن و، بۆ ماوێ 7دەقیقەیان تا 60 دەقیقەیان کارمەندێن رێڤەبەریا بەرەڤانیا باژێرێ شیاینە کونترۆلا حالەتێن ئاگر تێبەربوونێ بکەن.

هەروەسا د وێ ئامارێ دا هاتیە دیارکرن کو ژ سەرجەمێ ڤان 54 روویدانێن ئاگربەربوونێ ب تنێ هاوولاتیەکێ گیانێ خو ژ دەستدایە.

تێ گوتن ئەڤ رویدانە و زیانە ل سەنتەرێ باژێرێ دهوکێ و سنوورێن قەزایێن ئامێدیێ و سێمێل و زاخۆ و ئاکرێ هاتینە تۆمارکرن.

# لێکۆڵینەوە لەژینگەی هەڵەبجە دەکرێت

**رووداو- هەولێر**

لەسەر داوای نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەردوو وەزارەتی ژینگەی کوردستان و عێراق لە هەفتەی ئایندەوە دەستدەکەن بە لێکۆڵینەوە لە ژینگەی هەڵەبجە بۆ دیاریکردنی کاریگەریی چەکی کیمیاوی و زانینی ئەوەی ئایا ژینگەی ناوچەکە بۆ ژیانی هاووڵاتیان گونجاوە یان نا.

دارا محەممەد، وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێم بە (رووداو)ی راگەیاند" لەسەر داوای سەرۆک وەزیرانی عێراق هەردوو وەزارەتی ژینگەی کوردستان و عێراقی فیدراڵ پێکەوە رووپێوێکی ژینگەیی بۆ شاری هەڵەبجە دەکەن و تیمەکان لە هەردوو وەزارەت دەستنیشانکراون و بەشێوەیەکی مەیدانی دەڕۆنە جێگاکان و دەمانەوێت بزانین ژینگەی هەڵەبجە لەپاش کیمیابارانەوە کاریگەری چەکی کیمیاویی لەسەرماوە یان نا، لێکۆڵینەوەکەش لەسەر ئاوو هەواو خاک و زیندەوەرەکان دەکرێت".

وەزیری ژینگە ئەوەشی راگەیاند کە ئەگەر ژینگەکەی شیاونەبوو هەوڵدەدەن چارەسەری بکەن و ئەنجامەکەشی هەرچییەک بێت رایدەگەیەنن، گوتیشی "پێمانوایە دەتوانین تارادەیەکی باش گرفتەکە چارەسەر بکەین، ئەگەر زانیشمان پێمان چارەسەرناکرێت لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکەینەوە".

# ئاسایش گرووپی خاوێن ئاگادار دەکاتەوە

**بیلال سەعید**

**رووداو-کەلار**

بەهۆی‌نەبوونی‌مۆڵەت، ئاسایشی‌گەرمیان‌گرووپی خاوێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادەبێهۆشکەرەکان ئاگادار دەکاتەوە، تاوەکو مۆڵەت لەحکومەت وەردەگرن.

سەرچاوەیەک لەگرووپی خاوێن بە (رووداو)ی راگەیاند "ئاسایش ئەندامانی گرووپەکەی ئاگادار کردووەتەوە کە نابێت بەهیچ شێوەیەک چالاکی ئەنجام بدەن تاوەکو مۆڵەت لەحکومەت وەردەگرن".

هەرلەوبارەوە، ئیدریس مەدحەت، سەرپەرشتیاری گرووپەکە بۆ (رووداو) گوتی "ئاسایش مافی خۆیەتی و تا مۆڵەت وەرنەگرین هیچ چالاکییەک ئەنجام نادەین".

گرووپی خاوێن، لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکی دەڤەری گەرمیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و هۆشیارکردنەوەی گەنجان لەبەرکارهێنانی مادەی هۆشبەر، لەسەرەتای نیسانی ئەمساڵدا دامەزراوە.

# رۆژنامەی گەلەجەک داخرا

**رووداو-DIHA**

دادگای یانزەمینی سزای گرانی ئیستەنبوڵ لەسەر ناوو ناوەڕۆکی هەواڵێکی رۆژنامەی گەلەجەک کە لەژمارەی رۆژی 30 حوزەیران بڵاوکرابووەوە، بڕیاری داخستنی رۆژنامەکەی دا.

پاش تێپەڕبوونی 34 رۆژ لەدەستبەکاربوونی رۆژنامەی گەلەجەک، دادگای یانزەمینی سزای گرانی ئیستەنبوڵ بەبیانووی پڕوپاگەندەکردن بۆ PKK، بڕیاری داخستنی ئەم رۆژنامەیەی بۆ ماوەی مانگێک دەرکرد.

دادگا بڕیاری دا بەگوێرەی خاڵی25ەمینی یاسای بڵاوکراوەکان، ژمارە 5287ی رۆژی 30 حوزەیرانی رۆژنامەکە دەستی بەسەر دابگیرێت و فرۆشتنی قەدەخە بکرێت. هەروەها بڕیاریدا بەگوێرەی یاسای ژمارەی3713 کارەکانی رۆژنامەی ناوبراو بۆ ماوەی مانگێک رابگیرێت.

# حکومەت 10 هەزار منداڵ فێری قورئان خوێندن دەکات



**رووداو-هەولێر**

بەپێی راگەیێندراوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، 10 هەزار منداڵ بەشداری لەخولی هاوینەی ئەزبەرکردن و فێربوونی قورئان دەکەن کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بۆیان کراوەتەوە.

بەپێی راگەیێندراوەکەی وەزارەتی ئەوقاف خولەکان لە 162 مزگەوتی کوردستان بەڕێوەدەچن و تەنیا لەسنووری ئەوقافی گەرمیاندا نزیکەی 4 هەزار منداڵ خۆیان ناونووس کردووە و ژمارەیەکی زۆری کچیش بەشدارییان لەو خولانەدا کردووە.

ساڵانە وەزارەتی ئەوقاف خولی هاوینەی فێربوونی قورئان بۆ منداڵانی کوردستان دەکاتەوەو ئەمساڵ خولەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەرتاسەری کوردستان کراونەتەوە و بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوام دەبن.

## ریپۆرتاژ



**سوریا 25 زیندانی دەکوژێت و لەوانەیە هەندێکیان کورد بن**

رووداو-دیمەشق

◆ لە ئەنجامی پێکدادانی نێوان زیندانیان و پۆلیس لە زیندانی (سیدنایا) لە سوریا، دەیان زیندانی کوژراون. کۆمیتەی سوریای رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند کە لانیکەم 25 زیندانی لەو پێکدادانەدا کوژراون. نوری بریمۆ، بەرپرسی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کورد (ئەلپارتی) بە(رووداو)ی راگەیاند "زیندانەکە زیاتر لە3 هەزار گیراوی تێدایە کە نزیکەی 500یان کوردن و زیاتر سەربە PKKن، ئەگەر رەوشەکە درێژەی هەبێت لەوانەیە کوردیش بەربکەون".

### تیمی فینلەندی بۆ بەدواداچوونی راستییەکان:

# موحافزکارو توندڕەوەکان یەکێتیان کۆنترۆڵ کردووەو پەیوەندییان لەگەڵ پارتیش باشە

**لەرۆژانی 2007/10/23 تا 2007/11/3 شاندێکی دەزگای کۆچی فینلەندی بەناوی تیمی بەدواداچوونی راستییەکان کە نوێنەرایەتی حکومەتی فینلەندوNGO کانی فینلەندای دەکرد، هاتنە باشووری کوردستان و چەندین دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ زۆر مێژو لایەن و چین وتوێژەکانی کوردستان و رێکخراوە ناحکومییەکان و دەزگا راگەیاندنە ئەهلییەکان و نووسینگەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردو دوای گەڕانەوەیان راپۆرتێکی 42 لاپەڕەییان لەبارەی رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان بەهەردوو زمانی فینلەندی وئینگلیزی بڵاوکردەوە.**

رووداو- فینلەندا

وەک لەراپۆرتەکەدا هاتووە سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی فینلەند بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان بە فەرمی پێشوازی لە شاندەکە بکات، کەچی نەیکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاندەکە توانی لەگەڵ هەندێ بەرپرسی هەرێمی کوردستان دابنیشێ، بەتایبەتی لەبارەی پرسی تایبەت بە کۆچ و پەنابەران.

### وێنەگرتن قەدەخەیە

تیمەکە بەگشتی رای باش بووە لەبارەی رەوشی هێمنی و تەناهی کوردستان و رۆڵی ئاسایش و هاوکاریکردنی خەڵک لەگەڵ پۆلیس و ئاسایش بۆ روونەدانی خراپەکاری، بەڵام ئاماژەش بەوە دەکا کە لە هەندێ شوێن رێکاری توند دەگیرێتە بەر، بۆ نموونە تیمەکە لە هەندێ شوێن ویستوویانە وێنەبگرن، بەڵام رێگەیان پێنەدراوە" وێنەگرتنی هەندێ شوێنی ستراتیجی قەدەخەیە وەک فڕگە، پەرلەمان، وەزارەتەکان و دامودەزگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە فڕگەی هەولێر هەندێ لە ئەندامانی تیمەکە بەهۆی وێنەگرتنەوە مامەڵەیەکی توندیان لەگەڵ کراو داوایان لێکردن ئەو دیمەنانە بسڕنەوە کە گرتوویانە، جارێکیش تاکسی تیمەکە لەلایەن چەکدارێکەوە لە نزیک باڵاخانەی پەرلەمانەوە وەستێنرا، چونکە چەند وێنەیەکی گرتن".

### رەوشی کریستیانەکان باشە

تیمەکە رەوشی ژیانی کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان بە "باش" هەڵدەسەنگێنێ کە بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی دەژین و کریستیانەکان بە تیمەکەیان راگەیاندووە کە کوردە موسڵمانەکانی هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ کریستیانەکان باشە و درواسێ موسڵمانە میانڕەوەکانیان پێشوازی گەرمیان لێدەکەن، بەڵام هەڕەشەی ئیسلامییە توندڕەوەکانیش بەهەند وەردەگرن.

### چارەسەرکردنی پرسی کەرکووک کاتێکی درێژی دەوێ

رەوشی ئاسایشی کەرکوک لەکاتی سەردانی تیمەکە باش نەبووە، هەربۆیە تیمەکە بۆچوونە سلێمانی رێگەی کۆیەیان هەڵبژاردووە نەک کەرکوک، بەڵام بەگشتی و وەک بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەتیمەکەیان راگەیاندووە رەوشی کەرکووک بەرەو باشی دەڕوات.

هەندێ لە چاودێران بە تیمەکەیان راگەیاندووە کە چارەسەکردنی پرسی کەرکووک کاتێکی درێژی دەوێ، یەکێک لەگرفتە مەزنەکانیش پرسی موڵکدارێتی و خاوەندارێتییە، چونکە خانوو هەیە چەندین جار کڕدراوەو فرۆشراوەو لەلایەن خەڵکی نەتەوە جیاواز ئەم دەست وئەو دەستی پێکراوە. "بەپێی ئاژانسی UNAMIی نەتەوە یەکگرتووەکان، عەرەب و تورکمانەکان گلەییان لە کورد هەیە بەهۆی رەفتارو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کەمینەکان، پرۆسەیەکی کاریگەری دژ بە بەعەرەبکردن هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی رێژەیەکی زۆری توندوتیژی و هەندێک کەسیش ناچاربوونە لە کەرکووک رابکەن".

### لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن نییە

تیمەکە ئاماژە بەوە دەدات کە بەپێی لێدوانی بەرپرسانی UNAMI لەماوەی یەک دوو مانگی بەر لە گەشتی تیمی فینلەندی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە هەڵکشاندابووە، بەتایبەتیش مافەکانی ژنان کە هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، خەڵکی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام دەستگیردەکرێن، چەند رۆژنامەوانێک لە هەولێرو سلێمانی دەسگیرکراون

"هەندێ لە چاودێران بە تیمەکەیان راگەیاندووە کە پارتی و یەکێتی دەسەڵاتی هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهۆک و سلێمانییان کۆنترۆڵ کردووە و ئۆپۆزسیۆنیش هیچ بوونێکی نییە لە کوردستاندا، خەڵکی کۆنسەرڤەتیڤ و توندڕەو ئێستا یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کۆنترۆڵ کردووەو پەیوەندییەکی زۆرباشیشیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە".

راپۆرتەکە پێش یەکگرتنەوەی هەردووەزارەتی دادی هەولێر و سلێمانی نووسراوە "وەزارەتێکی یەکگرتووی داد لە هەرێمی کوردستان نییە و کارمەندانی وەزارەتی دادیش هەوادار و دڵسۆزی هەردوو پارتە سەرەکییەکەن و ململانێیەکی توند لەئارادایە، هەربۆیە چەندین دادگاییکردن بەسیاسی کراون و دەستی سیاسییان لە پشت بووە و بەپێی زانیارییەکانی رێکخراوی NPA پارێزەرەکانیش فشاریان لەسەرە".

### پاراستن و زانیاری زیندانی نهێنییان هەیە

تیمی فینلەندی بۆ بەدواداچوونی راستییەکان رەخنە لەدەزگای ئاسایشی کوردستان دەگرێت، چونکە دەستبەسەرکراوان بۆ ماوەیەکی درێژ لای خۆیان دەهێڵنەوە بەبێ ئەوەی رەوانەی دادگایان بکەن، چەندین گیراو هەن کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی دادگاییکردن دەکەن و نەکراون، زۆربەیان لە موسڵ و کەرکووک دەستگیرکراون و تا ئێستا هیچ تۆمەتێکیان رووبەڕوو نەکراوەتەوە. تیمەکە لە زاری رێکخراوی UNAMI وەوە دەڵێ "گیراوی وا هەیە پتر لە حەوت ساڵە دەستگیرکراوەو تا ئێستا دادگایی نەکراوە، حکومەتی کوردستان دەڵێ ژمارەی ئەو گیراوانەی کە هێشتا دادگایی نەکراون 700 کەس دەبێت، بەڵام UNAMI پێیوایە ژمارەکە زۆر لەوە پترە، لەکاتی دادگاییکردنیش زۆربەی گیراوەکان لە رێوشوێنی دادگاییکردنیان رازی نین و زۆریان ناتوانن پارێزەر بگرن".

بەپێی لێدوانەکانی بەرپرسانی ئاسایش لە هەولێرو سلێمانی، جگە لە 14 کەس لەو 700 گیراوە، کە بەتۆمەتی ئەندامێتی گرووپەکانی سەر بە قاعیدە و دەستهەبوون لە تەقینەوەکاندا گیرابوون، پاش راپۆرتی ساڵی رابردووی لیژنەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران، هەموویان لەو چەند مانگەی رابردوودا بە کەفالەت ئازادکراون. کۆمەڵی ئیسلامیش کە زۆر باسی گیراوەکانی دەکرد، گوتی هەموو گیراوەکانمان ئازاد کراون.

تیمی فینلەندی بۆ بەدواداچوونی راستییەکان کە زۆربەی زانیارییەکانی راپۆرتەکەیان لە UNAMI وەرگرتووەو پشتیان بەوان بەستووە، رەخنەی زۆریان لەسەر رەوشی گرتووخانەکانی کوردستان لە راپۆرتەکەیاندا تۆمارکردووەو دەڵێ" هەرچەندە هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ باشترکردنی رەوشی نێو گرتووخانەکان، بەڵام تا ئێستا گرتووخانەکانی کوردستان لەگەڵ مەرج و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان یەکناگرنەوە، بەڵام رێکخراوی خاچی سوور رێگەی پێدراوە سەردانی گرتووخانەکان بکات و پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ دامودەزگەکانی ئاسایش هەیە، بەپێی زانیاری هەندێ چاودێر زیندانی نهێنی لە هەولێرو دهۆک و سلێمانی هەن کە سەر بە ئاسایش و دەزگای زانیاری و پاراستنن و بەپێی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەوانەیە نزیکەی 2000 کەس لەو زیندانانەدا بن، بەپێی زانیارییەکانی UNAMI وUNHCRوNPA لەنێوان ساڵانی 2003- 2006 بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەشکەنجەدان لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان بەکاردەهات و ئێستاش لەزیندانە نهێنییەکاندا بەکاردێت".

محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەولیژنەیەی ساڵی رابردوو بۆ بەدواداچوونی رەوشی گیراوو گرتووخانەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێکهێنرا، لەوەڵامی ئەو راپۆرتەدا بە (رووداو)ی راگەیاند "ساڵی رابردوو سەردانی سەرجەم گرتووخانەکانی دەزگای زانیاری و پاراستنمان کرد، هیچ گیراوێکیان تێدانەبوو، دەزگای زانیاری و پاراستن خەڵکیان گرتووە، بەڵام رادەستی پۆلیس و ئاسایشیان کردووەو وەکو خۆیان کەسیان لانەبووە".

هەر لەوبارەوە د.شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ، گوتی "زانیارییەکانیان هەڵەن و دوورن لەڕاستی، ئێمە ئاگاداری ئەو تیمەنین کە هاتوونەتە کوردستان، نەزانیاری و نەپاراستن هیچ گرتووخانەیەکی نهێنییان نییە و هەموو زیندانیەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان"، گوتیشی "هەموو زیندانییەکانی کوردستان بە راگیراوو حوکمدراوەوە نزیکەی 300 کەسن".

وەزیری مافی مرۆڤ لەبارەی ئەشکەنجەدانیشەوە، گوتی" ئەشکەنجەدان پێشتر هەبووەو ئێستا کەمبووەتەوە، ئەگەر لەجێگایەک ئەشکەنجەدان هەبێت ئێمە خۆمان بەبەڵگەوە دەڵێین هەیە، بەڵام حەزدەکەین ئێستا کەسێک بدۆزینەوە سکاڵایەکی هەبێت و بڵێ ئەشکەنجەدان هەیە تاوەکو بەدواداچوونی بۆبکەین".

### توندوتیژی دژ بە ژنان

رەوشی ژنان لە کوردستان یەکێکە لەو بابەتانەی کە تیمی بەدواداچوونی فینلەندی زۆرترین رەخنەی لەسەر هەیە، بەپێی راپۆرتەکە سووتان و کوشتنی ژنان رۆژ بەرۆژ لەپەرەسەندنایە و بەشێکی زۆری ئەو رووداوانەش لە دێهات و شارۆچکەکان روودەدەن، هەروەها لەشارەکانی سلێمانی و هەولێریش، زۆرتریش لەهەولێر "چونکە شارێکی داخراوترە". بەپێی بۆچوونی تیمەکە، مۆبایل یەکێکە لە هۆکارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان، ئەمە جگە لە سزانەدانی ئەوانەی ژن دەکوژن. راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێستا ژنان لەهەرکاتێک زیاتر لەدەست توندوتیژی داوای هاوکاری و یارمەتی دەکەن.

### کرێکارانی بیانی وەک کۆیلە رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ

بەپێی تیمی فینلەندی ژمارەی کرێکارانی بیانی ئەوانەی لە سوودان، نیپاڵ، هیندستان، ئەسیوپیا، بەنگلادیش و فلیپین هاتوونەتە کوردستان لە هەزار کەس کەمترەو هەندێکیان لە رەوشێکی زۆر خراپدا دەژین و وەک کۆیلە رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ، راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە لەکاتێکدا بێکاری لە کوردستاندا هەیە، کەچی لە وڵاتانی جیهانی سێوە کرێکار دەهێنرێنە کوردستان.

### هاورەگەزبازی "هۆمۆسێکسواڵ"

راپۆرتەکە لەدەمی رێکخراوی UNHCR ەوە باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگای کوردی دژی هاورەگەزبازییەو لەوانەیە خەڵک لەسەریشی تووشی لێپرسینەوە ببن و هەندێجار بۆماوەیەکیش دەستگیردەکرێن.

### پەراوێزێک بۆ ئازادی رادەربڕین هەیە

لەهەرێمی کوردستاندا وەک لەراپۆرتەکەدا هاتووە نزیکەی 600 دەزگای میدیایی رێگەپێدراو هەیە، بەڵام بەشێکی زۆریان لەلایەن حیزبەکانەوە کۆنترۆڵکراون" بۆنموونە PUKmedia هەندێ جاران رەخنە لە حکومەت دەگرێت، بەڵام بەدەگمەن ناودەهێنرێت، بۆیە جۆرێک لە خودسانسۆریی هەیە، چەندین جار میدیای نافەرمی دراونەتە دادگا، بەڵام پەراوێزێک لە ئازادی رادەربڕین هەیە و بەم دواییانە هەندێ رۆژنامە باسیان لە گەندەڵی بەرپرسان کردووە بەبێ ئەوەی تووشی لێپرسینەوە بن".

### کەس لەسەر گۆڕینی ئایین دادگایی نەکراوە

لەکوردستاندا بەگشتی ئازادی جێبەجێکردنی رێوڕەسمە ئایینیەکان هەیە، بەپێی ئەو زانیارییانەی تیمە فینلەندییەکە لە UNHCR ی وەرگرتووە، گۆڕینی ئایین لە دەستووری یاسای شارستانی بە تاوان دانانرێت، بەڵام لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لەوانە ناکرێت کە ئایینی خۆیان دەگۆڕن و لەلایەن بنەماڵەو خزم وکەسوکارییانەوە پەراوێز و دوورەپەرێز دەکرێن. بەڵام تا ئێستا نەبیستراوە کەس لەسەر گۆڕینی ئایین دادگایی کرابێت.

### تەنیا دکتۆرو ئەندازیار دادەمەزرێن

بەپێی راپۆرتەکە بە بۆچوونی هەندێ کریستیان و رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی IOM، دەرفەتی کاری گونجاو بۆ دەرچووانی زانکۆ نییە، بەپێی قسەی دوو خوێندەڤانی گەنجی تازەدەرچووی زانستگەی سەلاحەدین لە هەرێمی کوردستاندا هیچ دوارۆژێکیان نییە. بەگوێرەی قسەی هەندێ مامۆستای زانستگەی دهۆک لە کوردستاندا تەنها مامۆستا و دکتۆرو ئەندازیارەکان شانسی دامەزراندنیان هەیە. راپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەدات کە زۆرکار دەدرێ بەو کەسانەی پەیوەندییان بەحیزبەکانەوە هەیە، ئیدی با لە کارەکەش نەزانن و خوێندەوارییان نەبێت.

یەکێک لەگرفتە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە ئەوەیە 70%ی خەڵک مووچەخۆرن لەکاتێکدا تەنیا 30%ی خەڵک بەڕاستی کاردەکەن.

### گەندەڵی خەڵکی تووڕە کردووە

تیمی فینلەندی دیداریان لەگەڵ چەندین رێکخراوو خەڵکی ئاسایی کردووە کە هەرهەموویان باسیان لەگەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و خزم خزمێنە کردووە، کە لەهەرێمی کوردستان بەربڵاوەو ئەمەش خەڵکی زۆر بێزارو تووڕە کردووە، بەتایبەتیش چونکە مووچەکانیان زۆر کەمەو نرخی شتومەکیش بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە.

### لاوان لە رەوشێکی سەختدان

راپۆرتەکە ئاماژە بە رەوشی خراپی لاوانی کوردستان دەکات و دەڵێ " هەندێ لە چاودێران پێیانراگەیاندین کە لاوانی کوردستان لە رەوشێکی دژوارو سەختدا دەژین، بەهۆی سەختی گوزەران و بێکاری، هەندێ لەوانە دەچنە مزگەوتەکان و دەبنە کەسی توندڕەو، بۆیە پێویستە چالاکیی گەنجان هەبێت و وڵاتانی رۆژئاوا هاوکاری لاوانی کوردستان بکەن و سەنتەری لاوان دابمەزرێنن".



زیندانیانی گرتووخانەی محەتە لە هەولێر بەبۆنەی رۆژی جیهانی میوزیک 2008/6/21شایی دەکەن (فۆتۆ:AFP)

# لەسەردەمی حکومەتی کوردستاندا 89 کەس بە سێدارەدان حوکمدراون

## لە سێ ساڵی رابردوودا 34 کەس بە سێدارەدان حوکمدراون و سزاکەیان جێبەجێنەکراوە

**عەلی حەمەساڵح**
**رووداو-هەولێر**

16کەس لەکوردستاندا بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووەو بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە، وەزیری مافی مروڤیش پێیوایە ئەوە پەیوەندی بە دوو ئیدارەییەوە هەیە و، ئەندامێکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانیش دەڵێ "مام جەلال لەسلێمانی واژۆی لەسەر سزاکانی لەسێدارەدان نەدەکرد".

لەمانگی 8ی ساڵی 2006 پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دەستکردنەوە بە جێبەجێکردنی سزای لەسێدەران لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵ دەرکرد،واتە تا مانگی 8ی ئەمساڵ، دوای ئەوە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریش پەسەندکرا کە ئەویش سزای لە سێدارەدانی تێدایە.

هەرچەندە تاوەکو 2008/9/1، پشووی فەرمی پەرلەمانە، بەڵام د.شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت"پێویستە لەکاتی پشوودا پەرلەمان دانیشتنێکی نائاسایی ببەستێ، بۆ ئەوەی یاسایەکی نوێ دەربکات جێگای یاساکەی ساڵی 2006 بگرێتەوە".

وەزیری مافی مرۆڤ سوورە لەسەر نەمانی سزای لەسێدارەدان لەکوردستان، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەم داوایە رازی نییە. وەزیری مافی مرۆڤ، دەڵێت"لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، داوامکرد سزای لەسێدارەدان لەکوردستاندا نەمێنێ، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان رازینەبوو، وتیان: ئەو یاسایە ئێستا پێویستە بەهۆی بوونی هەڕەشەی تیرۆر، بەڵام رەزامەندیان نواند بۆ بەرتەسککردنەوەی سزاکە".

بەرپرسانی پەیوەندیداریش هیچ وەڵامێکی ئەوتۆیان پێ نییە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لەسێدارەدان لەهەولێر و پشتگوێخستنی ئەم بڕیارانە لەسلێمانی دوای یەکگرتنەوەی حکومەت.

فاروق جەمیل، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت"لەرابردوودا بەبڕیارێکی پەرلەمان سزای لەسێدارەدان وەستابوو، پاش ئەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکیانگرتەوە، سزای لەسێدارەدان کاری پێکرایەوەو وا بەباش زانرا لەسێدارەدان جێبەجێبکرێتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی بەهۆی رووداوەکانی تەقینەوەی گرووپە تیرۆرستەکانەوە پێویستی دەستکردنەوە بە جێبەجێکردنی سزاکە بە پێویست زانرا".

کاتێک دادوەر بڕیاری لەسێدارەدان دەدات، بڕیارەکە دواتر دەچێتە دادگای پێداچوونەوە (تمیز)، ئەگەر دادگای پێداچوونەوەش پەسەندی کرد رەوانەی وەزارەتی داد دەکرێ و لەوێشەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە لەوێش پەسەند دەکرێ، لیژنەیەکی تایبەت ئەو سزایە جێبەجێدەکات.

تائێستا چەندان بڕیاری لەسێدارەدان لەدادگانی سلێمانی دەرچوونە، بەڵام جێبەجێنەکراون. وەزری داد لەبارەی جێبەجێنەکردنی ئەوسزایە لەسلێمانی دەڵێت" کاتی دوو ئیدارەیی هەندێک بڕیار پەسەندکراون لەوانەیە لەکاتی راگرتنی سزاکەدا بووبێ، بۆیە جێبەجێنەکراون، ئێستاش کە کار بەسزاکە دەکرێت لەوانەیە کێشەکان هەر لەدادگا مابنەوە و رەوانەی وەزارەتی داد نەکرابن، ئەگەرنا بڕیارەکە وەکو یەکەو جیاوازی لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا ناکرێت و هەر کێشەیەک بێتە دادگای پێداچوونەوەو پەسەندبکرێت راستەوخۆ رەوانی وەزارەتی دادو پاشانیش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت".

وەزیری داد دەڵێ هەر سزایەکی وا گەیشتبێتە ئەوان رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوە و گوتیشی" هیچ هۆکارێک نییە بۆ جێبەجێنەکردنی سزاکە لە هەرێمی کوردستان".

بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی مافی مرۆڤ کە وێنەیەکی دراوەتە (رووداو)، لەسەرەتای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تائێستا89 بەندکراو سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە کە 3 یان ئافرەتن. هەروەها لە 2006/1/1 تا 2008/6/30، لە هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان 34 کەس سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە، بەڵام سزاکەیان جێبەجێنەکراوە. بە مشێوەیە: پارێزگای هەولێر 13 کەس، سلێمانی 9 کەس، دهۆک 12 کەس.

هەر بەپێی راپۆرتەکە لەساڵی 2002 تاوەکو 2008، 27 کەس لەپارێزگای هەولێر بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی لەسێدارە دراون، لە دهۆکیش تەنیا یەک کەس بەپێی هەمان مادە لەسێدارە دراوە، بەڵام لەشاری سلێمانی لەدوای راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا 32 کەس بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووەو هیچیان لەسێدارە نەدراون.

بەپێی ئەوەی کاتی خۆی بڵاوکرایەوە، لە دوای هەڵبژاردنی 1992 یەکەم حاڵەتی بەپەت لە سێدارەدان لەهەولێر لەکاتی حکومەتی هاوبەشدا ئەنجامدرا. بۆ ئەو لەسێدارەدانەش لەجیاتی کورسی، سندوقێکی دەنگدانی 1992 خرابووە ژێرپێیەکانی تاوانبارەکە، پۆلیسەکانی جێبەجێکەری سزاکە لە ژێرەوە خۆیان بەپێی تاوانبارەکەوە دەکرد بۆ گیان دەرچوونی. دوای تێپەڕینی 2 ساڵ چیرۆکی ئەو لەسێدارەدانە لە هەفتەنامەی گوڵان بڵاوکرایەوە لەژێر نێونیشانی (لەسەرەوە گوریس و لەژێرەوە پۆلیس).

زانا رووستایی، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی جێبەجێنەکرانی سزای لە سێدارەدان لەسلێمانی بۆ (رووداو) دووا گوتی سزای لەسێدارەدان لە سلێمانی هەیە" بەڵام تائێستا ئەو سزایانە جێبەجێنەکراون"، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە لەکاتی دوو ئیدارەییدا، کە مام جەلال سەرۆکی هەرێم بوو لە سلێمانی، بەهۆی مام جەلالەوە سزاکان جێبەجێنەکراون "چونکە پێشووتر پەسەندکردنی ئەو سزایە لەلایەن مام جەلالەوە راگیرابوو، بەهۆی ئەو پابەندیەی کە مام جەلال هەیەتی و واژۆی لەسەر نەهێشتنی سزای لەسێدارەدان کردووە و خۆی پابەند کردووە بەم رێککەوتننامەیەوە، ئێستاش دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی واژۆی سزاکان بکات، دیارە ئەویش تائێستا واژۆی لەسەر ئەو سزایانە نەکردووە". هەروەها ئاماژەی بەوەدا هەرچەندە لە هەولێر هەندێ لە سزاکانی لەسێدارەدان جێبەجێکراون، بەڵام هەندێ سزای دیکەی لە سێدارەدان کە ماوەیەکە دەرچوون هێشتا جێبەجێنەکراون، گوتیشی "داواکارییەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ راگرتنی سزای لەسێدارەدان لە کوردستان". رێکخراوی ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ بەردەوام ئەو داوایە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات.

وەزارەتی مافی مرۆڤ کە لەرووی پرەنسیپییەوە دژی سزای لە سێدارەدانە دەڵێ " ئەگەر سزای لەسێدارەدانی ئەو بەشەش لە حوکمدراوان کە ماون جێبەجێنەکرێت هەر باشە".

بەپێچەوانەی وەزیری مافی مرۆڤ، وەزیری داد لەگەڵ جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەداندایە و، دەڵێت " ئەو پێشنیازەی کەسزای لەسێدارەدان بمێنێت من لەئەنجوومەنی وەزیران کردم، چونکە لەقۆناخی ئێستادا و بەتایبەت بۆ کێشەکانی تیرۆرو هەندێک تاوانی زۆر توند پێم باشە سزای لە سێدارەدان هەبێت، بەڵام پاش ماوەیەکی دیکە لەوانەیە پێویستمان پێی نەبێت".

وەزیری مافی مرۆڤ دەڵێت" لەگەڵ ئەوەدام سزای لەسێدارەدان جێبەجێنەکرێت، تەنانەت پێم باشە ئەوانەی بڕیاری لەسێدارەدانیشیان بۆ دەرچووە بەسەریاندا جێبەجێنەکرێت".



**د.مه‌حمود عوسمان:**
**هێرشکردنه‌ سه‌ر ئێران ده‌بێته‌ کاره‌سات بۆ عێراق**

**رووداو- له‌نده‌ن**

**له‌ لیدوانێکدا بۆ رۆژنامه‌ی بلفاست ته‌له‌گرافی ئێرله‌نده‌ی، دوکتۆر مه‌حمود عوسمان ئه‌ندامی په‌رله‌مانی عێراق رایگه‌یاند که‌ هێرشکردنه‌ سه‌ر ئێران له‌لایه‌ن ئه‌مریکا یان ئیسرائیله‌وه‌ کاره‌ساتی بۆ ناوچه‌که‌ لێده‌که‌وێته‌وه‌، دوکتۆر مه‌حمود گوتی " ئه‌گه‌ر هێرشی له‌مجۆره‌ رووبدات ئه‌وه‌ ئێرانیش له‌به‌رامبه‌ردا تۆڵه‌ی خۆی به‌ په‌لاماردان وهێرشکردنه‌ سه‌ر عێراق ده‌کاته‌وه‌".**

## موحسین عه‌بدولحه‌مید سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی شورای ناوه‌ندی حیزبی ئیسلامیی عێراق:

# ناوبردنی PKK به‌تیرۆریست کارێکی زه‌حمه‌ته‌



**موحسین عه‌بدولحه‌مید، ئه‌میندارى گشتیی پێشووی حیزبی ئیسلامیی عێراق، که‌ به‌حیزبێکی ئیخوانی سوننی عێراق داده‌نرێ، کوردێکی که‌رکووکییه‌ پێیوایه‌ کێشه‌ی که‌رکووک شیاوی چاره‌سه‌ره‌، به‌ڵام کاتی ده‌وێ، باوه‌ڕیش ناکات سه‌رکردایه‌تی کورد له‌وباره‌وه‌ هیچ هه‌ڵه‌ی کردبێ و به‌پێچه‌وانه‌ی که‌سانی دیکه‌ پێیوایه‌ له‌به‌رئه‌وه‌ی کێشه‌ی که‌رکووک بومبێکی دانراوه‌و ده‌بێ زوو چاره‌سه‌ریکرێ نه‌ک دوابخرێ. له‌و هه‌ڤپه‌یڤینه‌دا موحسین عه‌بدولحه‌مید ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی حوکمی سه‌رده‌می بریمه‌ر ئه‌و پرسه‌ و چه‌ندین پرسی دیکه‌ رووند‌ه‌کاته‌وه‌:**

**رووداو: تۆ که‌ سه‌رۆکی حیزبی ئیسلامی عێراق بووی، بۆچی له‌و پۆسته‌دا نه‌مایت و ئێستا زۆر به‌که‌می له‌ میدیاکاندا ده‌رده‌که‌وی؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** له‌ سه‌رکردایه‌تی حیزبدا من له‌ ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێکردنه‌وه‌ چوومه‌ته‌ ده‌سه‌ڵاتی ته‌شریعی، من ئێستا سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی شورای ناوه‌ندیی حیزبم، سروشتی کاره‌که‌ی ئێستام وایه‌ که‌ زۆر ده‌رنه‌که‌وم و لێدوان نه‌ده‌م و خه‌ریکی دارشتنی سیسه‌می حیزب بم، سه‌رکردایه‌تی جێبه‌جێکار ئه‌و بڕیارانه‌ جێبه‌جێ ده‌کات که‌ ئێمه‌ له‌ ئه‌نجوومه‌نی شورا ده‌ریده‌که‌ین. له‌لایه‌کی دیکه‌شه‌وه‌ ماوه‌ی یه‌ک ساڵ و نیو بوو کوڕه‌که‌م و هاوسه‌ره‌که‌م نه‌خۆشبوون و له‌گه‌ڵ ئه‌وان له‌ده‌ره‌وه‌ی وڵات بووم.

**رووداو: به‌ڵام ده‌ڵێن تۆ له‌به‌رئه‌وه‌ی کوردی له‌ پۆستی سه‌رۆکایه‌تی حیزب دوورخراویته‌وه‌، ئه‌وه‌ راسته‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** من ئێستا به‌رزترین پۆستی سه‌رکردایه‌تیم هه‌یه‌ له‌نێو حیزبی ئیسلامیدا، که‌ ئه‌ویش سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی شورای ناوه‌ندییه‌، به‌پێی پله‌به‌ندییه‌کانی ناو حیزب به‌رزترین پله‌ی سه‌رکردایه‌تییه‌و ئه‌وانیتر له‌دوای من دێن. بۆیه‌ ئه‌و قسه‌یه‌ی که‌ گوایه‌ من کوردم هیچ په‌یوه‌ندییه‌کی به‌ مه‌سه‌له‌که‌وه‌ نییه‌. حیزبی ئیسلامی حیزبێکی نێونه‌ته‌وه‌یییه‌ نه‌ک نه‌ته‌وه‌یی، کوردو عه‌ره‌ب و تورکمان له‌نێو حیزبی ئیسلامیدا هه‌ن، بۆیه‌ ئه‌وه‌ی ده‌گوترێت دووره‌ له‌ڕاستی.

**رووداو: تۆ وه‌ک کوردێک که‌ خه‌ڵکی که‌رکووکی و ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی حوکمیش بووی، به‌ڕای تۆ سه‌رکردایه‌تی کورد سه‌ره‌وه‌ختی رووخاندنی رژێم و پاش رووخاندنی رژێمیش له‌مه‌سه‌له‌ی که‌رکووک له‌چیدا هه‌ڵه‌ی کرد؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** هه‌ڵه‌ له‌چیدا؟ کورد به‌درێژایی ژیانیان مه‌زڵووم بوونه‌و له‌لایه‌ن رژێمه‌کانی عێراقه‌وه‌ به‌تایبه‌تیش رژێمی به‌عس سه‌رکوت کراون، من پێموانییه‌ هیچ هه‌ڵه‌یه‌ک کرابێت، به‌ڵکو ئه‌و زوڵم و زۆردارییه‌ی له‌ کورد کراوه‌ کۆتایی هات و ئێستا به‌رگری له‌ به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی خۆیان ده‌که‌ن.

**رووداو: مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه‌ سه‌رکردایه‌تی کورد تا ئێستا نه‌یتوانیوه‌ ئه‌و ئامانجانه‌ بپێکێ که‌ خه‌باتی بۆ کردوون و هێشتا زۆر له‌و شتانه‌ی کورد به‌مافی خۆیانی ده‌زانێ به‌ده‌ستی نه‌هێناون؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** ئه‌وه‌ په‌یوه‌ندی به‌ بارودۆخه‌که‌وه‌ هه‌یه‌ نه‌ک به‌ هه‌ڵه‌کردنه‌وه‌، ئه‌و بارودۆخه‌ ئاڵۆزه‌ی که‌ هه‌یه‌ له‌وانه‌یه‌ هۆکاری سه‌ره‌کی بێت له‌وه‌دا که‌ کورد به‌هه‌موو ئامانجه‌کانی نه‌گه‌یشتووه‌، به‌تایبه‌تیش له‌ که‌رکووک. چونکه‌ کێشه‌ی که‌رکووک کێشه‌یه‌کی ئاڵۆزه‌و چاره‌سه‌رکردنی پێویستی به‌کاته‌، به‌ڵام سه‌باره‌ت به‌ئامانجه‌ گشتییه‌کان ده‌بینین سوپاس بۆ خوا بارودۆخی کوردستان زۆر زۆر باشه‌ و په‌یوه‌ندییان له‌گه‌ڵ به‌غدا به‌هێزه‌. چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی که‌رکووک مومکینه‌،به‌ڵام پێویستی به‌کاته‌ .ناکۆکییه‌کانی دیکه‌ش له‌گه‌ڵ به‌غدا، شتی ئه‌وتۆن که‌ ده‌توانرێ به‌گفتوگۆی به‌رده‌وام چاره‌سه‌ر بکرێن، به‌تایبه‌تیش ناکۆکی له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی نه‌وت یان ئه‌وانه‌ی په‌یوه‌ندییان به‌ داراییه‌وه‌ هه‌یه‌.

## ئێمه‌ دژی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی چه‌کدارین له‌گه‌ڵ حکومه‌تی ئه‌ردۆغان

**رووداو: له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی نه‌وت، زۆر له‌ به‌رپرسه‌ عێراقییه‌کان و به‌تایبه‌تیش وه‌زیری نه‌وت هه‌میشه‌ ئه‌وه‌ دووپات ده‌که‌نه‌وه‌ که‌ گرێبه‌سته‌ نه‌وتییه‌کانی کوردستان له‌گه‌ڵ کۆمپانیا بیانییه‌کان شه‌رعیه‌تیان نییه‌و حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان مافی ئه‌وه‌ی نییه‌ گرێبه‌ست له‌گه‌ڵ کۆمپانیای بیانییه‌کان ببه‌ستێ، رای تۆ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ چییه‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** ئه‌م کێشه‌یه‌ په‌یوه‌ندی به‌ تێگه‌یشتنی جیاوازه‌وه‌ هه‌یه‌ بۆ ده‌ستووری عێراق و هه‌ندێ له‌ ماده‌کانی ده‌ستوور، به‌گفتوگۆی به‌رده‌وام له‌نێوان حکومه‌تی کوردستان و به‌غدا له‌وانه‌یه‌ بتوانرێ چاره‌سه‌ر بکرێ،ده‌کرێ له‌ رێی لیژنه‌یه‌کی یاسایی ده‌ستوور بکرێته‌ دادوه‌ری چاره‌سه‌رکردنی.

**رووداو:تاریق هاشمی وه‌ک سه‌رۆکی حیزبی ئیسلامی رێککه‌وتننامه‌یه‌کی له‌گه‌ڵ پارتی و یه‌کێتی مۆرکرد، تۆ پێتوایه‌ به‌رژه‌وه‌ندی سه‌رکردایه‌تی کورد له‌وه‌دایه‌ له‌ سوننه‌ی عه‌ره‌ب نزیک بێته‌وه‌ یان هه‌ر له‌نێو ئه‌و هاوپه‌یمانێتیه‌ی ئێستایدا بمێنێته‌وه‌ له‌گه‌ڵ شیعه‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** وه‌ک پێشتریش گوتم حیزبی ئیسلامیی عێراقی حیزبێکی نه‌ته‌وه‌یی عه‌ره‌بی نییه‌، به‌ڵکو حیزبێکی عێراقییه‌، رێککه‌وتننامه‌ی ئێمه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و دوو لایه‌نه‌ کوردییه‌ بۆ به‌رژه‌وه‌ندیی هه‌موو عێراقییه‌کانه‌، رێککه‌وتننامه‌یه‌ک نییه‌ له‌نێوان دوو نه‌ته‌وه‌.

**رووداو: تاریق هاشمی چه‌ندین جار ئه‌وه‌ی دووباره‌ کردووه‌ته‌وه‌ که‌ پارتی کرێکارانی کوردستان رێکخراوێکی تیرۆریستییه‌و تورکیا مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه‌ لێیانبدات و هه‌رکاتێکیش عێراق له‌ڕووی سه‌ربازییه‌وه‌ ئاماده‌بوو ئه‌وا بۆ لێدانی PKK یارمه‌تی تورکیا ده‌ده‌ین، ئایا ئه‌مه‌ سیاسه‌تی حیزبی ئیسلامییه‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** ئه‌وه‌ رای تایبه‌تی خۆیه‌تی، به‌ڵام رای حیزب ئه‌وه‌یه‌ که‌ پارتی کرێکارانی کوردستان مافی ئه‌وه‌ی نییه‌ له‌نێو سنووری عێراقه‌وه‌ جموجوڵ بکات، چونکه‌ کێشه‌مان بۆ دروستده‌که‌ن و ده‌بنه‌ مایه‌ی تێکدانی په‌یوه‌ندییه‌کانی نێوان عێراق و تورکیا، ئه‌وان ئه‌گه‌ر ده‌یانه‌وێ خه‌بات بکه‌ن با بچن له‌ناو تورکیا بیکه‌ن. خاڵی دووه‌م ئه‌وه‌یه‌ که‌ حیزبی ئه‌ردۆگان مافێکی زۆری داوه‌ته‌ کورد، راسته‌ به‌درێژایی ساڵانی رابردوو کوردزوڵملێکراو بوونه‌، به‌ڵام ئێستا بارودۆخه‌که‌ گۆڕاوه‌و کورد ئه‌گه‌ر ده‌یانه‌وێ به‌هه‌موو مافه‌کانیان بگه‌ن ئێستا ئه‌و سه‌رده‌مه‌ نه‌ماوه‌ که‌ بتوانێ به‌چه‌ک به‌ده‌ستی بێنی، به‌ڵکو رێگه‌ی لێکگه‌یشتن و گرتنه‌به‌ری رێگای دیموکراسی و به‌شداریی له‌ هه‌ڵبژاردن و گوشاری سیاسی له‌سه‌ر هه‌موو ئاسته‌کان رێگایه‌کی گونجاوتره‌.

**رووداو: تۆ وه‌ک رای تایبه‌تی خۆت پێتوایه‌ PKK تیرۆریسته‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** ئه‌گه‌ر له‌ناو خاکی عێراقه‌وه‌ کێشه‌ بۆ عێراق و کوردستان دروست بکه‌ن، به‌ڵێ من به‌ رێکخراوێکی تیرۆریستیان ده‌زانم. به‌ڵام من ناتوانم بڵێم ئه‌وانه‌ تیرۆریستن، چونکه‌ داوای مافه‌کانی گه‌لێک ده‌که‌ن که‌ له‌سه‌رده‌می که‌مال ئه‌تاتورکه‌وه‌ له‌ تورکیا زوڵمیان لێده‌کرێت، به‌ڵام لایه‌نگری له‌و شێوازی خه‌باته‌ ناکه‌م که‌ به‌ توندوتیژی و رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی چه‌کداری بکرێت، ئێمه‌ دژی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی چه‌کدارین له‌گه‌ڵ حکومه‌تی ئه‌ردۆغان که‌ وێڕای ناڕه‌زایی زۆر لایه‌ن، دانی به‌زۆر له‌ مافه‌کانی کورد ناوه‌. پێموایه‌ ناوبردنی PKK به‌تیرۆریست کارێکی زه‌حمه‌ته‌، به‌ڵام ده‌بێت له‌خاکی عێراق بچنه‌ ده‌ره‌وه‌و لێره‌وه‌ په‌لاماری حکومه‌تی تورکیا نه‌ده‌ن.

**رووداو: ئێوه‌ به‌رامبه‌ر رێکخراوێکی وه‌ک موجاهیدینی خه‌لقیش هه‌مان هه‌ڵوێستتان هه‌یه‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** سیاسه‌تی ئێمه‌ له‌سه‌ر بنیاتنانی په‌یوه‌ندی دۆستانه‌ له‌گه‌ڵ وڵاتانی دراوسێ دامه‌زراوه‌، بوونی موجاهیدینی خه‌لق له‌ناو خاکی عێراق مایه‌ی مه‌ترسییه‌ بۆ په‌یوه‌ندییه‌کانی نێوان عێراق و ئێران، چونکه‌ له‌وانه‌یه‌ ئێران ئه‌وه‌ بکاته‌ بیانوویه‌ک بۆ ده‌ستتێوه‌ردان له‌کاروباری عێراق،له‌به‌ر ئه‌وه‌ به‌رده‌وامیدان بۆ په‌یوه‌ندییه‌کی دۆستانه‌ له‌نێوان هه‌ردوولا، پێویسته‌ موجاهیدینی خه‌لق له‌خاکی عێراق بچنه‌ ده‌ره‌وه‌.

**رووداو: تاریق هاشمی زوو زوو سه‌ردانی ئه‌نقه‌ره‌ ده‌کات، ده‌توانی پێمانبڵێی جۆری ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ چییه‌ که‌ له‌نێوان ئێوه‌و تورکیا هه‌یه‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** هه‌ر له‌وکاته‌ی من سه‌رۆکی حیزب بووم، به‌رده‌وام سه‌ردانی تورکیامان ده‌کرد و دوای منیش تاریق هاشمی درێژه‌ی به‌و په‌یوه‌ندییه‌ داوه‌، ئه‌مه‌ش له‌وه‌وه‌ هاتووه‌ که‌ ئێمه‌ پێمانوایه‌ تورکیا به‌وقورساییه‌ی له‌ ناوچه‌که‌دا هه‌یه‌تی دۆستی خه‌ڵکی عێراق بێت و یارمه‌تیمان بدات بۆئه‌وه‌ی له‌ داگیرکاری رزگاربین و بتوانین ئاشتی و سه‌قامگیری بۆ عێراق بگێڕینه‌وه‌و له‌ڕێی کۆمپانیاکانیه‌وه‌ به‌شداریی له‌ بووژاندنه‌وه‌ی ئابووری عێراق بکات. ئێمه‌ هه‌ڵوێستی حکومه‌تی تورکیا له‌عێراق به‌رز ده‌نرخێنین.

**رووداو: ئه‌ی ئه‌و ده‌ستتێوه‌ردانه‌ به‌رده‌وامه‌ی تورکیا له‌ کاروباری عێراق و له‌شکرکێشی و هه‌ڕه‌شه‌ سه‌ربازییه‌کانی، یان ئه‌و قسانه‌ی له‌باره‌ی که‌رکووکه‌وه‌ ده‌یکه‌ن؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** قبووڵی ناکه‌ین، ئێمه‌ ده‌ستتێوه‌ردانی هیچ ده‌وڵه‌تێک له‌کاروباری عێراق قبووڵ ناکه‌ین، ده‌مانه‌وێ په‌یوه‌ندییه‌کانمان له‌گه‌ڵ وڵاتانی دراوسێ له‌سه‌ر بنه‌مای رێزگرتن له‌سه‌روه‌ری و ده‌ستوه‌رنه‌دان له‌کاروباری یه‌کدی بنیات بنێین.

**رووداو: تۆ له‌وبڕوایه‌دای که‌رکووک بگه‌ڕێته‌وه‌ سه‌ر کوردستان، وه‌ک ئیسلامیه‌ک و وه‌ک که‌سێکی که‌رکووکی چۆن له‌و کێشه‌یه‌ ده‌ڕوانی؟**

## کێشه‌ی که‌رکووک ئه‌گه‌ر زوو چاره‌سه‌ر نه‌کرێ ده‌ته‌قێته‌وه‌

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** من ده‌ڵێم پێش هه‌رشتێک ده‌بێت دۆخی شاره‌که‌ ئاسایی بکرێته‌وه‌، دوای ئه‌وه‌ هه‌رچی عه‌ره‌بی که‌ سه‌دام به‌مه‌به‌ستی گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری که‌رکووک هێناونی، ده‌بێت بگه‌ڕێنه‌وه‌ شوێنی پێشوویان و ده‌بێت به‌شێوه‌یه‌کی عادیلانه‌ش قه‌ره‌بوو بکرێنه‌وه‌، پاشان ده‌بێت ریفراندۆمێکی گشتی به‌چاودێریی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان ئه‌نجامبدرێ و ئه‌نجامی ئه‌و راپرسیه‌ ئه‌وه‌ یه‌کلایی بکاته‌وه‌ که‌ پارێزگای که‌رکووک ده‌که‌وێته‌ سه‌ر کام لا.

**رووداو: ئه‌وه‌ رای تایبه‌تی خۆته‌ یان حیزبی ئیسلامیش به‌شێوه‌یه‌کی گشتی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ن عه‌ره‌بی هاورده‌ بگه‌ڕێنه‌وه‌ شوێنی پێشوویان؟**

## حیزبی ئیسلامی لایه‌نگری گه‌ڕاندنه‌وه‌ی عه‌ره‌به‌ هاورده‌کانه‌

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** به‌ڵێ ئه‌وه‌ رای حیزبیشه‌، ئێمه‌ به‌هیچ شێوه‌یه‌ک لایه‌نگری ئه‌و هه‌نگاوانه‌ نین که‌ سه‌دام و رژێمی پێشوو بۆ ته‌عریبی هه‌ندێ ناوچه‌ ناویانه‌. ئه‌وه‌ی له‌ که‌رکووکدا کراوه‌ ته‌عریبێکی مه‌ستداربووه‌ بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئه‌و شاره‌، دابه‌شکردنی قه‌زاکانیشی به‌سه‌ر پارێزگاکانی دیکه‌دا بۆ هه‌مان مه‌به‌ست بووه‌.

**رووداو: ده‌گوترێ ئه‌و راپۆرته‌ی ستیفان دیمستورا له‌باره‌ی "ناوچه‌ ناکۆکی له‌سه‌ره‌کان" پێشکێشی کرد، له‌بنه‌ڕه‌تدا پرۆژه‌ی ئه‌مریکایه‌و ئیداره‌ی ئه‌مریکاش ده‌یه‌وێت ئه‌و کێشه‌یه‌ به‌چاره‌سه‌رنه‌کراوی بمێنێته‌وه‌، رای تۆ چییه‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** ئه‌مریکا ئه‌گه‌ر بیویستبایه‌ که‌رکووک بگه‌ڕێته‌وه‌ سه‌ر هه‌رێمی کوردستان، کێشه‌که‌ به‌م ئاراسته‌یه‌ی ئێستادا نه‌ده‌ڕۆیشت.

**رووداو: مه‌به‌ستت ئه‌وه‌یه‌ ئه‌مریکا هۆکاره‌ له‌وه‌ی که‌رکووک نه‌گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ سه‌ر هه‌رێمی کوردستان؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** ئه‌مریکا ده‌یه‌وێ پارێزگاری له‌م هاوسه‌نگییه‌ی ئێستا بکات، نایه‌وێ راشکاوانه‌ لایه‌نگری لایه‌نێک بکات دژی لایه‌نێکی دیکه‌.

**رووداو: به‌ڕای تۆ مه‌سه‌له‌ی که‌رکووک به‌ره‌و کام ئاراسته‌ ده‌ڕوات؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** من پێموایه‌ ئه‌وه‌ بۆمبێکی ته‌وقیتکراوه‌ و بۆ ئه‌وه‌ی نه‌ته‌قێ ده‌بێت په‌له‌ له‌ چاره‌سه‌رکردنی بکرێت و نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتووه‌کان سه‌رپه‌رشتیی بکات.

**رووداو: به‌ڕای تۆ کێن ئه‌و لایه‌نانه‌ی به‌رپرسن له‌ چاره‌سه‌رنه‌کردنی ئه‌و کێشه‌یه‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** بێگومان ناتوانین بڵێین هه‌موو لایه‌نه‌کان کۆکن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که‌رکووک بخرێته‌ سه‌ر کوردستان، دیاره‌ ئه‌و برا عه‌ره‌بانه‌ی ناو که‌رکووک دژی ئه‌وه‌ن، هه‌روه‌ها برایانی تورکمان به‌هه‌مان شێوه‌ دژی ئه‌وه‌ن، به‌ڵام دواجار عه‌داله‌ت وا ده‌خوازێ که‌ ئه‌و هه‌نگاوانه‌ی له‌ ماده‌ی 140دا هاتوون به‌شێوه‌یه‌کی عادیلانه‌ جێبه‌جێ بکرێن و ئه‌و کێشه‌یه‌ یه‌کلایی بکرێته‌وه‌.

**رووداو: تاریق هاشمی یه‌کێکبوو له‌ دیارترین ئه‌و که‌سانه‌ی به‌رگریی له‌ سوڵتان هاشم کردو دژی ئه‌وه‌یه‌ سزای له‌سێداره‌دانی جێبه‌جێ بکرێ، ئایا ئه‌وه‌ هه‌ڵوێستی تایبه‌تیی خۆیه‌تی یان حیزبی ئیسلامیش له‌سه‌ر هه‌مان رایه‌؟**

**موحسین عه‌بدولحه‌مید:** ئه‌وانه‌ شتی تاکه‌که‌سین و حیزب ده‌ست له‌و شتانه‌ وه‌رنادات، حیزب له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یه‌ مامه‌ڵه‌ی عادیلانه‌ له‌گه‌ڵ هه‌مووان بکرێت.

## به‌تۆمه‌تی گه‌نده‌ڵی له‌ پرۆگرامی نه‌وت به‌ خۆراکی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کاندا

# حکومه‌تی عێراق ده‌یان کۆمپانیای جیهانی ده‌داته‌ دادگا

**رووداو- ئاژانسه‌کان**

به‌تۆمه‌تی دانی به‌رتیل له‌چوارچێوه‌ی پرۆگرامی نه‌وت به‌رامبه‌ر خۆراکی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کاندا، حکومه‌تی عێراق هه‌فته‌ی رابردوو داوای یاسایی دژی ده‌یان کۆمپانیای گه‌وره‌ی جیهان تۆمارکرد.

داوا یاساییه‌که‌ داوای قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ له‌و کۆمپانیایانه‌ ده‌کات که‌ لیژنه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌ی سه‌ر به‌ رێکخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان UN به‌تۆمه‌تی فرۆفێڵکردن له‌گه‌لی عێراق و بێبه‌شکردنیان له‌ داهاته‌کانی ئه‌و پرۆگرامه‌ی رێکخراوه‌که‌ لێکۆڵینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ کردوون.

ئه‌و پرۆگرامه‌ که‌ له‌ساڵی 1996 تا 2003 درێژه‌ی کێشا بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی شوێنه‌واره‌کانی ئه‌و سزا ئابووریانه‌ دامه‌زرا که‌ ئه‌نجوومه‌نی ئاسایشی نێوده‌وڵه‌تی پاش داگیرکردنی کوێت له‌ساڵی 1990 خستبوویه‌ سه‌ر عێراق.

به‌گوێره‌ی ئه‌و داوا یاساییه‌ی حکومه‌تی عێراق به‌رزی کردووه‌ته‌وه‌، چه‌ندین ملیار دۆلار که‌ ده‌بوایه‌ له‌به‌رامبه‌ر فرۆشتنی نه‌وتدا بدرێنه‌ پێداویستی مرۆیی و بگه‌یێندرێنه‌ ده‌ست خه‌ڵکی عێراق، له‌نێوان رژێمی سه‌دام و ئه‌و کۆمپانیانه‌دا ون بوونه‌.

داوا یاساییه‌که‌ جگه‌ له‌ناوی کۆمپانیای شیفرۆن که‌ یه‌کێک له‌ گه‌وره‌ترین کۆمپانیاکانی نه‌وته‌، ناوی هه‌ریه‌ک له‌ (ئۆسکار وایت) و (دێیڤید چامبرز)ی هێناوه‌ که‌ دوو له‌ گه‌وره‌ سه‌رمایه‌دارانی نه‌وتن له‌ ولایه‌تی تێکساس و هه‌ردووکیان دانیان به‌وه‌ داناوه‌ که‌ ملیۆنان دۆلاریان وه‌ک به‌خشیش داوه‌ته‌ رژێمی عێراق.




به‌پێی ئه‌و لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ی که‌ له‌لایه‌ن لیژنه‌ی راسپێردراوی UN وه‌ ئه‌نجامدراوه‌، پۆل فۆلکه‌ر سه‌رۆکی پێشووی ئه‌نجوومه‌نی یه‌ده‌گی فیدراڵیی ئه‌مریکی سه‌رۆکایه‌تی کردووه‌، 2200 کۆمپانیا که‌ سه‌ر به‌ 66 ده‌وڵه‌تن به‌شداریی گه‌نده‌ڵییه‌کانی ئه‌و پرۆگرامه‌یان کردووه‌و له‌و چوارچێوه‌یه‌دا 1ملیارو 800 ملیۆن دۆلاریان وه‌ک به‌خشیش داوه‌ته‌ به‌رپرسه‌ عێراقییه‌کان بۆئه‌وه‌ی پشکێکیان له‌و دزییه‌ به‌ربکه‌وێ.

عه‌لی ده‌باغ، وته‌بێژی حکومه‌تی عێراق له‌وباره‌وه‌ رایگه‌یاند، عێراق مکوڕه‌ له‌سه‌رئه‌وه‌ی لێپرسینه‌وه‌ له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و کۆمپانیایانه‌ بکرێت که‌ به‌شێوه‌یه‌کی نایاسایی سوودیان له‌و پرۆگرامه‌ وه‌رگرتووه‌. ده‌باغ دووپاتیشی کردووه‌ که‌ داوای یاسایی دژی هه‌موو ئه‌وانه‌ی پرۆگرامه‌که‌یان

## 2200 کۆمپانیای جیهان به‌شداریی گه‌نده‌ڵییه‌کانی پرۆگرامی نه‌وت به‌ خۆراکیان کردووه‌

ئیستیغلال کردووه‌و به‌رتیلیان داوه‌و خۆراک و پێداویستیی زۆر خراپیان به‌نرخێکی گران داوه‌ته‌ عێراق، ده‌داته‌ دادگاکانی ئه‌مریکا.

وته‌بێژه‌که‌ی حکومه‌تی عێراق دووپاتیشی کردووه‌ که‌ خه‌ڵکی عێراق به‌هۆی ئه‌و گه‌نده‌ڵییه‌وه‌ زیانێکی زۆری پێگه‌یشتووه‌و مافی حکومه‌تی عێراقه‌ داوای قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ له‌و کۆمپانیایانه‌ بکات.

ئه‌وه‌ی تائێستا ئاشکرا کراوه‌، ئه‌وه‌یه‌ که‌ ده‌زگایه‌کی پارێزه‌ریی ئه‌مریکی له‌ ولایه‌تی تێکساس بۆ به‌رزکردنه‌وه‌ی داوا یاساییه‌کان و به‌دواداچوونی کێشه‌که‌ نوێنه‌رایه‌تی حکومه‌تی عێراق ده‌کات و له‌و چوارچێوه‌یه‌دا هه‌فته‌ی رابردوو له‌ به‌غدا ئه‌و وه‌کاله‌تنامه‌یه‌ له‌نێوان حکومه‌تی عێراق و ده‌زگاکه‌دا ئیمزاکراوه‌. ئه‌م هه‌نگاوه‌ی حکومه‌تی عێراق پاش چه‌ند رۆژێکی که‌م له‌ ناردنی ئه‌و پرۆژه‌ یاسایه‌ دێت که‌ حکومه‌ت له‌باره‌ی دامه‌زراندنی سندوقی گێڕانه‌وه‌ی پاره‌کانی عێراقه‌وه‌ پێشکێشی په‌رله‌مانی کردووه‌.

له‌چوارچێوه‌ی پرۆگرامی نه‌وت به‌خۆراکدا، رژێمی سه‌دام حوسێن له‌نێوان ساڵانی- 1996 2003دا نزیکه‌ی 3.4 ملیار به‌رمیل نه‌وتی ره‌وانه‌ی ده‌ره‌وه‌ی عێراق کردووه‌ که‌ بایی 65 ملیار دۆلار بووه‌. به‌شێکی ئه‌م پاره‌یه‌ ته‌رخانبووه‌ بۆ پڕکردنه‌وه‌ی پێداویستییه‌کانی خه‌ڵکی عێراق و به‌شێکی دیکه‌شی ته‌رخان بووه‌ بۆ قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی زیانه‌کانی جه‌نگی که‌نداو، ئه‌م پاره‌یه‌ چووه‌ته‌ سندوقی قه‌ره‌بووه‌کان به‌ رێژه‌ی 25% له‌کانوونی یه‌که‌می ساڵی 2000ه‌وه‌، هه‌روه‌ها به‌شێکی دیکه‌ی ته‌رخان بووه‌ بۆ خه‌رجییه‌کانی ئیداره‌ی پرۆگرامه‌که‌و جێبه‌جێکردنی له‌لایه‌ن UN وه‌ که‌ رێژه‌که‌ی 42.2% بووه‌و رێژه‌یه‌کی دیکه‌ش که‌ 0.8% بووه‌ و تایبه‌ت بووه‌ به‌ خه‌رجییه‌کانی لیژنه‌ی پشکنین.



## تاریق هاشمی : کەرکووکمان نەفرۆشتووە

ڕووداو-الفرات

◆ لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (الفرات)، تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنی پارتی ئیسلامی لەگەڵ پارتی و یەکێتی یاداشتێکی لێک تێگەیشتنی گشتییەو هیچ پێیەندبوونێکی سیاسی تێدانییە، هاشمی بەتووندی ڕەخنەی لەوانە گرت کە دەڵێن پارتی ئیسلامی، بەو ڕێککەوتنە کەرکووک و موسڵی فرۆشتووە و گوتی" ئەوانەی دەڵێن حیزبی ئیسلامی کەرکووک و سێبەشی موسڵی فرۆشتووە خەڵکێکی هەرچی وپەرچین و راگەیاندنێکی گومان لێکراو لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو قسەوقسەڵۆکانەیە".

### 18 پەرلەمانتاری ئەڵمان پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باکووری کوردستان ئامادە دەکەن

# بۆردومانکردنی قەندیل پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە

**ڕووداو– ANF**

18 ئەندام پەرلەمانی ئەڵمان کە د. نورمەن پایچ و ئۆسکار لافۆنتاینیشیان تێدایە بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد لەباکووری کوردستان پێشنیازنامەیەکی شەش خاڵیان پێشکێشی پەرلەمانی ئەڵمانیا کرد.

پەرلەمانتارەکان لە پێشنیازنامەیە 6 خاڵییەدا کە پێشکێشی پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیایان کردووە، داوا دەکەن کێشەی کورد بخرێتە ئەجێندای گفتوگۆکانی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا EUدا و، داوا دەکەن جیاکاری لەدژی کوردان لەئەڵمانیا نەمێنێت و، جاشایەتیش لەباکووری کوردستان هەڵبوەشێندرێتەوە.

ئەو 18 پەرلەمانتارە دەڵێن نزیکەی15 ملیۆن کورد لە تورکیا دەژین و ئەو ڕێژەیەش %20ی دانیشتووانی تورکیا پێکدێنێت، هەروەها دەڵێن" کورد گەورەترین کەمینەی تورکیایە، حکوومەتی تورکیا تائێستا مافە سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکانی گەلی کورد نادات، بەو هەڵوێستەشی خۆی نەتەنیا مافی نەتەوەیی بەڵکو پێوەرەکانی کۆپنهاگنیش پێشێل دەکات. لەراپۆرتی پێشکەوتنی یەکێتی ئەورووپای ساڵی2007دا ئاشکرابوو کە تورکیا خاڵە بنچینەییەکانی پێوەرەکانی کۆپنهاگنی جێبەجێنەکردووە" .یەکێتی ئەورووپا پێوەرەکانی کۆپنهاگنی وەک مەرجی ئەندامێتی تورکیا لەEU داناون.

### یەکێتی ئەورووپا خۆی لە کێشەکە نادات

پەرلەمانتاران رایانگەیاندکە تورکیا بەباشی ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ ناگرێت و مافی کەمینەکانیش پێشێل دەکات و، داوایان کرد لە تورکیا کرد ڕێز لەمافی کورد بگرێ بۆ مسۆگەرکردنی داهاتووی خۆی. ئەو پەرلەمانتارانە دەستنیشانیان کرد کە یەکێتی ئەورووپا بەباشی خۆی لە کێشەی کورد نادات، بۆیە داوایانکرد کە لەقۆناخەکانی داهاتووی دانووستانەکانی ئەندامێتی تورکیا لەو یەکێتیەدا، ئەو کەموکوڕییانەی چارەسەر بکات.

ئەو پرۆژەیەی پەرلەمانتارانی ئەڵمان هاوکات بوو لەگەڵ بڕیاری قەدەخەکردنی کاری تەلەفزیۆنی ڕۆژ لە ئەڵمانیا .

ئەو ئەندام پەرلەمانە ئەڵمانانە دەڵێن، پارتی دادو گەشەپێدان AKP بەسەرۆکایەتی ئەردۆغان،هیچ گۆڕانێکی لەبارەی ڕەوشی کوردان ئەنجامنەداوە.

بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو پەرلەمانتارانە پێیانوایە، چوونی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیDTP بۆ پەرلەمان دەرفەتێکی گرنگە بۆ چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی کورد، بەڵام حکوومەتی تورکیا مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانتارانیDTP ناکات.

### بۆردومانکردنی قەندیل پێشێلکردنێکی یاسا نێودەوڵەتییەکانە

پەرلەمانتاران هەروەها هێرشەکانی سوپای تورکیایان لەنێوان کانوونی2007 و ئاداری2008 بۆسەر باشووری کوردستان و گەریلاکان بەبیرهێنایەوە.

ئەو18 ئەندام پەرلەمانە لەپێشنیازنامەکەیاندا دەڵێن" بۆردوومانکردنی چیاکانی قەندیل لەناو سنوورەکانی عێراقدا نە تەنیا بەزاندنی سنووری وڵاتێکی دراوسێیە، بەڵکو هاوکات پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانیشە. ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنانە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە دەوڵەتی تورکیا بۆ کێشەی کورد هێشتا مێتۆدی شکستخواردووی سەربازی بەکاردێنێت" . پەرلەمانتاران هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە چەندین ئاگربەستی PKK لەلایەن سوپای تورکیاوە ڕەتکراونەتەوەو، لە پێشنیازنامەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە کە "کوشتنە بکەر نادیارەکان" و ئەشکەنجەدان لەتورکیا درێژەیان هەیە.

بەقسەی پەرلەمانتاران بوونی چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد لە ئەجێندای دانووستانی ئەندامێتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا شانسێکی گرنگە" تورکیا نەک بەدڵی خۆی بەڵکو بەپشتگیری و گوشاری وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا دەستی بەهەندێک چاکسازی کرد، جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییانە دەتوانێت قۆناغی دیموکراتیکبوون بەهێزتر بکات"، ئەو پەرلەمانتارە ئەڵمانانە ڕەخنە لە حکومەتەکەشیان دەگرن و دەڵێن " لەقۆناخی دانووستانەکانی یەکێتی ئەورووپادا حکوومەتی ئەڵمانیا بەباشی باسی کێشەی کورد نەکردووە" . هەروەها دەڵێن ئەڵمانیا بەردەوامە لە چەک فرۆشتن بە تورکیا، کە ئەو چەکانە لەشەڕ دژی کورد بەکاردێن، هەروەها ئەڵمانیا بەجیاکارییەوە لەپرسی کورد نزیک دەبێتەوە.

پەرلەمانتارانی ئەڵمان وەها باس لەو جیاکارییانە دەکەن کە لە ئەڵمانیا بەرامبەر کورد دەکرێن "لەبەر ئەوەی زمانی کوردی هێشتا قبووڵنەکراوە لەشوێنە ڕەسمی و دادگاکاندا خزمەتی وەرگێڕی کوردی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا قەدەخەبوونیPKK کوردانی سیاسی و چالاکڤان تاوانبار دەکات. ئەو ڕێکخستنانەش کە بۆ دەستەبەرکردنی مافی کورد کار دەکەن بە بەردەوامی گوشارێکی زۆریان لەسەرە".

### خاڵەکانی پرۆژەکە

1–کار لە حکوومەتی تورکیا بکرێ بۆئەوەی هێرشی ئاسمانی و وشکانی بۆ سەر باکووری عێراق ئەنجامنەدات.

2–بۆ ئەوەی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا کێشەی کورد باشتر بخاتە ناو ئەجینداکەیەوە هەوڵبدرێت لەدانووستانەکانیشدا ئەو داواکارییانە لەتورکیا بکرێن:

A .دەست لە زوڵم و زۆری سەربازی کە لەسەر کورد ئەنجامدەدرێت هەڵبگیرێت و ڕەوشی نائاسایی کۆتایی پێبهێدرێ .

B .کێشەی کورد وەک کێشەی تیرۆر تەماشانەکرێت و ئاگربەستێکی دوولایەنە بۆ چارەسەری ئاشتییانە بخولقێندرێت.

C .دەبێ ئەو خاڵە سزایانە کە کەمینەکان پشتگوێ و تاوانبار دەکات، ڕێگا لە مافی مسۆگەرکردنی داهاتووی کەلتووری، ئازادی بیروڕا، خەباتی ڕێکخراوە سیاسی و ژیان بەپێی بیروڕای خۆی دەگرێ، هەڵبوەشێندرێنەوە.

D .ئەو کەسانەی لەبەر ئەو مادانە دەستگیرکراون ئازاد بکرێن و ئەو دۆزانەی کە ئێستا هەن بەتاڵبکرێنەوە.

E .سیستەمی پارێزوانی گوندان (جاشایەتی) هەڵبوەشێندرێتەوە، تێکەڵی ژیانی سیاسی بکرێن و ئەو مرۆڤانەی کە هەمووماڵیان تاڵانکراوە، ماڵ و موڵکەکانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە.

F .بەرنامەی بەرفراوانی گەڕانەوە دابندرێ بۆ ئەو خەڵکانەی بەناچاری کۆچبەر بوونە و، قەرەبووی زیانەکانیان بکرێتەوە و ئەو زیانانەی بەهۆی شەڕەوە دروست بوون چارەسەر بکرێن.

G .دەبێ گۆڕان لەیاسای هەڵبژاردندا ئەنجامبدرێت، مەرجی بەدەستهێنانی ڕێژەی %10ی دەنگەکان لابدرێ لەو یاسایە و کۆسپ لەبەردەم دامەزراندنی پارتەکاندا دروستنەکرێ.

H .دەستوورێکی بنچینەیی نوێ و دیموکراتی کە گوزارشت لە ژیانی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا بکات، بنووسرێتەوە.

3–دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد ڕاوەستێنرێت و مافی نیشتەجێبوونی بێ دیاریکردنی کاتیان پێبدرێت.

4– پێویستە زمان و کەلتووری کوردی لەهەموو سیاسەتەکانی تێکەڵاوی ڕزگار بکرێت و بەتایبەتیش پەروەردە بەزمانی زکماگی بۆ کورد بەفەرمی بناسرێت.

5–تا تورکیا دان بە مافی یەکسانیی هەموو کەمینەکان نەنێت، فرۆشتنی چەک بەو وڵاتە ڕابگیردرێت.

6– بەبەشداری ئەکتەرە گرنگەکان، بوار بۆ دەستپێشخەری چارەسەری دیموکراتی و ئاشتییانەی کێشەی کورد خۆشبکرێت. بەبەشداری نوێنەری هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پارتەکان بەتایبەتDTP ڕەوشێک دروست بکرێت بۆ کۆتایی هێنان بە بەرگری چەکدارانە و لێبوردنێکی سیاسی دەربکرێت و پارتە کوردەکان بەتایبەتی PKK لەڕەوشی تاوانباری بوون دەربخرێت و حکوومەتی ئەڵمانیاش بۆ ئاشتی لەهەرێمەکەدا هەوڵبدات.



پەرلەمانی ئەڵمانیا (بوندستاگ)

(فۆتۆ:ڕووداو)

# دار بەڕووەکان بەپێوە دەمرن

### 46 ساڵە نیو ملیۆن کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بێ ناسنامەن



عەبدولڕەحمان عەلی
ebdulrahman@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

هۆزان قامشلۆیی، خەڵکی گوندێکی دەوروبەری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستانە (بەشە کوردستانی بندەستی سوریا)، بێ ئاگا لەوەی کە ناسنامەکەی لێوەردەگیرێتەوە، لەلایەن دەوڵەتی سووریاوە لەگەڵ خەڵکی گوندەکە سەر ژمێری دەکرێن، دوای دوو ڕۆژ لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی سوریاوە پێی ڕادەگەیێندرێت کە ئەو چیتر خاوەن ناسنامەی سووری نییە.

هۆزان قامشلۆیی، یەکێکە لەو هەزاران کوردەی ڕۆژئاوای کوردستان، کە حکومەتی سوریا بەبیانووی ئەوەی ئەوان خەڵکی سوریا نین، لەکاتی سەرژمێری ساڵی 1962 وەتاوەکو ئێستا بێ ناسنامە کراون . هۆزان ئێستا لەباشوری کوردستان سەرقاڵی کرێکارییە.

هۆزان دەڵێت "بڕوا ناکەم لەجیهاندا کەس بەقەد ئێمە ئازاری چێشتبێت، پێماندەڵێن (ئەجانب، مەکتووم، حەیوان)، بەڵام ئێمە هەر بەرخۆدان دەکەین، بە پارەیەکی کەم لەشارە عەرەبییەکانی سوریا قورسترین کارمان پێدەکەن" . بەشار ئەسەد لە دوو ساڵی ڕابردوودا دووجار بەڵێنی چارەسەری گرفتی بێ ناسنامەیی ئەو هاووڵاتیانەی دا و خاوەن بەڵێن نەبوو.هۆزان دەڵێ "ئێمە داوای ناسنامەی کوردیمان نەکردووە، تەنیا دەڵێین وەک مرۆڤ سەیرمان بکەن و لانیکەم ناسنامە سورییەکەمان بدەنەوە ".

ناوی فەرمیی دەوڵەتی سوریا (کۆماری عەرەبیی سوریا)یە و، لەناسنامەی هەموو هاووڵاتییەکی سوریادا نووسراوە (هاووڵاتی عەرەبی ....) واتە هەموو هاووڵاتییەک لە سوریا بەعەرەب حساب دەکرێ.

بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی سوریا کە لە5/10/1962دا دەرچووە بەبیانووی ئەوەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی سوریاوە هاتوونەتە ئەو وڵاتە ناسنامەی سوری لەزیاتر لە 150000 کوردی ڕۆژئاوا وەرگیرایەوەو تا ئێستاش ئەو کوردانە وەک (اجانب- بیانی) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و، لەمافی موڵکداری و خوێندنی زانکۆ و هەموو مافێکی هاووڵاتیبوون بێبەشکراون.

هۆزان دەڵێ ئەوبڕیارەی سوریا دەستپێکێک بووە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردیی پارێزگای حەسەکە.پارتە کوردییەکانی سوریاش، کە هەموویان بەناوی پارتی کوردییەوەن نەک کوردستانی نەیانتوانیوە فشارێک بۆ چارەسەری کێشەی ئەو 150 هەزار کەسە کە ئێستا بوونەتە 500هەزار کەس دروستبکەن لە سەر دەوڵەت.

هۆزان بەتووڕەییەوە باس لەڕەوشی پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات "ئەوانە دەنگی هەژاران نابیستن و لەجیاتی ئەوەی بیر لەدۆزی نەتەوەیی کورد بکەنەوە هەر خەریکی شەڕە حزبیەکەی خۆیانن و خۆشیان لە بەرامبەر عەرەبدا پێ کەمە".

بەپێی برگە (ج)ی یاسای ڕەگەزنامەی سوری ژمارە276ی ساڵی 1969، ناسنامەی سوری دەدرێتە ئەو کەسانەش کە دایک و باوکیان دیار نییەو بێ ڕەگەزنامەن، تەنانەت ئەگەر بیژووش بن بەمەرجێک لەسوریادا لەدایکبوو بن. کەچی ئەو یاسایەش تەنیا بۆ عەرەبانەو کوردان ناگرێتەوە.

د.فوئاد عومەر سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD دەڵێ "پرسی وەرگرتنەوەی ناسنامە لەئەنجامی سیاسەتی نکۆڵیکردن لەدۆزی کورد دا هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتیش لەو سەردەمەدا شەڕی ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانیش دەستیپێکردبوو، عەرەبە شۆڤینییەکان لەوە دەترسان کە کورد ببێتە خاوەن ناسنامەو داوای پارچەکردنی وڵاتی سوریا بکات".

سەرۆکیPYD پێیوایە ڕژێمی سوریا نایەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکات "چونکە خاوەن بیرۆکەو هەڵگری پرۆژەیەکی دیموکراتی نییەو زۆرترین هەوڵی بۆ ئەوەیە ناسنامەیەکی عەرەبی بداتە سوریا".

بەپێچەوانەی کوردانی ڕۆژئاوا کە دەڵێن پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوا ناچالاکن، فوئاد عومەر دەڵێت پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان تێکۆشەرن "بەڵام پرسی کوردانی بێناسنامە لەئەجێندای کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا مامەڵەی پێوە دەکرێت، یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان تائێستا لەو بواردا بێدەنگیان هەڵبژاردووە".

بەپێی قسەی عەلی شەمدین، نوێنەری پارتی پێشڤەڕۆی کورد، ژمارەی کوردانی بێناسنامە لەسوریا لەساڵی1962وە تا ئێستا گەیشتووەتە زیاتر لە500 هەزار کەس.

سەبارەت بەبەڵێنەکانی بەرپرسانی پارتی بەعس بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردانی بێناسنامە عەلی شەمدین گوتی"هەرچەند بەشار ئەسەدیش چەندینجار گووتوویەتی کە چارەسەری دەکەین، بەڵام هیچ جۆرە چارەسەرییەک لەگۆڕێ نییەو بەس بەڵێنی درۆزنانە دەدرێت و خەریکن لەپێش چاوی جیهان نیو ملیۆن کورد بەساخی دەمرێنن".

هەروەها گوتی"بەشار و بەرپرسانی حکوومەت کە دێنە کوردستان دەڵێن با بگەڕێینەوە دیمەشق بۆتان چارەسەردەکەین، بەداخەوە کاتێکیش دەگەڕێنەوە لەبیر خۆیانی دەبەنەوە".

شەمدین دەڵێ، ئەو کێشەیە گەیێندراوەتە ئەورووپا و ئەمریکاش" کاتێک ئەو پرسە بەهەر لایەنێکی ئەورووپی و ئەمریکی یان هەر لایەنێکی دیکەو بگرە بەخودی بەشار ئەسەد گوتراوە هەموویان بەرسڤیان ئەوە بووە کە زوڵمێکی گەورەیەو دەبێ چارەسەر بکرێت، بەڵام بەکردەوە هیچ هەنگاوێکیان نەهاوێشتووە".

هەر لەوبارەیەوە نوری بریمۆ بەرپرسی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (ئەلپارتی) گوتی هەندێ کەس هەن ناسنامەیان هەیە، بەڵام ناسنامە وەرگیراوەتەوە.

سەبارەت بە بەڵێنەکانی حکوومەتی بەشار ئەسەد، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردانی بێناسنامە، نوری بریمۆ دەڵێ"حکوومەت جگە لەبەڵێنی درۆزنانە هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ گەڕانەوەی ناسنامەکان نەناوەو بەداخەوە سەرکردایەتی کورد لەسوریا تا ڕاپەڕینی 2004ی قامشلۆ لەو بڕوایەدا بوون کە حکوومەتی بەعس ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات، بەڵام ئێستا هیچ بڕوایەکمان بەحکوومەتی بەعس نەماوەو پێمانوایە حکوومەتی سوریا بێجگە لەدژایەتی ئاشکرای کورد هیچ چارەسەرێکی بۆ کورد پێ نییە" .

هاووڵاتیانی بێ ناسنامە ئەگەر بچنە شارەکانی سوریا لەبەر ئەوەی ناسنامەیان نییە دەبێ نووسراوی پێنج دەزگای ئاسایشی و حکوومییان پێبێت تا بتوانن لەهۆتێلێکدا بمێننەوە.

هەر لەوبارەیەوە عەبدولباقی یوسف، سکرتێری پێشووی حیزبی یەکێتی کورد، بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەمساڵ 46 ساڵ بەسەر وەرگرتنەوەی ناسنامە لە بەشێک لەکوردانی ڕۆژئاوادا تێدەپەڕێت و کێشەکەیان بێ چارەسەر ماوەتەوە،سوریا کاتێک کە گوشارێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ دێت باس لەچارەسەرکردن دەکات و بەداخەوەش ئەوانەی کە لێدوانەکانیان دەکەنە یەقین و پروپاگەندەی بۆ دەکەن لایەنە کوردییەکانن".

عەبدولباقی لەو بڕوایەدایە کە هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەمەڕ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەسوریا ڕوون نییەو ڕەخنەش لەپارتە کوردییەکان دەگرێت کە"هەندێک هێزی سیاسی کورد تائێستاش وەک پرسێکی ناوخۆیی ولەچوارچێوەی پرسی هاووڵاتیبووندا سەیری پرسی کورد دەکەن".

ساڵی2001 لەکاتی کۆبوونەوەی نێوان بەشار ئەسەد و بیل کلینتۆن سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، پارتە کوردییەکان خۆپیشاندانیان ڕێکخست و یادداشتێکیان بەرزکردەوەو داوایان لەبەرپرسانی سوریاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، لەوکاتەدا بەرپرسانی سوریا بۆ بێدەنگکردنی کۆمەڵگای کوردی ڕایانگەیاند کە لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردانی بێناسنامە دەکۆڵنەوە، بەڵام دواتر هەموو شتێکیان لەبیرکرد.

سەبارەت بەژمارەی کوردانی بێناسنامە عەبدولباقی وێڕای ئەوەی باس لەوە دەکات کە ئامارێکی فەرمی لەوبارەیەوە نییە، بەڵام دووپاتیدەکاتەوە"بەپێی ئاماری 1988، ژمارەی کوردانی بێناسنامە زیاتر لە300هەزار کەسن".

ئەکرەم محەممەد موراد یەکێک لەو کەسانەیە کە بنەماڵەکەی ناسنامەی سوریایان لێوەرگیراوەتەوە .ئەوبە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"تا بەکالۆریام لەزانکۆکانی سوریا خوێند، بەڵام مافی دامەزراندنم نییە، ئێمەی ئەجانب و مەکتوومین لەسەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بێبەشین".

کوردانی بێ ناسنامە، خاوەن ئەو خانووانەشیان نین کە تێیدا دەژین، منداڵە تازە لەدایکبووەکانیشیان ناسنامەیان پێنادرێ و بۆ خوێندنیشی دەبێ ڕەزامەندی پارێزگا وەربگرن . لەلایەکی دیکەوە منداڵی هاووڵاتییەک لەگەڵ ئەجانبێکدا دەبێتە (مەکتووم). مەکتووم بەکەسێک دەگوترێت کە هیچ ناسنامە و بەڵگەیەکی فەرمی نییەو تەنیا موختاری گەڕەک یان گوند دەیناسێت و هەروەها مافی چوونە دەرەوەی نییە بۆ دەرەوەی ئەو پارێزگایەی تێیدا دەژیت. مەکتوومەکان دەتوانن بخوێنن، بەڵام بڕوانامەی پێنادرێ.

ئەکرەم کە کوڕی دایک و باوکیکی ئەجانبە، لەو بارەوە دەڵێت "منیش قوربانی بێناسنامەبوونی دایکم و باوکمم" . ئەو کە ژنی هێناوەو باوکی چوار منداڵە دەڵێ"بۆ ئەوەی منداڵەکانم بخوێنن دەبێ ڕەزامەندی پارێزگایان بۆ وەربگرم".

دوای بێ ناسنامەکردن، بەپێی پلانێکی ئەفسەرێک بەناوی محەممەد تەلەب هیلال، پشتێنەی عەرەبی دامەزرێندرا بەدرێژایی سنووری ڕۆژئاوای ڕۆژئاوا لە گەڵ هەردوو پارچەی باشوور و باکووری کوردستان و تەعریبکرا .بەشیر ساڵح،تەمەن 40 ساڵ دەڵێت "50 گوندی عەرەبیان لە ناوچەکانی قامشلۆ دروستکرد پاش وەرگرتنەوەی ناسنامەی لە کوردان و زەوییەکانیان لەسەر عەرەب تاپۆکرد" . بەشیر کە ئێستا لەباشووری کوردستان نیشتەجێیە گلەیی لەدایەرەی نشینگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیەو دەڵێ" لێرەش ئیقامەکەمان بەهەمان شێوەی ئەو نووسراوەیە کە ئێمە وەک ئەجانب پێمانە".



زیاتر لە 150هەزار کوردی ڕۆژئاوایی کوردستان، لە سوریا وەک (اجانب-بیانی) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ

رووداو

## تاراوگە



### داواکەی یاسین ڕەتکرایەوە

رووداو-واشنتن

◆ رۆژی 2008/6/30 دادگەیەکی فیدراڵی ئەمەریکایی، داوایەکی یاسین محیەدین عارف-ی ڕەتکردەوە بۆ پێداچوونەوە بە بڕیاری زیندانییەکەی. یاسین عارف کوردێکی باشووری کوردستانە و نیشتەجێی ئەمەریکایە، لەساڵی 2004 ەوە بەتۆمەتی کاری تیرۆریستییەوە دەستگیرکراوە و15 ساڵ بەندکردنی بۆ بڕاوەتەوە. کەیسی یاسین عارف (38 ساڵ) ماوەیەکە بووەتە جێی سەرنجی میدیای ئەمەریکایی و هەندێ لە نووسەران و ڕۆژنامەوانانی ئەمەریکا بە قوربانییەکی ڕێوشوێنە توندەکانی دوای ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەری دەزانن.

## لە کەرکووکەوە بۆ ئەمەریکا

# ژنە کوردێکی سەربازی ئەمەریکا لە مردن دەگەڕێتەوە

**رووداو-ئەمەریکا**

رازان سەعید، 10 ساڵ لەمەوبەر پێش ئەوەی خۆی و مێردەکەی و سێ منداڵەکەی لەچنگ رژێمی سەدام رابکەن، مامۆستای قۆناخی سەرەتایی بوو لە وڵاتەکەی خۆی کوردستان،باکووری عێراق. پاش ئەوەی بووە هاووڵاتییەکی ئەمەریکایی، مێردەکەی و سێ منداڵەکەی پشتگیریان کرد کە لە ریزەکانی سوپا خۆی ناونوس بکات . ئالانی کوڕە تەمەن 10 ساڵانەکەی دەڵێت "من وامزانی دایکم گاڵتە دەکات"، سانای کچە تەمەن 14 ساڵانەکەشی دەڵێت "دایکم ژنی ماڵەوەیە و دایکی منداڵە یاریزانەکانی فووتبۆڵە".

رازان سەعید هەستی بەوەکردبوو کە بانگەکرێت بۆ خزمەتکردنی سەربازی، ئەو وەکو وەرگێڕی زمانی کوردی لەگەڵ فەرماندە سەربازییە ئەمەریکاییەکان کاریدەکرد. رازان ئەگەرچی ئێستا لە ململانێی چاکبوونەوەی برینی سەر و رانیدایە کە لە ئەنجامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکەیان لەعێراق تووشی بووە، بەڵام ئێستاش هەست دەکات هەر لەخزمەتی سەربازیدایە ودەڵێ "من سەربازم".

رازان دانیشتووی (ریچاردسن)ە و پێش ئەوەی بەمەبەستی چارەسەر بگەڕێتەوە بۆ (سان ئەنتۆنیۆ)، رۆژی سەربەخۆیی ئەمەریکا 4/7 لەگەڵ خێزانەکەی لەماڵەکەی خۆی بەسەردەبات . رازان لەوکاتەوەی خێزانەکەی لەساڵی 2000 ەوە هاتوونەتە ئەمریکا یەکەمین جارە دەبێتە خاوەنی خانووی خۆی کە لەلایەن گرووپێکی خێرخوازی نەتەوەییەوە وەکو دیاری پێیان بەخشرا. خانووەکە لە سێ ژووری نووستن پێکهاتووە.

رازانی تەمەن 39 ساڵ، ئەگەرچی تەنیا دەتوانێ بەهۆی دارشەقەکانییەوە بڕوات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەشیمان نییە لە خۆناونووسکردنی لە ریزی سوپادا "من دەمەوێت شتێک بۆ ئەو وڵاتە بکەم چونکە ئەو وڵاتەم خۆشدەوێت و لێرە ئازادیت هەیە".

لە دیوی دەرەوەی ماڵی رازان، ئاڵایەکی ئەمریکا دەشەکێتەوە . لەژوورەوەش چەندین ئاڵای بچووکی ئەمریکایی دەبینرێن. هەر پێنج ئەندامەکەی ماڵەوە، پێکەوە لەژووری میوانان دانیشتوون وجلی سوور و سپی کە ئەستێرەی شینیان تێدایە لەبەردایە.

رازان سەعید هەمان ئەو مەشقە سەربازییانەی وەرگرتووە کە پیاوان و ئافرەتان بۆ چوونە شەڕ وەریدەگرن. ئەو لاپتۆپەکەی کردەوەو کۆمەڵێک وێنەی پێشاندان کە لە عێراق گیراون. جلێکی نیمچە سەربازی لەبەردایەو دەمانچەیەکیشی لە رانی بەستووە.

لە زۆربەی وێنەکاندا، لەگەڵ هاوڕێکانی سەردانی قوتابخانەکانیان کردووەو یاری منداڵانەو کەلوپەلی قوتابخانەیان بەسەردا دابەشکردوون. لە یەکێک لە وێنەکاندا، رازان دەموچاوی منداڵە عێراقییەکان بە رەنگ دەنەخشێنێ.

بەرپرسانی سوپا ئامارێکی وردیان لەبەردەستدا نییە لەبارەی ژمارەی ئەو ئەمریکاییە بەرەسەن عێراقیانەی لەریزی سوپای ئەمریکادا خزمەت دەکەن، بەڵام کۆلۆنێل ئان ئێدگکۆم دەڵێت ساڵێک لەمەوبەر نزیکەی 50 هاووڵاتی بەبنەچە عێراقی لە سوپای ئەمریکا خزمەتیان کردووە . ئەو ژمارەیە ئەو عێراقیانە ناگرێتەوە کە بوونەتە هاووڵاتی ئەمەریکاو وەڵاتینامەی ئەمەریکیان وەرگرتووە .

بۆمەبەستی ئاسایش وخۆپاراستن،رازان سەعید لە عێراق بە (سمیس) ناسراوە، ئەوەش بۆ پاراستنی خۆی و خێزانەکەی لەترسی تۆڵەسەندنەوە . رازان پێنج خوشک و سێ برای لە عێراق ماون. ئەو دەڵێت هیچ هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ ناکات بەهۆی شەڕکردن دژی وڵاتی پێشووی "ئێمە بۆئەوە چووینەتە ئەوێ تا ئازادییان پێببەخشین وەکو ئەو ئازادییەی خۆمان هەمانە، ئێمە دژی ئەوانە شەڕدەکەین کە نایانەوێت ئەو وڵاتە ئازادو سەلامەت بێت".

کاتێک لەسەر کورسیەکەی هەڵدەستێتەوە بەشێوەیەکی کاتی رادەوەستێت و پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێک بهاوێت دەست بۆ دار شەقەکەی دەبات.

پزیشکە نەشتەرگەرەکان دوو بورغیان لە رانی راستی بەستووە بۆ چاکبوونەوەی شکانەکەی، ئێستا قاچی دەشەلێت بۆیە ماددەیەکی ئاسن لەپێی دەبەستێت بۆ جێگیرکردنی.

رازان سەعید کە سەروەختێک زۆر شەیدای غاردان و پیاسەکردن بووە بەپێ، بەڵام دوکتۆرەکان پێیان گوتووە کەجارێکیتر ناتوانێ بەپێ پیاسە بکات، هەروەها ئەو بەردەوام ئازاری هەیەو ماوە ماوەش تووشی ژانەسەر دەبێت.

ئەو هیچ دەربارەی پێکدادانەکەی 22ی جەنیوەری شاری کەرکووک لەباکووری عێراق لە یاد نەماوە، کە بووە هۆی برینداربوونی خۆی و، کوژرانی دوو لەوانەی لە ناو ئۆتۆمبیلدا لەگەڵیبوون. رازان ماشێنە هەمڤییەکەی لێدەخوڕی و چەکدارێکی تەمەن 20 ساڵی بەناوی مایکل ستێرڤیدانتیش، کە ئەوی لە تەقەو گوللەباران دەپاراست.

بەرپرسانی سوپا نەیانتوانی هۆکاری رووداوەکە دیاریبکەن، بەڵام رازان پێیوایە ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگەڕاوە وهێرشی نەکراوەتە سەر. لەو رووداوەدا ئەفسەر ستێرڤیدانت و کەسێکی دیکە، کە بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، گیانیان لەدەستدا.

رازان کە لە نەخۆشخانە بەهۆش خۆی دێتەوە دەزانێت کە ئەفسەر ستێرڤیدانت گیانی لەدەستداوە، لەمبارەیەوە دەڵێ "من تووشی هێدمەو شۆک بووم و باوەڕم نەدەکرد کوژرابێت،بۆیە ئێستاش ئازار دەچێژم".

رۆژی دووشەممە7/ 7 رازان دەگەڕێتەوە سانت ئانتۆنیۆ، بۆ درێژەدان بە چارەسەری. ئەودەڵێت دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ خزمەتکردن لە هەندێک بواری سەربازیدا، بەڵام دەشزانێت ئەوە شتێکە ناکرێت"بەراستی من نامەوێت لەبەرئەوەی بریندارم واز لەو کارە بێنم، بەڵام پێشمونانییە بتوانم جارێکیتر بگەڕێمەوە سوپا".

لە مانگی هەشتدا، رازان و هاوسەرەکەی یادی پازدەهەمین ساڵیادی هاوسەرگیرییان دەکەنەوە. لەوکاتەی خێزانەکەی لەژێر چارەسەرکردندابوو، هاوسەری رازان چاودێری منداڵەکانی دەکرد، لەمبارەیەوە دەڵێ "پیاوێکی زۆرباش وبەهێزە وبەرپرسیارێتیەکی زۆر گەورەی بەجێگەیاندووە".

رازان دەزانێت زۆربەی ئەمریکاییەکان لەبارەی شەڕەوە پرسیار دەکەن کە ئایا پێشکەوتن بەدیهاتووە، ئەویش داوایان لێدەکات ئارام بگرن.

"ئێمە مامەڵە لەگەڵ شتێک دەکەین کە ناتوانرێت بە ساڵێک یان دوو ساڵ تەواو بکرێت"، رازان دەڵێت"ئەوە کارێکی زۆر ئاڵۆزە،من رقم لە شەڕە، بەڵام پێویستە بیر لە داهاتووی خۆمان بکەینەوە. نەک تەنها لەناو خۆی عێراق بەڵکو لە دەرەوەشی خەڵکی زۆر خراپ هەن،ئەگەر ئێمە دانیشین، ئەوان لێمان ناگەڕێن بە تەنها بۆ خۆمان دانیشین".

رازان هیچ بە گلەیی نییە لە برینداربوونەکەی "کاتێک دەچیە شەڕ، لەوانەیە بگەڕێیەوە، لەوانەشە نەگەڕێیەوە، من شانازی دەکەم کە لەسوپا خزمەت دەکەم. هەموو ئەو ژان و ئازارەی من چەشتوومە هیچ نییەو بۆ ئەو وڵاتەم کردووە".

لە Wfaa. Comوە



رازان سەعید، دوای بریندارببوونی لە کەرکووک لە ئەمەریکا بە دارشەق دەڕوات

## نەدیم تۆلوکان، خاوەنی کارگەی مەی دروستکردنی مەدیا:

# ئەم دخوازین مەیا مەدیا دفرۆکەیێن کوردستانێ دا بهێتە ڤەخوارن

**دبێژن یەکەمین جار شەراب و ڤەخوارنا ئەلکهولیک ل وەلاتێ میزۆپۆتامیا هاتییە چێکرن، ئانکو ل وارێ دیجلە و فورات. ئەڤ چەندە بەریا چەند هزار ساڵان بوو. لێ ناڤێ وی کەسێ ئەو ڤەخوارنە چێکری دیار نینە و ئەم نزانین کا ئەو ژ نەڤیێن کوردان بوو، یان میللەتەکێ دی. دڤی سەردەمیشدا هەوڵدان دبەردەوامن ژ بۆ چێکرنا ڤەخوارنێن ئەلکوحولیک یێن کوردی و بەرهەمێ وان بزاڤان ژی چەند جۆرێن بیرێ بوون کو ل ئەورووپا هاتنە چێکرن. هندەک ژ وان راوەستیان و هندەک ژی نۆکە ژی د بازاڕی دا هەنە. بەریا سالەکێ ژی شەرابا کوردی یا ب ناڤێ مەدیا هاتە دروستکرن و کەتە بازاری. خودانێ وێ نەدیم تۆلوکان خەلکێ ئامەدێ یە و 30 سالە ل ئەڵمانیا دژیت. وی ل دەستپێکێ کارێ بیناسازی دکر و نۆکە ژی سەنتەرەکێ ئینتەرنێتێ بڕێڤەدبەت و مەیا مەدیا ژی لێ دفرۆشیت:**

سلێمانێ ئالیخان
رووداو- ئەڵمانیا

**رووداو: هزرا دروستکرنا مەیا مەدیا ژ کیڤە هات؟**

**تۆلوکان:** دوو کورێن من مەیفرۆشن، هاتووچۆیا گەلەک وەڵاتان دکەن و ئەو مەیا ئەو دفرۆشن گەلەکا بوهایە، شووشەیەکا وێ ب-4000 5000 یورۆیانە، ئەڤجا ب رێیا وان من خوەدیێ کارێ وان ناسکر. پاشی ژ بۆ مێڤانێن شاهیا کورێ خوە، من نێزیکی سێ سەد شووشەیێن مەیێ دان چێکرن. دووڤدا مە تەماشەکر کو ڤالاتییەک دڤی واریدا هەیە و شەرابا کوردی دبازارێدا نینە و مە گۆت چما ل ئەورووپا شەراب ب ناڤەکێ کوردی نینە و مە دەستپێکر و مە چێکر. من گوە لێ ببوو کو کوردەکێ دی بەریا من ل فەرەنسا ئەڤ کار کرییە، لێ ئەز نزانم بوچی راوەستیا. لێ ئەڤ تشت مسۆگەر نینە، چونکی من ئەو مەی نەدیتییە. لەوما ئەز دبێژم ئەز یەکەمین کەسم مەیا کوردی چێدکەم.

**رووداو: کەنگی وە مەیا مەدیا چێکر؟**

**تۆلوکان:** یەکەمجار ل داوییا سالا 2006. پاشی ل سالا 2007 من ناڤێ مەدیا دانا سەر و ئێدی ب وی ناڤی من چێکر. ئەڤ مەی ل بازاڕێ موینیهێ دهێتە بەرهەمئینان. ناڤا وێ ئانکو ترێ وێ فەرەنسی و ئیتالییە. هەر چەندە گەلەک جاران فەرەنسی تری ژ کوردستانێ دئینن. واتە فەرەنسی رەزان ل کوردستانێ کرێ دکەن و ترێ وان رەزان دبەن فەرەنسا و دکەن شەراب. لێ ئەم نکارن بێژن ئەڤە ترێ کوردستانێیە. چونکی ناڤێ فەرەنسا یێ ل سەر.

**رووداو: وە بیر ل هندێ نەکرییە کو هوون ل کوردستانێ کارگەیەکا مەیێ ئاڤابکەن؟**

**تۆلوکان:** هەلبەت خەونا هەر کوردەکییە کو کارگەیەکێ ل کوردستانێ ئاڤا بکەت. لێ نۆکە رەوشا من یا دارایی یا هاریکار نینە. ژ بلی ڤێ ژی جڤاکا کوردستانێ 80% موسلمان و ئولدارە و ئاڤاکرنا کارگەهەکا شەڕابێ تشتەکی ئاسان نینە و هێشتا پیچەک زوویە.

**رووداو: مەیا مەدیا ژ چ پێکدهێت ؟**

**تۆلوکان:** مەیا مەدیا سپی و سۆرە، ئەو کەسێ ژ شەرابێ بزانیت، دەما تام دکەتێ دێ زانیت کو کوالیتەیا وێ یا چاوایە. ل دوکانێن ئەڵمانان ئەڤ شەرابە ب 25 یورۆیان دهێتە فرۆتن. لێ ئەم ئەرزانتر دفرۆشم، چونکی ئەو کەسێ مەیا فەل ژ مە را چێدکەت، دۆستەکێ نێزیکی مەیە و ئەم راستەوخۆ ژ وی دکڕن و دخن ناڤ شووشەیاندا و ناڤێ مەدیا لێ ددەین.

**رووداو: لێ گەلەک نەهاتییە نیاسین، بۆچی ؟**

**تۆلوکان:** دناڤ مللەتێ مەدا شەراب گەلەک ناهێتە نیاسین و خەلکێ مە پتر ژ ڤەخوارنێن بیانی حەز دکەن وەک ویسکی. هەرچەندە گەلەک دیرۆکزان دبێژن کو یەکەمین جار مەی ل کوردستانێ هاتییە چێکرن ل وارێ میزۆپۆتامییا. بەلگەیێ ڤی چەندی ژی ئەوەیە کو نۆکە ژی ل ناڤ ئۆلا ئێزدیان دا ژی و درۆژێن جەژنێن واندا و ب تایبەت دناڤ وان مالێن ئێزدی یێن کو رەوشا وان یا دراڤی باش بیت، شەراب ل سەر سوفرا وان هەیە .

**رووداو: تایبەتمەندییێن مەیا مەدیا چنە؟**

**تۆلوکان:** ئەم دکارن مەیا ئەرزان ژی چێکن کو شووشەیێ وێ ب نیڤ یورۆیی بە، لێ ب راستی ئەم ناخوازن وی کاری بکەین و ناڤێ کوردی ل تشتەکی ئەرزان بدەین. من نەڤێت زێدە پەسنێن مەیا مەدیا بدەم، ئەزێ تنێ بێژم کو ئاپێ یاشار کایا، گەلەک هونەرمەند و رەوشەنبیرێن کوردێن کو ل ئەورووپا دژین و ژ مەیێ دزانن، مەیا مەدیا تام کرنە و گەلەکی پێ کەیف خوەش بوون و پەسنێن وێ کرنە. ئەڤ ژی باوەرنامەیەکە گرنگە ژ بۆ مە. لێ ب شێوەیەکی گشتی مەی ڤەخۆر دجڤاکا کوردی دا کێمن و ئەوێن ڤەدخۆن ژی، مخابن هێشتا ئەم نەگەهشتینە وان.

**رووداو: چاوا هوون بەلاڤدکن و دفرۆشن؟**

**تۆلوکان:** نۆکە ئەز ب تنێ کارێ بەلاڤکرن و فرۆتنا مەیا مەدیا دکەم. چ ب هاتنا کڕیاران و چ ب خوەستنێ ب ئیمێل و تەلەفۆنێ ئەم بۆ وان ڤرێ دکەین. هەروەسا مە چەند دانە ب دیاری ژ هەڤالان را شاندینە باشوورێ کوردستانێ و ئەم دخوازن ل وێرێ ژی بفرۆشین. هەڵبەت تورکیا رێکێ نادەتە مە ئەم ل باکوور تشتەکی ب ناڤەکێ کوردی بەلاڤ بکەین. هەروەسا مە پەیوەندی ب هندەک هەڤالێن کوردستان ئێرلاینز ژی کرییە و ئەم دخوازن مەیا مەدیا دفرۆکەیێن کوردستانێ دا بهێتە ڤەخوارن.

**رووداو: پرۆژەیێن وە یێن پاشەرۆژێ؟**

**تۆلوکان:** پرۆژەیێ مە یێ پاشەرۆژێ دروستکرنا زەیتا زەیتوونێ یە ب ناڤەکێ کوردی و مە پلان ژی ژێرا دانایە. ئەم دێ زەیتێ ژ بازاڕێ عەفرینێ کڕین و بەین باشوورێ کوردستانێ ل وێرێ داگرین و کەینە د شووشەیان دا و ناڤێ کوردی لێخن و فرۆشین. چونکی ل عەفرینێ ئەم نکارین ناڤێ کوردی لێ بدەین. هەڵبەت ل دەستپێکێ مە خواست ئەم ڤی پرۆژەی ل ڤێرە بەرهەمبینین. لێ دیار بوو کو دێ گران ل سەر مە راوەستیت.



نەدیم تۆلوکان

(فۆتۆ: رووداو)

# کرێچییەکان داوای خانوو لەحکومەتێکی کرێچی دەکەن

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو – سلێمانی**

لەسەرەتای ئەمساڵدا، کوڕە گەورەکەی قادر تەمەنی گەیشتە 23 ساڵ . شەش ساڵ لەمەوبەر، قادر لە بازاڕی مەزادخانەی دارەسوتاوەکە، بەهۆی تەقینەوەی کەبسولی یەکێک لەو نارنجۆکانەی دەیفرۆشتە ماسیگرەکان، قۆڵێکی لەدەستداو هەنووکە بەیەک دەستەوە، قوتی ڕۆژانەی 6 منداڵ پەیدا دەکات، کە هەر شەشیان لەخانوی کرێدا لەدایکبوون، ئەو دەڵێ "ئەوەی پەیدای دەکەم، دەبێت بیخەمە دەستی خاوەن خانوو، تازە لەو ئەزمەو گرانییەدا خەونی نیشتەجێبوون نابێتە ڕاستی" . قادر کەریم، نمونەی سەدان کرێچی ئەو شارەیە، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، چەند دەوڵەمەندێک دەیخەنە ژێر ئەپارتمانی شوشەوە .

لەدوای ڕاپەڕینەوە، قەیرانی نیشتەجێبوون وەکدوومەڵێکلەسەرجەستەیئیدارەیهەرێمە ئارامەکەی عێراق دەرکەوت و شەڕی ناوخۆو پرۆسەی ئازادی عێراقیش، ئەو دوومەڵەیان بەشێوەیەک گەورەو مەترسیدارکردووە، کە ئێستا حکومەت بۆخۆشی بووەتە کرێچییەکی گەورەو هێندەیتر باری کرێچییەکانی گرانتر کردووە . پەرلەمانی کوردستان دووساڵ لەمەوبەر یاسای وەبەرهێنانی پەسەند کرد، کەسەدان کۆمپانیای بیانی لەڕێگەی هەردوو فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی نێودەوڵەتییەوە پەڕینەوە و ئێستا، لەهەر گەڕەکێکی شاری سلێمانیدا، چەند کۆمپانیاو فەرمانگەیەکی حکومی، بەو پارە زۆرەی کەئامادەن مانگانە بیدەنە کرێ، کرێنشینیان لەبەردەم هاووڵاتیانی ئەو شارەدا کردووەتە بەردەکەی سیزیف.

عەتا مەحمود محەممەد، جێگری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان، کە کۆمەڵەکەی خۆشیان لەخانووی کرێدایە، دڵتەنگی خۆی دەربڕی لەبوونی ئەو هەموو کرێچییەی، داهاتی مانگانەیان تەنیا بەشی کرێی خانوویەکی ئاسایی دەکات و پێشیوابوو کە ژمارەیان زۆر لەوەزیاترە کەمەزەندە دەکرێت" حکومەت و کۆمپانیاکان،جگە لەوەی تەنگژەی خانویان دروستکردووە لەناو شاری سلێمانیدا، هاوکات کرێشیان وا بەرز کردووەتەوە، هاووڵاتی ئاسایی ناتوانێت بژی" . جێگری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان پێشی وابوو، کە "بێ بەرنامەیی حکومەت" بۆ ئەو هەموو خێزانە عەرەبانەی ڕژاونەتە سلێمانییەوە، هێندەیتر گرێیەکانی ئاڵۆزتر کردووە " دەبوا کەمپێک بۆ ئەو عەرەبانە بکرایەتەوە، ئەوانە، بەدەر لەوەی گرفتی نیشتەجێبوونیان قورستر کردوووە، هاوکات مەترسین بۆ سەر باری سەقامگیری شارەکەش" .ئەو بەرپرسەی کۆمەڵەی بەرگری لە کرێنشینان، پرسیاری کرد" ئەی ئەگەر حکومەت بۆخۆی کرێچی بوو ؟" .

" ئەم خانووە بۆکرێ یە، تەنها بۆکۆمپانیاو فەرمانگە حکومییەکان "، ئەمە نووسینی زۆر لەو لافیتانەیە کەخاوەن خانووەکان بە دیوارەکانیاندا هەڵیدەواسن . خاوەنی نووسینگەی حەمرین بۆ کڕین وفرۆشتنی زەوی و خانوو، گرانبوونی کرێی خانوو دەگێڕێتەوە بۆ زۆربوونی داوای نیشتەجێبوون و هەروەها هاتنی بەلێشاوی کۆمپانیاو کارگەو خێزانە عەرەبەکان بۆ کورستان، لەبەرامبەریشدا،وەستانی پێشینەی خانووبەرە دروستکردنی خانووی تازەی ڕاگرتووە " ماوەیەکی زۆرە، خانووی کرێ زۆر بەکەمی دێتە لای نووسینگەکان و تەنیا کڕین و فرۆشتن وەک کاری نوسینگەکان ماوەتەوە" . ماوەیەک لەمەوبەریش، یاریدەدەری مام جەلال بۆ کاروباری بازرگانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " نزیکەی 6000 کۆمپانیا لەهەرێمی کوردستاندا هەن"، ئەم کۆمپانیایانەش لەخانووی کرێدان

تەها جەلیل چوارمانگ بەدوای خانویەکدا، ئەو شارەی تەی کرد، تاشڕە خانوویەکی کەلاوە ئاسای دۆزییەوە، کە لەگەڵ گیرفانی بگونجێت . ئەو کاسبکارە کە ئێستا مانگانە بڕی 200 هەزار دینار دەخاتە مشتی خاوەن خانووەکەیەوە، هیچ ئومێدێکی بەحکومەت نەماوە بیکاتە خاوەنی کلیلی ماڵی خۆی" جابا هەرشوقەوخانووی‌نیشتەجێبوون‌دروستبکرێن، ئەوە هەر دەوڵەمەندەکان دەیکڕنەوەو بەکرێ دەیدەنە چەند قوربەسەرێکی وەک من " . ئەو کرێچییە دەڵێ نرخی شوقەکانی کۆمپانیاکان زۆر گرانە " من کە سێ دەفتەرم هەبێت بۆ شوقە لەحکومەت یان کۆمپانیایەک دەکڕم، دەچم خانوویەک دروست دەکەم" .

وەک زۆر لەکرێچییەکان و کۆمەڵەی داکۆکیکار لەمافی کرێنشینانیش ئاماژەی بۆ دەکەن، نوکتەکە لەکرێچێتی حکومەت خۆیدایە . سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی دارایی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " لەساڵی 2007دا بڕی 8،340،000000 (هەشت ملیارو سێ سەتو چل ملیۆن دینار) دراوەتە کرێی خانوو بۆ ئەو فەرمانگە و بنکە ئیدارییە کرێچییەکانی حکومەت لەسنووری پارێزگای سلێمانی، ئەمساڵیش ڕێژەکە زۆر زیاتر دەبێت، چونکە فەرمانگەی کرێچی زیاتربوونە " . هەمان سەرچاوە ئەوەشی ئاشکرا کرد " ڕەنگە 60%ی فەرمانگەکانی حکومەت لەناو شاری سلێمانی لەناو خانووی کرێدابن " .

موسا محەممەد، مامۆستای ئابووری زانکۆ، کرێنشینی حکومەت بە قەیرانێکی زۆر گەورە دانانێ"بەڵام‌پێویستە‌حکومەت‌پێداچونەوەیەک بەخۆیدا بکات و لەڕێگەی لیژنەی پسپۆڕەوە مەیدانی بگەڕێت و بزانێت کام فەرمانگە پێویست نییە، یان کام بنکەی ئیداری دەتوانێت لەناو فەرمانەگەکەی خۆیدا جێگەی بکرێتەوە، بەو ڕێگەیە ڕادەی کرێنشینی خۆی کەمتر بکاتەوە " . ئەو مامۆستایەی زانکۆ لەحاڵی ئێستای حکومەتدا، ئەو پێداچونەوەیە بەباشتر دەزانێت لەوەی حکومەت بینا بۆ فەرمانگەکانی دروست بکات لەبەر ئەوەی لەوانەیە چەند وەزارەتێک لە ئایندەدا کەمبکرێنەوە، کە بێگومان ئەوەش کەمبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانیشی بەدوادادێت.

"خۆشبەختانە یاسای نیشتەجێبوون لەپەرلەمان پەسەند کراوەو ئەوەش ئومێدبەخشە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە و سوود وەرگرتنی هەزاران لەخانوبەرەو شوقەکانی حکومەت" . عەتا مەحمود جێگری کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشینان کرێچییەکان دڵنیا دەکاتەوە کەئەوان پاڵیان لێنەداوەتەوە "لەڕێگەی میدیاکانەوە بەبەردەوامی کێشەی نیشتەجێبوونمان هێناوەتە ئارا و لەدەستووریشداو لەمادەی 49دا نیشتەجێبوون، داوامان کردووە ئەوەی بۆ زیادبکرێ کەهەموو هاووڵاتییەک بەبێ جیاوازی توانای نیشتەجێبوونی هەبێت و پرۆژەشمان بۆچۆنێتی بەکرێ دانی خانوو داوەتە حکومەت " .

عەتا مەحمود مەزندە دەکات " زیاتر لە30هەزار کرێچی لەناو شاری سلێمانیدا هەبن"، گوتیشی بەو زووانە دەست بە تۆمارکردنی ناوی کرێچییەکان دەکەنەوە .

موسا محەممەد، باسی لەوەکرد کە لق و مەڵبەند و بارەگا حیزبییەکانیش زۆربەیان کرێنشینن، گوتیشی بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆری حکومەت بەهەدەر نەڕوات" حکومەت وەک چۆن پێویستی بەشوێنە، ئاواش پێویستی بەعەقڵیەتی هەڵسەنگاندن و پلان و دیراسەکردنی بەردەوامە" .

"مژدە دەدەمە هەزاران، کە ئێمە لە پرۆژەی دروستکردنی هەزار یەکەی نیشتەجێبووندا، بەرنامەمان بەشێوەیەکە هاووڵاتیانی خوار مام ناوەندیش بتوانن خانوو بکڕن" . یاسین ڕەشید بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز، کەپرۆژەی دروستکردنی شاری گۆرانی لە هەڵەبجەی شەهید لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە ئەوەشی ڕاگەیاند " تەنانەت لەبانکەکان قەرز بۆ ئەو هاووڵاتیانە وەردەگرین تابتوانن وەک چینەکانی دیکە بتوانن ئەو خانوانە وەربگرن"




خانووێک بۆ کرێ لە سلێمانی
(فۆتۆ:ڕووداو)

ئاپارتمانی حەسیب ساڵح، کە ئێستا هوتێلی سلێمانی پالاسە و منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی لەدوای پەسەندکردنی یاسای وەبەرهێنان، نازناوی بەرزترین شوێنیان لەدەستداو هەنووکە دەیان ئەپارتمانی شوشەبەندی بەرزی چەند نهۆمی منارەی مزگەوتی داپۆشیوەو کرێچییەکانیش لەهەر گەڕەکێک پرسیاری نرخی خانوو بکەن، وەڵامێکیان لەخوار 300هەزار دینارەوە دەست ناکەوێت . هەرئەمەش خەونی نیشتەجێبونی لەژێربەتانی ژوورە تاریکەکانی ئەواندا ئاستەم کردووەو تاکە هیوایەکیش کەهەیانە، ئەو حکومەتەیە، کە لە هەولێر و سلێمانیدا، بۆخۆی گیرۆدەی پەتای کرێچێتی یە .

# لە چوار پرۆژەکەی نیشتەجێبوون پرۆژەکەی وەبەرهێنان چانسی لە هەموان زیاترە

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو –هەولێر**

پەرلەمانی کوردستان دوو یاسای دەرکردو بۆچارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون و، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە پرۆژەیەک ئامادەدەکات و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش پلانی دروستکردنی 50 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی داناوە .

ڕۆژی 2008/5/20، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەبڕیاری ژمارە 10 بودجەی ساڵی 2008ی هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد . بەپێی مادەی 12 ی ئەو یاسایە، پێشینەی خانوبەرە بۆ هاووڵاتیان بەپێی هەل ومەرجێک خەرجدەکرێت کە وەزارەتی دارایی دەستنیشانی دەکات، لەسەرەتایی مانگی شەشی ئەمساڵیشدا پەرلەمانی کوردستان یاسایی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ هاووڵاتیان پەسەند کرد، کە بەپێی یاساکە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت دابین بکات .بەپێی ئەو یاسایە هاووڵاتی لەسەرەتادا تەنیا 10%ی پارەی تێچوونی بیناکە دەدات و ئەوەشی کەدەمێنێتەوە لەماوەی25 ساڵدا دەیدات و دروستکردنی ئەو شوقەو خانوانەش بۆ ئەو کەسانەیە کە تائێستا سوودمەند نەبوون پرۆژەی نیشتەجێبون لەحکومەت.

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر هەردوو یاساکەدا، تائێستا هیچ هەنگاوێک لە حکومەت بەدینەکراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو دوو یاسایە .

جەمال عەبدوڵڵا، وتەبێژی حکومەت، لەوبارەوە دەڵێ " حکومەت هەوڵدەدات بەپێی توانا یاساکانی پەرلەمان جێبەجێبکات، بەڵام تائێستا هیچ بڕیارێک نییە لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆدانی پێشینەی خانووبەرە و جێبەجێکردنی یاسای شوێنی نیشتەجێبوون" .

زرار تاهیر، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " داوام لەسەرۆکی حکومەت کرد کە ئەو یاسایانەی لەپەرلەمان دەرچوون جێبەجێبکرێت، ئەویش وتی: هەموو ئەو یاسایانەی لەپەرلەمان دەردەچن بەپێی توانای بەردەستمان بەم نزیکانە جێبەجێیان دەکەین" .

هاووڵاتیان بێ ئومێدن لەوەی حکومەت شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکات، بەڵام سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە دەڵێت" سەرۆکی حکومەت کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەی دیاری نەکردووە، بەڵام وتم: کاک نێچیرڤان بەدەزگاکانی ڕاگەیاند بڵێم ئەو یاسایانە دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە وتی پێیان بڵێ جێبەجێدەکرێن" .

زرار تاهیر گوتی ئەگەر لەمانگی ئابی ئەمساڵدا پێشینەی خانووبەرە نەدرا، ئەرکی پەرلەمانە لەو بڕیارەی خۆی بپێچێتەوە .

## 50 هەزار شوقەکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی کوردستا پلانی دروستکردنی 50 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەسەر بودجەی حکومەتی کوردستان داوەتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران،تاوەکو لەماوەی 5 ساڵدا جێبەجێبکرێت و 25%ی ئەو شوقانەش بۆ ئەو گەنجانە تەرخانبکرێن کە تازە ژن دێنن.

زانا مستەفا عوزێری، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەو بارەیەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "پلانمان داناوە لەماوەی پێنج ساڵدا 50 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکەین و بۆ ئەم ساڵیش داوامان کردووە 3500 لەپارێزگای هەولێر 4000 لەپارێزگای سلێمانی 2500 شوقە لە پاریزگای هۆک دروستبکرێن" . بەپێی پلانەکەش بەشێک لەو شوقانە دەبێ لە ناحیە و قەزاکان دروستبکرێن. کە ڕووبەری هەریەک لەو شوقانە 100 تا 120 مەتر دەبێ، لە دوو تا سێ ژوور و هۆڵێک و مەتبەخ و دوو توالێت و بالکۆنێک پێکدێن.

ئەو بەڕێوەبەرە هەروەها گوتیشی" نرخی شوقەکان زۆر نابێت چونکە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروستدەکرێن" .

## پرۆژەکەی وەبەرهێنان چانسی زۆرترە

بەپێی پرۆژەیەکی دیکە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتی دەکات و لەڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە جێبەجێدەکرێت، کۆمپانیاکانی وەبەرهێن یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیان دروستدەکەن، حکومەت لەسندوقێکدا کە بڕی 100 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکردووە 30% تاوەکو 40%ی پارەکە وەک قەرز دەداتە هاووڵاتیان، کۆمپانیای وەبەرهێن بەهاوکاری بانکەکان بڕێکی دیکە لەپارەکەی بەقەرز دەدەنە هاووڵاتییان .

وتەبێژی حکومەتیش گوتی "ئەو پرۆژەی چانسی جێبەجێکردنی پترە لەنێو هەموو پرۆژەکاندا، پرۆژەکەی دەستەی وەبەرهێنانە" .

بەپێی ئامارێک کە لەدەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی کوردستانەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، لەماوەی یەک ساڵ و نیوەی ڕابردوودا مۆڵەت بە 20 پرۆژەی نیشتەجێبوونی وەبەرهێنان دراوە لەکوردستاندا کە 2ملیار و 931ملیۆن دۆلار سەرمایەی وەبەرهێنانی تێدا خراوەتە گەڕو 2098 دۆنم زەویشی بۆ دابینکراوە، بەڵام ئەو پرۆژانە نەیانتوانیوە گرفتی نیشتەجێبوون کەمبکەنەوەو تەنیا سەرمایەدارەکان لێی سوودمەند بوونە .

هێرش موحەرەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان دان بەم ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت"ئەو گوندانەی کەکراون چارەسەری کێشەی نیشتەجێبو و نیا ن نەکردووە"، گوتیشی ئەو پرۆژەی ئێستایان " لەبەخۆداچونەوەی دەستەی وەبەرهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە " .

لەهەمانکاتدا گوتیشی ئەو پرۆژەیان تەواوکەری پرۆژەکانی دیکەی حکومەت دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون و جێگرەوەی بڕیار و یاساکانی پەرلەمان نین لەو بوارەدا.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان،گوتی ئەو پرۆژەیان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوەو " لە زووترین کاتدا کۆبوونەوەیەک هەیە جەنابی سەرۆکی حکومەت خۆی پرۆژەکەی تێدا ئاشکرا دەکات و، ئێستا لەگەڵ بانکی بیبیلۆس کە بانکێکی لوبنانییە لەگفتوگۆداین بۆ کارکردن پێکەوە" .

مەرجە ئەو کەسەی ئەو خانوو شوقانە لەڕێگای ئەو سندوقەوە دەکڕێت، زەوی و خانووی دیکەی بەناو نەبێت، حکومەتیش مەبەستییەتی پرۆژەکە بەپلەی یەکەم بۆ سوودی گەنجان بێت، هەربۆیە 40%ی پارەی تێچوونی پرۆژەکە بەقەرز بۆ گەنجانە و 30% ی بۆ خەڵکانی دیکەیە . خانووەکانی ئەو پرۆژەیە ڕووبەرەکەیان 120 مەتر دەبێ و شوقەکانیش ڕووبەریان 100 مەتر دەبێ .پرۆژەکەش بریتی دەبێ لە دروستکردنی 35 هەزار شوقە و خانوو .

## کام پرۆژەیان بۆ خەڵکی هەژارە

ئەوەی ئێستا بڕیارە جێبەجێبکرێت پرۆژەکەی دەستەی وەبەرهێنانەو، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەش پێیوایە ئەم پرۆژەیە بۆ خەڵکی هەژار نییە .

هێرش موحەڕەم، دەڵێت"پرۆژەکەمان بەناونیشانی کەمکردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون پێشکەشکردووە، ئەو بنەمایانەی ئێمە دامانناوە لە ئەنجامی ڕاوێژە لەگەڵ وەزارەتەکانی کوردستان و پسپۆڕانی دەرەوە، لێکۆڵینەوەمان لەسەر هەندێک وڵات کردووە کە لەڕوانگەی ئابوورییەوە لەکوردستانەوە نزیکن و بەتایبەت وڵاتانی ئاسیاو ئەمریکای لاتین، ئەو خانوانەش کە دروستدەکرێن نابێت نرخەکەیان لە 60هەزار دۆلار زیاتر بێت و لەوە زیاتر بێت قەرز نایگرێتەوە و پێشەکییەکەش ئێمە دەیدەین" .

زرار تاهر، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، ئاماژە بەوەدەدات کە پرۆژەکەی دەستەی وەبەرهێنان بۆ خەڵکی هەژار نییە "یاسای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون باشترین پرۆژەیە کە خەڵکی هەژار دەتوانێ لێی سوودمەندبێت، چونکە ئەو کەسەی ناوی تۆمار دەکرێت بۆ وەرگرتنی شوقەو خانوو 10%ی وەک پێشەکی لێوەردەگیرێت و پاشماوەکەی بە 25 ساڵ دەدات،زۆر باشترە لەپرۆژەی سندوقی نیشتەجێبوون، بەسەرۆکی حکومەتم وت: ئێوە بڕیارتان داوە ئەو وەبەرهێنەی کە خانوو یان شوقەی نیشتەجێبوون دروستدەکات ئێوە لەسەرەتادا 30% پارەی خانوو یان شوقەکە دەدەن، ئەگەر خانوویەک بە 50 هەزار دۆلاربێت ئێوە 15هەزاری بۆ دەدەن، ئەگەر کەسێک35 هەزار دۆلاری هەبێت بۆ هەژارە" .

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە زیاتر دەدوێت و دەڵێت"سولفەی خانوبەرەش قەرزێکی دیکەیە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی زەویان هەیە یان زەوییەک دەکڕن و بەویستی خۆیان دەیکەن و مانگانە پارەکەیان لێوەردەگیرێتەوەو ئەمیش بۆ چینی مام ناوەندەو سندوقی نیشتەجێبوونیش بۆ چینی مام ناوەند بەسەرەوەیە" .



شوققە تەواونەکراوەکانی سەر ڕێگەی هەولێر- کەسنەزان
(فۆتۆ:ڕووداو)

# ڕووەکخۆرەکان گەیشتنە کوردستانیش

**ڕووداو- هەولێر**

ئەمجەد شاکەلی، لەکاتی کۆچڕەوی 1991 دا کە لەسوێدەوە بەهاواری دایک و باوکی هاتبووە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بڕیاری دا چیتر گۆشت نەخوات، ئێستا ئەمجەد شاکەلی نەک گۆشت و بەرهەمی ئاژەڵ ناخوات بەڵکو هیچ شتێکی کوڵاو قوتوبەندکراویش ناخوات.

ئەمجەد دەڵێ "ئەگەر ئەوە ببێتە ڕەفتاری هەموو مرۆڤەکان چیتر چێشتخانە و ناندینی ماڵ و کۆمپانیاکانی قوتووبەندکردن نامێنن و ئاژەڵەکان لەسەر شەقام و ناو پەرلەمانیش دەبینین پیاسە دەکەن".

"مرۆڤ لە بنەڕەتدا ڕووەکخۆر بووەو ئەم سیفەتی گۆشتخۆرییەی لە ئاژەڵەوە وەرگرتووە"، لەژێر کاریگەریی ئەم فەلسەفەیەدا، لەسەرانسەری جیهان، ژمارەی ئەوانەی پشت لە گۆشتخواردن دەکەن و خوو دەدەنە ڕووەکخۆری، بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەڵکشاندایە. پاڵنەرەکانی ئەم پشتکردنە لە گۆشتخواردن زۆرن، هەندێکیان ئاینین، ئاینی هیندۆسی و بودایی کە ئەمڕۆ شوێنکەوتووانیان لەسەرووی یەک ملیار کەسە، فەرمان بە گۆشتنەخواردن دەکەن، بەڵام ئەمڕۆ لە خۆرئاواو بەتایبەتیش کیشوەری ئەورووپا دەیان هەزار کەس لەوانەی هەڵگری هیچ باوەڕێکی ئاینیی دیاریکراو نین دەستبەرداری گۆشتخواردن بوونە، ڕەنگە هەبێت لەڕوانگەی گرنگیدان بە تەندروستیی خۆیەوە بووبێتە ڕووەکی، بەڵام زۆریش هەن کوشتن و سەربڕینی ئاژەڵ وەک تاوانی کوشتنی مرۆڤ تەماشا دەکەن، لەکاتێکدا ناتوانن بەر بەم کوشتن و سەربڕینە بگرن، لانیکەم بە دەستگرتنەوە لە خواردنی گۆشت و بەروبوومەکانی ئاژەڵ ویژدانی خۆیان ئاسوودە دەکەن.

ئەمجەد شاکەلی کە 17 ساڵە لەڕوانگەی بەزەییهاتنەوە بە ئاژەڵ و نەسەندنەوەی مافی ژیان لێیان، نە گۆشت دەخواو نە بەروبوومەکانی ئاژەڵ، دەڵێ "خۆشحاڵم کە گۆشتنەخۆریی وردە وردە خەریکە دەگاتە کوردستانیش، زۆر دڵخۆشبووم کە لەبەرنامەی (لەگەڵ ڕەنجدا) ژمارەیەک هاووڵاتی کوردی گۆشت نەخۆرم بینین". هەرچەندە وەک ئەو گوتی دیاردەکە هێشتا "نامۆ" یە لە کوردستان، "بەڵام بەدووریشی نازانم لەداهاتوودا ژمارەیان لە کوردستان زۆر ببێ".

ئەمجەد شاکەلی کە لەساڵی 1980وە چووەتە سوێد و، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکان و خاوەنی چەند پەرتوکێکە، لەساڵی 1991ەوە بەیەکجاری دەستبەرداری گۆشتخواردن بووە، پەری کچیشی بەقانەعەتی خۆی و لەژێر کاریگەری ئەودا بووەتە گۆشت نەخۆر. شێخ محەممەد شاکەلی باوکیشی کە پێشتر داوای لە ئەمجەد دەکرد دەست بە گۆشت خواردن بکاتەوە، ئەوە چەند مانگێکە خۆیشی بووەتە گۆشتنەخۆر. بەڵام دەڵێ" فەرهاد شاکەلی برام هێشتا گۆشتخۆرەو چاکیشی دەخوات".

ئەمجەد شاکەلی لەکاتی کۆڕەوی ساڵی 1991دا کە ماڵی باوکی لە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگیرسێنەوە و ئەمیش لە سوێدەوە بۆ دیدەنییان گەیشتووەتە ئەوێ، ڕۆژێک بۆ خواردنی سەروپێ لەلایەن یەکێک لە ماڵەکانی ئەو گوندە داوەتدەکرێن، دیمەنی ئەو نیوەڕۆیەی سەر سفرەکە ئەمجەد هاندەدات بۆئەوەی دوابڕیار بدات.

ئەمجەد دەڵێ " نیزامەدین گلی لەتەنیشتم دانیشتبوو، پێمگوت بەرامبەر دیمەنی ئەو هەموو سەر و پێی ئەو ئاژەڵانە چ دەڵێی، پێیگوتم یامعەوەد دە وازبێنە و بخۆ، بەڵام من وازمنەهێنا و بڕیاری گۆشت نەخواردنم دا".



## دوای وازهێنانم لە گۆشتخواردن تەندروستیم باشتربووە و هەست بەئارامی دەروونی دەکەم کە دەستم لە خوێنڕژاندنی ئاژەڵدا نییە

ئەمجەد شاکەلی

ئەمجەد شاکەلی کوشتنی ئاژەڵی پێ "گوناهێکی گەورەیە" و دەشێت "وەک ئەوەوایە مرۆڤێک بکوژی". شاکەلی هەر لەم ڕوانگەیەوە نەک هەر گۆشت، بەڵکو هیچ بەروبوومێکی ئاژەڵیش ناخوات، دەڵێت "پێموایە هەرچی بەرهەمی ئاژەڵ هەیە بۆ خۆیەتی، بۆنموونە ئەو شیرەی تۆ دەیخۆیتەوەو دەیکەیت بەماست و شتی دیکە ئەوە هی کارو بەرخ و گوڵکەکانەو مافی ئێمە نییە بیخۆین، هەنگوین هی مێشەکان خۆیانەو تۆ کە ئەو شتانە دەخۆی وەک ئەوە وایە بەشەخۆراکی منداڵێک بۆخۆت داگیربکەی".

وەک ئەمجەد شاکەلی دەڵێت گۆشتنەخۆرەکان لە جیهان زۆر نین، بەڵام لە سوێد چونکە ژمارەیان بەرچاوە ڕێستورانتی تایبەتی گۆشتنەخۆران کراونەتەوە. کێشەی شاکەلی ئەو کاتە دەستپێدەکات کە بەسەردان دەگەڕێتەوە کوردستان، دەڵێت "ئەگەر لەماڵەوە بیت کێشە نییەو دەتوانی بۆخۆت خواردنێک دروست بکەی، بەڵام ئەگەر لەدەرەوە نان بخۆی، تێتناگەن، لێرە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە چەمکی گۆشتنەخواردن شتێکی نامۆیە، کەدەڵێی گۆشت ناخۆم دەڵێت باشە گۆشتەکەی لێدەردەکەین، یان دەڵێت دەباشە مریشکت بۆ دێنم، کاکە ماسیت بۆ دێنم، ناتوانێ بیربکاتەوە کە خۆراکێک هەیە بەبێ گۆشت".

گۆشتنەخۆرەکان سێ جۆرن، ڤێجیتیریان، ئەوانەن کە گۆشت ناخۆن.جۆرەکەی دیکەیان لاپتۆڤێجیتیریانن، ئەوانەش ئەوانەن کە گۆشت و بەرهەمەکانی ئاژەڵیش وەک ماست و پەنیرو هێلکە و هەنگوین و ...هتد ناخۆن .ڤێگانەکان جۆری سێیەمن کە گۆشت و بەرهەمەکانی ئاژەڵ و ئەو شتانەش ناخۆن کە بەرهەمێکی ئاژەڵیان چووەتە ناوەو تێکەڵ بووە. ئەمجەد شاکەلی لەجۆری سێیەمیانە . بەڵام ئێستا ئەو جۆرەشی تێپەڕاندووە.

ئەمجەد شاکەلی، لەژێر کاریگەری عوسمان فەرەج، کە کوردێکی دانیشتووی بەریتانیایە، ئێستا هیچ شتێکی کوڵاویش ناخوات، شەکر و چا و خوێ و ڕۆنیش ناخوات. ئەو ئەمجەدە کە ساڵێک پێش ئێستا لەسەفەرەکانی بۆ کوردستان قاوەو کەرەستەکانی لێنانی لەسوێدەوە لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە ئێستا دەم لەقاوەو هیچ شتێکی کوڵاو نادات. ئەم جۆرە کەسانەش پێیان دەگوترێت (ناچراڵ هایجنیست) . ئەوانە تەنیا شتی سروشتی بەنەکوڵاوی دەخۆن.

دکتۆر شیلتن،ئەم ڕێبازەی داهێناوەو چەند کتێبێکیشی لەبارەیەوە نووسیوە. ئەم دکتۆرە کلینیکی تایبەتی هەبووەو هەمیشە نەخۆشەکانی ئامۆژگاری کردووە کە خۆراکی سروشتی و نەکوڵاو بخۆن چونکە پێیوابووە کوڵاندن گۆڕانکاری بەسەر خواردندا دێنێت و هەرچی ڤیتامینی ناوی هەیە دەکوژێت، هەروەها ئامۆژگاری دەکردن دەرمان ئەگەر زۆر زۆر پێویست نەبێ بەکارنەهێنن.

ئەو ڕێبازەی شیلتن زیانی بە کۆمپانیاکانی خۆراک و سەرمایەداران دەگەیاند، لەبەرئەوەش لەلایەن کۆمپانیا و سەرمایەدارانی ئەمریکاوە بەرەورووی دژایەتییەکی زۆر بووەوە. ئەمجەد شاکەلی دەڵێت " ئەگەر ئەو ڕێبازە پەیرەوکراوەی ئێمە بڵاوبێتەوەو هەموو خەڵک بێنەسەرئەوەی تەنێ سەوزەو میوە بخۆن و شتی نەکوڵاو بخۆن، کۆمەڵێک شتی زۆرهەن کە نامێنن، بۆنموونە ئەگەر ئەوەبوو ئیدی کەبابخانە نامێنێ، قەسابخانەکان نامێنن، شوێنەکانی بەخێوکردنی ماسی و مریشک و ئەوانە نامێنن، ڕێستورانت بەم شێوەیەی ئێستای نامێنێ و خۆراکەکانی نێو قوتوو نامێنن، کارخانەکانی دروستکردنی خۆراک نامێنن، ئیدی ڕەنگە بگاتەئەوەی خەڵک لەماڵەوە تەباخیش بەکارنەهێنن، بەڵکو لەوانەیە مەتبەخ هەر لە بنەڕەتەوە نەمێنێ".

ئەمجەد شاکەلی بە هیوای ئەو ڕۆژەیە و دەڵێت "ئەگەر وای لێهات ئیدی مەڕو ئاسک و گوڵک و قەل بێ ترس دێن و دەچن و ژیانێکی هارمۆنیی جوان لەگەڵ مرۆڤ دروست دەکەن". ئەمجەد شاکەلی پێچەوانەی ئەو ڕایەی دەڵێ مرۆڤی نیاندەرتال سەرەتا بەڕاوکردنی ئاژەڵ و خواردنی گۆشتیان بەخاوی دەستی بەدابینکردنی بژیوی ڕۆژانەی کردووە دەڵێ "مرۆڤ لە بنەڕەتدا گۆشتخۆر نەبووەو ڕووەکخۆر بووە".

ئەمجەد شاکەلی بەردەوام دەبێ لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو ڕایە و دەڵێ " ئەگەر بەپێی تەفسیرە ئاینییەکەش بێت کە دەڵێت مرۆڤ لە ئادەمەوە دەستپێکردووە، چیرۆکەکە باسی گەنم و سێو دەکات، ئەگەر بە تەفسیرەکەی دیکەش بێت، واتە تەفسیرە داروینییەکە کە گوایە مرۆڤ لەنێو ئاوەوە هاتووەو گیانەوەری یەکخانە بووەو دواتر قۆناخی مەیموونبوونی تێپەڕاندووە، دیسان مرۆڤ هەر لەنێو دارستان ژیاوە، گۆشتخواردن ئەوکاتە دەستپێکردووە کە ئیدی مرۆڤ توانیویەتی دەسەڵاتی بەسەر ئاژەڵدا بشکێ و چەکی تایبەتی بۆ ڕاوکردنیان دروست بکات".

ئەمجەد شاکەلی لەوە بێزارە کە لەکاتی سەردانەوەیدا بۆ کوردستان ئەم مەسەلەی گۆشتنەخواردنەی زۆر دەبێتە جێی پرسیاری خەڵک "کە دەچیتە سەر سفرە نان دەخۆیت، پرسیارت لێدەکەن بۆ ناخۆی؟ دکتۆر پێیگوتووی؟ نەخۆشی؟ کە دەڵێی نەخێر لەبەرئەوەیە بەزەییم بەئاژەڵدا دێتەوە، زۆریان پێ سەیرە، دەڵێن خوا حەڵاڵی کردووە، پێیانوایە خوا فەرمانی پێکردوون کە هەر دەبێت بیخۆن، بەڕاستی ئەو (دەبێت)ە لە قورئاندا نییە. بەڵام خەڵک لەمە تێناگەن و لەوانەیە هەبێت بڵێ ئەم کابرایە تێکچووە".

ئەمجەد شاکەلی لە مەسەلەی کاڵخۆریدا یەکێک لە شتە هەرە بنەڕەتییەکانی ژیانی لەخۆی حەرام کردووە کە نانە، پێیوایە ئەو شتانەی دەبنە هەویر گۆڕانیان بەسەردادێت، دەبێت هەویر ببرژێنی بۆئەوەی ببێتە نان، ئاگریش بۆ هەموو شتێک خراپە، چونکە دەیسووتێنێ.

ئەمجەد شاکەلی هیچ شتێکی لە قوتوونراویش ناخوات، تەنانەت ئەگەر شەربەتێکی سروشتیش بێت.

نەخواردنی گۆشت و بەرهەمەکانی ئاژەڵ لەڕووی تەندروستییەوە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەمجەد شاکەلی دانەناوە " پێش1991 کە ئەودەمی گۆشتم دەخوارد هەستم بە گرانیی لەش و ئازاری گەدەو نەخۆشیی دیکە زۆر دەکرد، زۆرجار حەب و دەرمانم دەخوارد، قەستەرەم دەکرد ئێستا ئەو کێشانەم نەماوە. وەکو ویژدانیش تۆ کە گۆشت ناخۆی هەست بە ئارامبوونێکی دەروونی دەکەی کە دەستت لەخوێن ڕژاندنی بزن و مەڕو مریشکدا نییە". هەروەها دەڵێ گۆشتنەخۆری هیچ کارناکاتە توانای جووتبوون.

ئەمجەد شاکەلی دەڵێ، گۆشتخۆرەکان دوای ماوەیەک لە گۆشت نەخواردن، هەرکە گۆشت دەبینن بۆنی بۆگەنییەکەی "ئێستا کە گۆشت دەبینم بۆنی بۆگەنییەکەی دەکەم و بێزم لێدەبێتەوە".

# 2000 نۆرینگەی گەڕەکەکان لە ژێر هەڕەشەی داخستندان

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

ئامینە عەبدوڵڵا، 54 ساڵ، عیادە پزیشکییە میللییەکەی گەڕەکەکەی زۆر پێ باشتر لەوەی بچێتە عیادەی پزیشکێکی پسپۆڕ و 15 هەزار دینار بداتە نرخی بلیتێک و ماوەیەکی زۆریش چاوەڕێی دکتۆری پسپۆڕ بکات.

ئامینە، کە دانیشتووی گەڕەکی کانی شاری هەولێرە، ماوەی 10 ساڵە نەخۆشی بەرزبوونەوەی فشاری خوێنی هەیە، هەرکاتێک فشاری خوێنی زیاد دەبێت دەچێتە عیادەی معاون توبیەکەی گەڕەکەکەیان، کە 18 ساڵە لەو گەڕەکەدا هەیە.

ئەو ژنە لەنێو قەرەباڵغی بەردەم عیادەکە بۆ (ڕووداو) گوتی "مەگەر گەلەک شڕ بم ئەوجا دەچمە لای دکتۆر نەکو ئەوە چەند ساڵە هەموومان هاتووچۆی ئێرە دەکەین و دەرمان وەردەگرین و چا دەبینەوە، ما ئەویش دکتۆر نییە؟، دواییش دەرمانی بازاڕی گەلەک گرانە".

لەزۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان چەندین عیادەی پزیشکی گەڕەکەکان هەن، کە لەلایەن یاریدەرانی پزیشکی و برین پێچان دانراون و، ڕۆژانە سەدان نەخۆش ڕوویان تێدەکەن، بەبێ ئەوەی مۆڵەتی ڕەسمیان هەبێ و ئێستاش وەزارەتی تەندروستی سەرقاڵی داخستنی ئەو عیادە پزیشکیانەیە.

سەرەتای حوزەیرانی ئەمساڵ سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بەهاوکاری وەزارەتی تەندورستی و وەزارەتی ناوخۆ کە لایەنی جێبەجێکارە، بڕیاری داخستنی ئەو عیادە پزیشکیانەیان دا کە لەگەڕەکەکان و لا کۆڵانەکان بەبێ هیچ مۆڵەتێکی فەرمی دەرمان دەدەنە هاووڵاتییان.

وەک هەنگاوی یەکەم سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بڕیاریداوە پلانی قەدەخەکردنی فرۆشتنی دەرمانیان بەو عیادانە داناوە، هەروەک دکتۆرە مۆژدە خدر مەولود، سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان گوتی "بەڵێننامەیەکمان بەخاوەن کۆگاکانی دەرمان پڕ کردووەتەوە کە نابێت چیتر دەرمان بەعیادە پزیشکییەکانی کۆڵانان بفرۆشن، تەنیا بەو دەرمانخانانە نەبێت کە مۆڵەتیان هەیە".

سەرۆکی ئەو سەندیکایە دەڵێ "جاران ئەگەر دەرمانێکی خراپ لەلایەن دەرمانخانەیەک یان عیادەیەکی پزیشکی کۆڵان بدرابایە هاووڵاتی، سەندیکا نەیدەزانی ئەو دەرمانە لەکوێ وەرگیراوە، بەڵام ئێستا لەڕێگای ئەو بەڵێننامەیە دەزانرێت کە لە چ کۆگایەک وەرگیراوە".

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان دەست (ڕووداو) کەوتووە، 2000 عیادەی پزیشکی بێ مۆڵەت لەنێو گەڕەکەکاندا هەن و دەرمان دەفرۆشن، کە 70 عیادەیان تەنیا لەشارۆچکەی سۆرانن، سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازانیش دەڵێت " وەزارەتی ناوخۆ دەبێت بەزووترین کات ئەو عیادانە دابخات".

هەر بەپێی ئاماری سەندیکای دەرمانسازان، لەنێو شاری هەولێر 83 دەرمانخانەی مۆڵەتپێدراو و 14 کۆگای فرۆشتنی دەرمان هەیە، کە هەر کۆگایەک لە پێنج دەرمانخانە بەرپرسە.

بڕیارەکەی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بووەتە مایەی نیگەرانی ئەو یاریدەرە پزیشکییانەی کە عیادەیان لەکۆڵانەکاندا هەیە، چونکە ئەوان پێیانوایە ئەو عیادەکانیان خزمەتێکی زۆری هاووڵاتیانیان کردووەو تارادەیەکی زۆر لە ئەرک و قەرەباڵغی نەخۆشخانەکانیشیان تا ڕادەیەک کەمکردووەتەوە.

هاوکار محەممەد، کە یاریدەدەری پزیشکییە و 18 ساڵە عیادەی پزیشکی هەیە لەگەڕەکی مەلایان، وەک خۆی باسیکرد ڕۆژانە نزیکەی 30 نەخۆش بەرێدەکات، بڕیارەکەی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستانی بە بڕیارێکی "خۆپەرستانە و تاکڕەوانە" وەسفکرد و، گوتی "چونکە نرخی دەرمانەکانی ئێمە هەرزانترە، دەرمان لای ئێمە باشتر خەرج دەکرێت، کۆگاکانیش زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئێمە دەکەن بۆیە دەرمانخانەکان پێیانناخۆشە، بەڵام ئەوان بەرژەوەندی هاووڵاتیانیان لەبەرچاو نەگرتووە".

ئەو یاریدەدەرە پزیشکییە بەگرنگییەوە باسی لەبوونی ئەو عیادە پزیشکیانە کردو گوتی "ئێمە 18 ساڵە خزمەتی هاووڵاتیان دەکەین و 90% ی ئەوانەی دەچنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، ڕەچەتەکانیان بەهۆی نەبوونی دەرمان دەهێننەوە لای ئێمە، باشە ئەگەر ئەم عیادانە دادەخەن وەزارەت بەدیلی چییە بۆ خەڵک".

تا ئێستا بەدەیان کەس لە ئەنجامی دانی دەرمانی هەڵە بەنەخۆشەکان لەو عیادانەی گەڕەکەکان، یان بە هەڵە دەرزی لێدان ڕووبەرووی مەترسی بوونەتەوە.هەندێ پزیشک دەڵێن، چونکە ئەو یاریدەرە پزیشکیانە، تەنیا 2 ساڵ لەبواری پزیشکیدا دەخوێنن، جگە لەوەش شوێنی زۆر لەو عیادانە و لەڕووی پلەی گەرما و پاکوخاوێنی گونجاو نین .

سەرۆکی سەندیکای دەرمانسازان، بوونی ئەو عیادانە بە"مەترسی" دەزانێت، مژدە گوتی "ئێمە 5 ساڵ لەزانکۆ خوێندوومانە ئینجا دەتوانین هەندێک دەرمان کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێت بەبێ ڕەچەتەی پزیشک بدەینە هاووڵاتی کەچی ئەوان هەموو جۆرە دەرمانێک دەدەنە هاووڵاتییان".

دەرکردنی ئەو بڕیارە لەلایەن سەندیکای دەرمانسازانەوە کاریگەری کردووەتە سەر بازاڕی کۆگاکانی دەرمانیش، بەو پێیەی زۆربەی موشتەرییەکانی ئەو کۆگایانە خاوەن عیادە پزیشکییەکانی گەڕەک و کۆڵانەکانن.

سیروان ڕەحیم، خاوەنی کۆگای سۆزە بۆ فرۆشتنی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان گوتی "ڕاستە ئەو بڕیارە تا ڕادەیەک کاریگەری هەیە لەسەر بازاڕی فرۆشتنی دەرمان چونکە بەشی هەرە زۆری کڕیارەکانمان عیادە پزیشکییەکانن، بەڵام دەبێت کارەکانی ئەوانیش دیاریبکرێت چونکە ناکرێت ئەوان دەرمان بدەنە خەڵک بەبێ بینینی پزیشک ".

هەروەها ناوبراو پشتڕاستیشیکردەوە کە لەلایەن سەندیکای دەرمانسازانەوە بەڵێننامەیان پێ پڕکراوەتەوە کە بەهیچ جۆرێک دەرمان نەفرۆشنە عیادە پزیشکییەکانی گەڕەکەکان، گوتیشی "چەند سزایەکی یاسایی دانراوە ئەگەر بێت و سەرپێچی ئەو بڕیارە بکەین".

دەرمانسازێک، کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە بڕیارەکەی سەندیکای دەرمانسازان، کاریگەری لەسەر بازاڕی فرۆشتنی دەرمان لەکۆگاکان هەبووە، ئەو بۆ (ڕووداو) گوتی "جاران کە دەچووینە کۆگاکان بەرنەدەکەوت لەبەر عیادەی کۆڵانان، بەڵام ئێستا بازاڕیان نەماوە ".

هەروەها ئەو دەرمانسازە گلەییەکی زۆری لەخاوەن عیادە پزیشکییەکانی کۆڵانان هەبوو کە زۆر جار بەبێ پرینگانەوە هەندێک دەرمان دەدەنە هاووڵاتیان "دەرمانی وا دەدەنە هاووڵاتی زۆر جار دکتۆریش ناوێرێت بینوسێت، وەکو ڤالیۆم، ئارتین و سۆمەدرین کە مادەی بێهۆشکەریان تێدایە ".

# دەستوورەکەی قادر بەگ کاریگەری نەما

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو – هەورامان**

بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵی سەنتەری هەورامان، کەوتووەتە ناو چارەسەرکردنی کێشە گەرمەکانی ئاودێری باخەوانەکانی دەڤەرەکە و، داوا لە جوتیاران دەکات گرفتەکانیان گەورە نەکەن و لەیەک بگەن. یەکێک لەو دوو باخەوانەی بە کێشەیەکەوە لای بەڕێوەبەری خورماڵ بوون، سوورە لەسەر ئەوەی دەست لەداوا یاساییەکەی هەڵنەگرێت، کە بەهۆی کەمی ئاوەوە لەدادگا لەسەر باخەوانەکەی دیکەی تۆمار کردووە.

کاریگەرییەکانی وشکەساڵی و بێ بارانی، گەیشتووەتە دەڤەری هەورامانیش و سەرچاوە بەناوبانگەکەی ئەحمەداواش نزیکی وشکبوون بووە و ڕۆژانە جوتیارو باخەوانەکانی ئەو دەڤەرە، کێشەی ئاو و ئاودێری دەبەنە لای بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ .

ماوەیەک لەمەوبەر، دانیشتووانی بەڵخەی هەورامان، ئیدارەی دەڤەرەکەیان لەئەگەری چۆڵبونی گوندەکە ئاگادار کردەوە، زۆربەی باخە گوێزەکانیش بێ ئاوی هەڕەشەیان لێدەکات. ئەنجوومەنی بەڵخ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لەو گوندە 150ماڵەدا لەماوەی یەک هەفتەدا، نزیکەی 10ماڵ گوندەکەیان لەبەر بێ ئاوی جێهێشت و خەڵک بەردەوام دەڕوات". ئەمە لەکاتێکدا کە بەڵخ یەک لەگوندە هەرە تەڕەکانی هەورامان بووەو ئێستا خەڵکی گوندەکە ڕۆژانە دوو کیلۆمەتر ڕێگا دەبڕن بۆ هێنانی ئاوی خواردنەوە.

سمکۆ سالار، بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ، ئەوکاتەی سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەی ئاودێری نێوان دوو هاووڵاتی بوو، گوتی "هەرچەندە کێشەی بێ ئاوی لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە، بەڵام وەک ئیدارەی شارەکە ئەوپەڕی هەوڵمانداوە بۆ چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی". سمکۆ گوتیشی "ئەمساڵ بەهۆی وشکە ساڵییەوە، زۆربەی کێشەکانی ناوچەکە، لەنەبوونی ئاوی خواردنەوەو ئاودێری باخەکاندا کۆبوونەتەوە".

ڕەشید حەمە، وشکبوونی باخە هەنارو گوێزەکان بەکارەساتێکی دیکەی وشکەساڵی ناو برد و گوتی "جوتیارەکان لەدەغلودان دەستیان داشۆری و ئێمەش دەبێت دەست لەباخەکانمان بشۆین، ئیتر چی دەمێنێتەوە لەو وڵاتە". ئەو پیاوە بەوپەڕی نائومێدییەوە سەیری تارماییەکانی چنگی وشکەساڵی دەکات و دەڵێت " مەگەر هەر لەتەلەفزیۆنەوە سەیری وەزارەتی کشتوکاڵ بکەین و مێش میوانی حکومەت نییە".

حکومەتی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی تەرخانکردووە.

ئەمساڵ گەشتیارانی سەیرانگای ئەحمەداوا، ناتوانن وەک ساڵانی ڕابردوو میمۆری کامێراکانیان پڕکەن لە وێنەی ئەو تاڤگە بەخوڕو ناوازەیەی، کە لەگەڵ پێی خۆیدا ئاوازێکی سەرنجراکێشی دەهێنایە بەرگوێ.

حاجی جەمال، کە لەژێر سێبەری گوێزێکی دڵتەنگ لەچارەنوسی خۆیدا ڕاکشاوە دەڵێت "ئەمە دوا هاتنی ئەمساڵم دەبێت بۆ ئەحمەداوا، بەڕاستی لەجیاتی کات بەسەر بردن، تەنیا خەفەتم بۆ وشک داهاتنی ئەو بەهەشتە خواردووە".

لەساڵی 1928بۆ یەکەمین جار، قادربەگی هەورامان، کە ساڵانێک خۆی و براکانی فەرمانڕەوای هەورامانیان کردووە، سستەمێکی ئاودێری لەناو باخەوانەکانی دەڤەری هەوراماندا هێنایە کایەوە، کە ماوەی 80ساڵە باخەوانەکانی ئەو دەڤەرە بۆ ئاودانی سەوزەو میوەکەیان پەیڕەوی دەکەن و بێ کێشە توانیویانە پارێزگاری لەپەیوەندییە بەهێزەکەی نێوان هەورامان و گوێز بکەن.



کاریگەری وشکەساڵی گەیشتە دار گوێزەکانی هەورامانیش (فۆتۆ:ڕووداو)

ئەمساڵ، هەر لەسەرەتای وەرزی بەهارەوە، یاسا ئاودێرییەکەی قادر بەگ لەهەورامان کاریگەری نەماو پووکایەوە، چونکە ئیتر ئاوەکە نەیدەتوانی بەو بەرنامەیە گەرووی وشکی گوێزەکان لەکاتی خۆیدا تەڕبکاتەوە.

جوتیارێک یاساکەی قادربەگی زیاتر ڕوونکردەوەو گوتی "دەبوایە هەر باخەوانێک بەسەرە ئاودانی خۆیدا ڕێڕەوی ئاوەکە بۆ ناو باخەکەی بسوڕێنێتەوە، بەڵام ئیتر ئاوەکە ئەوەندە کەم بووەتەوە کە ئەگەر سەرەشمان بێت، ناتوانێت لەکاتی دیاریکراودا ئاوبدەین".

ئەحمەد سۆسەکانی، کە سێ بەشی تەمەنی خۆی لەناو باخەکەیدا گوزەراندووە گوتی " ئەگەر باخەکان وشکیش نەبن، وەک ساڵان بەروبوومیان نابێت و ڕەنگە هەر بەرهەمیشیان نەبێت "، گوتیشی "زۆر لەخاوەن باخەکان سەرە ئاوی خۆیان فرۆشتووەو وازیان لەباخداری هێناوە،چونکە کابرا هیلاکی و خەرجییەکەی خۆی دەست ناکەوێتەوە، ئیتر با سەرئێشەی ئاودێری و قرە قڕ بوەستێت". سۆسەکانی نیگەران بوو لەوەش کە، جگە لەکارەساتی کۆتایی هاتنی باخەکان و بەرهەمی شیرین و بەتامی خۆماڵی، هاوکات هەورامان تایبەتمەندییە جوانەکەی خۆشی لەدەست دەدات " کە ئاو نەما، چ جیاوازییەک لەنێوان هەروامان و شوێنەکانی دیکە دەمێنێ" .

بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ ئامادەیە هەرچی لەدەسەڵاتی دابێت بیکات بۆ بەرەنگاربونەوەی کێشەکە، بەڵام دڵنیاشە لەوەی کە کارەکە توانایەکی بێ ئەندازەی دەوێت"میراومان بۆ سەرچاوەکان داناوەو میراو هەرباخەوانەو لەکات و ساتی خۆیدا بڕە ئاوی دیاریکراوی پێدەدات و دەسەڵاتی ئێمە هەر ئەوەندەیە، کە عەدالەتی دابەشکردنی ئاو مسۆگەر بکەین لەنێوان باخەوانەکاندا".

گوێز یەکێک لەودرەختە باڵا بەرزانەیە، کەپێویستی بەئاوی زۆرەو لەناوچە فێنک و تەڕەکاندا دەژی. هەورامانیش، کەزیاتر بەگوێز ناوبانگ و شکۆی خۆی لەبازاڕدا ڕاگرتووە، ساڵانە سەدان تەن گوێز ڕەوانەی بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان و ئێران دەکات، بەڵام وەک ئەحمەد سۆسەکانی گوتی "ئەمساڵ نە ئەو گوێزەی ساڵانمان دەبێت و نەحکومەتیش تائێستا هیچ مشورێکی لەو کێشەیە خواردووە".

یەکێکی دیکە لەجوتیارە بەدبینەکان گوتی "ساڵانی ڕابردوو، هەرلەناوەڕاستی هاوینەوە، بازرگانە گوێز کڕەکان دەهاتن و خۆیان ئامادە دەکرد، بەڵام وادیارە ئەمساڵ ئاستی بەرهەمی گوێز لەئاستێکدایە نابێت شیاوی باس بێت".

## محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست:

# فایلەکان لە بەرپرسەوە تێیدایە تا ئەندامی سەرکردایەتی و سکرتێری حیزبەکان

**سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە لەماوەیەکی نزیکدا دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی سەرجەم ئەو فایلانەی بەعس کە لای ئەون و باس لە سیخوڕیکردن و ئەندامە بەعسییەکان دەکا لە هەرێمی کوردستاندا ئەو بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە "ئەو فایلانە لە ئەندام و کەسی ئاساییەوەی تێیدایە تاوەکو بەرپرس و ئەندامی سەرکردایەتی و سکرتێری حیزب کە سیخوڕییان بۆ بەعس کردووەو فایلی دەزگاکانی موخابەراتی عێراق و دەزگای ئیستخبارات و دەزگای ئەمنی عامەشی تێدایە".**

**محەممەدی حاجی مەحمود، لەو هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ (ڕووداو) بە وردی باسی ئەو فایلانەو هەندێک بابەتێکی دیکەی کوردستان دەکات:**

**هەڤپەیڤین: ئامانج خەلیل**

**ڕووداو: ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا و عێراق باسێکی گرنگی ئەمڕۆیە، ئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد تاچەند توانیویەتی لەو ڕێککەوتنامەیەدا بۆ بەرژەوەندی کوردستان کاربکات؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** ئەمەریکا تائێستا سێ پرۆژەی ڕێککەوتنامەی لەگەڵ عێراق پێشکێش کردووە، عێراقیش پرۆژەی هەبووە. هەرچەندە زۆر ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە نیم، بەڵام بەگشتی دەڵێم ئەگەر ئەمەریکا نەبووایە، سەدام نە بە کورد و نە بە عەرەب نەدەرووخا. دەبووا هەر خەون بە ڕووخانیەوە ببینین. بەڵام بەداخەوە عێراقییەکان نە پێش ڕووخانی سەدام و نە دوای ڕووخانیشی نەیانتوانی ڕێککبکەون وەک چۆن ئەفغانییەکان لە بۆن ڕێککەوتن. ئەمەریکا یەک مانگ چاوەڕوانی لایەنە عێراقییەکانی کرد تا ڕێکبکەون. بەبڕوای من کورد زۆر کەم سوود لەو ڕێککەوتننامەیە دەبینێ، چونکە ئێستا هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە بیر لەوە دەکەنەوە ئەگەر ئەمەریکا لەناوچەکە نەبێت کورد سەرۆک کۆماری نابێت، ئەمەریکا لەناوچەکە نەبێت کورد نەوت نافرۆشێت، ئەمەریکا نەبێت کورد بە ئارەزووی خۆی تەراتێن لەگەڵ ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتدا ناکات.

**ڕووداو: کەواتە تۆ مانەوەی ئەمەریکا لە عێراقدا بە پێویست دادەنێی؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** بەڵێ، تا ئەوکاتەی مەسەلە بنچینەییەکانی کورد لە دەستوورو قانونەکاندا دەچەسپێن، چونکە تائێستا هیچ شتێکی ئێمە لە دەستورو قانوندا نەچەسپیوە، مادەیەکی لاوازی وەک 140 نەبێت کە ئەویش هیچ نییە.

**ڕووداو: بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد دەڵێ، مافی زۆر لەدەستووردا بۆ کورد چەسپیون، ئایا ئەمە وانییە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** نەخێر وانییە. ئێمە پێشتر 77 ئەندام پەرلەمانمان هەبوو، ئێستا 53 مان هەیە، کێ گرەنتی دەکات کە ئەمجارە نابنە 43 ئەندام، ئێمە ئێستا سەرۆک کۆمارمان هەیە، بەڵام لەدوای تەواوبوونی ماوەی قانونی کێ زەمانەت دەکات کوردێک ببێتەوە سەرۆکی کۆمار کە ئێستا بەکۆمەڵێک هۆ بووەتە سەرۆک کۆمار، یان جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوە، باوەڕناکەم ئەمانە بەئاسانی دەست کورد بکەونەوە ئەگەر عێراق ببێتە خاوەن دەسەڵاتی خۆی.

**ڕووداو: کەواتە پێتوایە کورد نەیتوانیوە لەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا گرەنتییەک بۆخۆی دەستەبەر بکات؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** نەخێر نەیتوانیوە، چونکە مەسەلەکانی: سنووری کوردستان، فیدراڵی، پێشمەرگە، بودجە تائێستا یەکلایی نەکراونەتەوە. ئێستا 17%بودجەمان هەیە، لەوانەیە ساڵێکی دیکە ببێتە 12% . لەبەر ئەوە مانەوەی ئەمەریکا گرەنتییە بۆ ئێمە، بەتایبەتی ئەگەر بنکەیەکی سەربازی لە کوردستاندا هەبێت.

## هیچ شتێکی کورد لە دەستووری عێراقدا نەچەسپیوە و، مادەی 140یش هیچ نییە

**ڕووداو: چ خاڵێکی ڕێککەوتننامەکە بۆ کورد بە خراپ دادەنێی؟**

**محەمەدی حاجی مەحمود:** ئەو خاڵەی کە دەڵێت ئەگەر هەر کێشەیەک لە هەر سوچێکی عێراقدا هەبوو سوپای ئەمەریکا و عێراق دەتوانن بچن سەرکوتی بکەن، ئەمە زیانی هەیە بۆ ئێمە، خاڵێکی دیکە دەڵێت خاکی عێراق بەکاردەهێندرێ بۆ لێدانی هەر وڵاتێک، ئەمە زیانی هەیە، خاڵێکی دیکەش دەڵێت نابێت عێراق هیچ ڕێککەوتنامەیەک ئیمزا بکات بەبێ ڕەزامەندی ئەمەریکا، هەروەها دەڵێت هەموو سەربازێکی ئەمەریکی حەسانەی هەیە و هیچ دادگایەکی عێراقی ناتوانێ دادگایی بکات، ئەمە زیانی هەیە بۆ ئێمە. خاڵێکی گرنگتر ئەوەیە کە ئەمەریکا هەر وڵات و لایەن و کەسێکی بە تیرۆریست دانا، عێراق ناتوانێ بەرگری لێبکات، ئەمە زیانی هەیە بۆ کورد و لەوانەیە بۆ عێراقییەکانیش زیانی هەبێت. پێویستە خاڵێک لە ڕێککەوتننامەکەدا هەبێت ئاماژە بە بوونی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا بکات کە بڵێت هەرێمێک هەیە لە عێراق بە ناوی کوردستانی عێراق و مافی ئەو هەرێمە پارێزراوە. ئێمە تەنیا ئەوەندەمان بەسە لەناو ڕێککەوتنامەکەدا و زۆر گرنگە بۆمان، بەبێ ئەمە کورد زیانی لێدەبینێ.

**ڕووداو: پێتوایە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەبەغدا ئەو خاڵە لە ڕێککەوتننامەکەدا بچەسپێنێ؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** بەبڕوای من ئەگەر بیانەوێ دەتوانن، بەڵام ئەگەر نەیانەوێت وەک پێشووتر کردیان لەبارەی سنووری کوردستان و کێشەی کەرکوک و مافەکانی کورد، ئەوە زەرەرمانە.وەک چۆن لەماوەی ڕابردوودا نەیانتوانی لەبارەی کێشەی کوردەوە شتێکی گەورە بکەن، لەکارەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون. ئەگەر لەکەرکووک پشتیوانیمان لە تورکمان و عەرەب بکردایە ئەوانیش نەدەچوون لە تورکیا و بەغدا شکاتمان لێبکەن. لە کەرکووک سێ دەزگای گرنگ هەیە با پۆستێک بۆ ئەوان بێت.

**ڕووداو: بەڵام سەرکردایەتی کورد ڕای وایە شتێکی باشکراوە بۆ کەرکوک، بەتایبەت کە چارەسەرەکەی کراوەتە مادەیەکی دەستووری؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** تەنیا مادەی 140 هەیە کە من هەر باوەڕم پێی نییە، با لەسەرەتاوە باسیان لە حەمرین بکردایە کە 80 کیلۆمەتر لە خوار کەرکووکەوەیە، ئەوکات با عەرەبیشی تێدا بژیایە، بەڵام گرنگ ئەوەبوو هەر کوردستان دەبوو، بەڵام ئێستا 3 ملیۆن کورد ببەیتە کەرکووک هەر عێراقە.

**ڕووداو: چەند جارێکە دەڵێی زۆر فایلم لەلایە و بڵاویاندەکەمەوە، کەی بڵاویاندەکەیەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** فایلەکان هەندێکیان هی ساڵی 1991 ن و ئەوانیتریش هی ساڵی 2003 ن و، تایبەتن بەو کەسانەی کە کاری سیخوڕییان بۆ کاربەدەستانی بەعس و دەزگای موخابەرات و ئیستیخبارات و ئەمنی عامە کردووە.

**ڕووداو: بەرپرس و کەسانی ناسراویش لەناو فایلەکاندا هەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** بەڵی، لە ئەندام و کەسێکی ئاساییەوە تێیدایە تامەسئول و ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێک و تەنانەت سکرتێری حزبیشی تێدایە، هەروەها هەندێک کەسیشی تێدایە کە سیخوڕییان بەسەرەوە کراوە.

**ڕووداو: ئەو کەسانە کێن؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** لەکاتی خۆیدا بڵاویان دەکەمەوەو ئەوکات هەموو کەس دەیانبینێت.

**ڕووداو: ئەمە چەند جارێکە باس لەبڵاوکردنەوەیان دەکەی، ئایا کەی بڵاویان دەکەیتەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** لەراستیدا بەهۆی سەرقاڵیمەوە نەمتوانیوە تائێستا بڵاویان بکەمەوە، بەڵام ئێستا بەشێکیانم جیاکردووەتەوەو لەرێگەی وێبسایتێکی تایبەت بەخۆمان کە ناوی (سورێن) ە بڵاویان دەکەمەوە.

**ڕووداو: ئەم وێب سایتە تازەیە؟**

**محەمەدی حاجی مەحمود:** بەڵێ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم فایلانە دروستمانکردووەو ئێستا کەوتووەتەکار، بەم نزیکانە فایلەکان بڵاودەکەمەوە بێ گوێدانە لایەنی حیزبی و شەخسی.

**ڕووداو: لەناو فایلەکاندا کەس هەیە سیخوری لەسەر تۆ کردبێ؟**

**مەحەممەدی حاجی مەحمود:** بەڵێ .

**ڕووداو: باس لەوە دەکرێ کە تۆ مەسەلەی ئەم فایلانە بۆ هەندێک بەرژەوەندی حیزبی و فشار دروستکردن بۆ پۆست وەرگرتن بەکار دەهێنی؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** نەخێر، چونکە من کۆپییەکی ئەم فایلانەم داوەتە ئەو حیزبانەی کە ئەندامەکانیان یان مەسئولەکانیان جاسوسیان کردووەو فایلیان هەبووە.

**ڕووداو: تۆ هیچ فایلێکت داوەتە ئەمەریکییەکان؟**

**مەحەممەدی حاجی مەحمود:** بەڵێ ئەمریکییەکان داوایانکرد و منیش پێم وتن ناتوانم بتاندمێ وەرن لەماڵەوە سەیریان بکەن و کۆپیان بکەن بۆ خۆتان، بەڵام یەکێتی و پارتی نزیکەی 14 تەن فایلیان دا ئەمریکییەکان.

**ڕووداو: زیاتر بەرپرسانی کام حیزبی تێدایە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** هەموو حیزبەکانی تێدایە: یەکێتی، پارتی، شیوعی وهەموویان. هەندێکیان سیخوڕییان کردووە، یان ئیمزایان کردووە، یان پەیوەندی کردووە بە بەعسەوە بۆ کاری تایبەتی خۆی، هەندێکی دیکەشیان سیخوڕیان بەسەرەوە کراوە لە ڕێگەی کەسە نزیکەکانیەوەو خۆی ئاگای لێنەبووە.

**ڕووداو: بۆ پێشتر لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوت نەکردنەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** لەبەرئەوەی ئێستا هەندێک کەس لافی ئەوە لێدەدا کە زۆر پاکە، تەنانەت کە قسەش دەکات دەڵێت شوکر لە هیچ حیزبێک نیم، منیش بۆ وەڵامی ئەوکەسانە بڵاویان دەکەمەوە.

## زۆربەی کارەکانی دامەزراندنی سەتەلایتی جەماوەر تەواو بووە

**ڕووداو: دەگوترێ خەریکی دانانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی سەتەلایتن، ڕاستە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** بەڵێ ڕاستە، زۆربەی کارەکانیشی لە ئامێر و کادیر تەواو بووە، کەناڵەکەشمان ناوی (جەماوەر) دەبێ و لەئایندەدا لە گرووپی نیل سات پەخش دەبێت.

**ڕووداو:مانگی ڕابردوو کێشەیەک لەنێوان عەبدوڵڵای برات و چەند کەسێکدا ڕوویدا، براکەت بەوە تۆمەتبارکرا کە پاسەوانەکانی هێرشیانکردووەتە سەرگەنجێک و لێیانداوە، ڕووداوەکە چۆن بوو؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** دووساڵ بەر لەئێستا جەماعەتێک ویستیان کوڕێکی عەبدوڵڵای برام و مەلا بەختیار بڕفێنن، بەڵام دواتر دەستگیرکران، لەوکاتەوە ئێمە حەزەرمان هەبوو، ڕۆژێک ئۆتۆمبیلێک کە چەند گەنجێکی تێدابوو دەکەوێتە شوێن ئۆتۆمبیلەکەی عەبدوڵڵای برام کە شوفێر و چەندئافرەتێکی خۆمانی تێدابوو، لەنزیک فلکەی دەستاڕەکە، گەنجەکان هێرش دەکەنە سەر شۆفێرەکەمان و دەموچاوی خوێناوی دەکەن، لەوکاتەدا چەند پێشمەرگەیەکی ئێمە بە هانای شۆفێرەکەوە دەچن، لەوکاتدا مەفرەزەیەکی پۆلیسی فریاکەوتن دەگەن و لەبری ئەوەی گەنجەکان بگرن شوفێرەکەمان دەگرن،ئینجا پێشمەرگەکان شوفێرەکە لە پۆلیسەکان دەسەننەوەو دوو لەگەنجەکان دەگرن و دەیانهێننە گوڵەخانە بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن، چونکە گومان هەبوو لەجەماعەتی رفێنەرەکان بن، بەڵام دواتر دانیان بەوەدانا کە لە وان نین، بەڵام ویستوویانە پارە لە شۆفێرەکە بسەنن و هەر خۆشیان لەکاتەدا تەلەفۆنیان بۆ پۆلیسی فریاکەوتن کردبوو. ئەو گەنجانە لەگەڵ چەند پۆلیسێکیشدا شەریکبوون وپێشتر کاری وایان کردووە و گێچەڵیان بە شوفێرەکان کردووەو دواتر پارەیان لێسەندوون.

**ڕووداو: کێشەکە چۆن کۆتایی هات؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** وەزارەتی ناوخۆ لەکێشەکەی کۆڵییەوەو پۆلیسەکانی فەسڵکرد، گەنجەکانیش کە زانرا رفێنەر نین لەلای ئێمە بەرەڵڵاکران، بەڵام پۆلیس دەستگیری کردوون.



**مەحەمەدی حاجی مەحمود**
– ساڵی 1953 لە گوندی گوڵەخانە لەدایکبووە.
–ساڵی 1975 پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووەو شەش جار بریندار بووە .
–خاوەنی 10 کتێبی چاپکراوە، کە دیارترینیان بەناوی "ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک" وسێ بەرگی بڵاوکراوەتەوە کە بووە هۆی دروستبوونی نارەزایەتی هەندێک لایەن.
بەرگی چوارەمی ئامادەیە بۆچاپ کە باس لەسەردەمی 1992 — 1996 دەکات.
– لەیەک کاتدا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و وەزیری هەرێمیشە.

# کورد بە دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕازییە

**ڕووداو- کەرکووک**

بۆ ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە وا بڕیارە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو ئەنجام بدرێ، تائێستا 10 هاوپەیمانێتی سیاسی پێکهاتووەو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش ڕایگەیاند کە 502 قەوارەی سیاسی بۆ کێبڕکێکانی ئەو هەڵبژاردنە خۆیان ناونووس کردووە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو هەڵبژاردنە لە پارێزگای کەرکووک ئەنجام نەدرێت.

هەرچەندە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند کە وادەی پێشکەشکردنی داواکارییەکان بۆ تۆمارکردنی هاوپەیمانێتی و قەوارە سیاسییەکان کۆتایی هاتووە، بەڵام کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەکرد کە ڕەنگە پاش پەسەندکردنی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، سەرلەنوێ دەرگای ناونووسکردن بەڕووی قەوارە سیاسییەکاندا بکرێتەوە.

پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لەمانگی شوباتی ڕابردووەوە پێشکەش کراوە، وا بڕیارە هەفتەی داهاتوو لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقەوە پەسەند بکرێت، لەگفتوگۆی چەند مانگی ڕابردووی نێوان کوتلە سیاسییەکاندا هەموو ئەو خاڵانەی جێی ناکۆکی بوون و ڕێگربوون لەبەردەم پەسەندکردنی یاساکەدا چارەسەر کراون، بەڵام هێشتا ئەو مشتومڕە یەکلانەکراوەتەوە کە ئایا هەڵبژاردنەکە لەپارێزگای کەرکووک ئەنجام دەدرێت یان نا.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لیستی برایەتی پێ لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن دادەگرێت. گوتیشی "بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن نەکرا ئەوە مەرجی ئێمە ئەوەیە کە دەبێت ئەو ئەنجومەنەی دەمێنێتەوە هەمان دەسەڵاتی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی هەبێت".

وەک دەردەکەوێت، تائێستا سێ پێشنیاز دەربارەی مەسەلەی کەرکووک لەئارادان، یەکەمیان کە هاوپەیمانیی کوردستان پشتگیریی لێدەکات، ئەوەیە کە کەرکووک وەک هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و یاسای هەڵبژاردنەکانی بەسەردا جێبەجێ ببێ، بەڵام پێشنیازی دووەمیان کە ئیمزای 110 پەرلەمانتاری بۆ کۆکراوەتەوەو لەلایەن تورکمان و عەرەبەکانی کەرکووکەوە پێشکەش کراوە، داوا دەکات کەرکووک بۆ چوار ناوچەی هەڵبژاردن دابەش بکرێت و ڕێژەی 32% بۆ هەریەک لە عەرەب و تورکمان و عەرەب و کورد جێگیر بکرێت و 4%یش بدرێتە کلدۆئاشوور. پێشنیازی سێیەم کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پێشکەش کراوەو ستیفان دیمستۆرا نوێنەری تایبەتیی ئەمینداری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ سەرۆکی کوتلە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان پشتگیریی لێکردووە، داوادەکات هەڵبژاردنەکان لەپارێزگای کەرکووک دوابخرێت و تایبەتمەندیی ئەو پارێزگایە بەپێی میکانیزمێکی دیاریکراو کە یاسا ڕێکیدەخات، لەبەرچاو بگیرێت.

ئەحمەد عەسکەری لەبارەی ئەو پێشنیازەی لەلایەن عەرەب و تورکمانەکانەوە پشتگیریی لێدەکرێت، ڕایگەیاند کە لیستی برایەتی بۆ هەڵبژاردن هیچ مەرجێک قبووڵ ناکات، "لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق هەڵبژاردن چۆن دەکرێت دەبێت لێرەش بەوشێوەیە بکرێت".



دیمەنێکی ناو بازاڕی کەرکووک، ئەو شارەی خاوەن دوایین قەترە نەوتی جیهان دەبێت (فۆتۆ:ڕووداو)

گوتیشی "داواکردنی ڕێژەی 32%شتێکی بێمانایەو هیچ بنەمایەکی دەستووری و دیموکراتیی نییە".

هەر لەوبارەوە خالید شوانی ئەندامی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، گوتی "لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەگەڵ ئەوەیە کە هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووک وەک هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراق ئەنجام بدرێت. ئەو داواکارییەی عەرەب و تورکمان سەبارەت بە دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بەڕێژەی 32% شتێکە پێچەوانەی دەستووری عێراقە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەموو ئەنجومەنە نوێنەرایەتییەکان بە هەڵبژاردن دابنرێت، پێچەوانەی یاسای دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشە کە دەڵێت ئەنجومەنی پارێزگاکان بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆو نهێنی دادەنرێن، جگە لەوەش پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیەتە کە بەڕاستی ئەوەی ئەوان دەیڵێن دەستدرێژییە بۆ سەر مافی دەنگدەر".

خالید شوانی لەبارەی پێشنیازەکەی دیمستۆراش گوتی "ئەوەی ئەو پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە ئەوەیە کە داوا دەکات هەڵبژاردن لە شاری کەرکووک دوابخرێ تا ماددەی 140 جێبەجێ دەکرێ یاخود سەرژمێرییەکی گشتی لەو پارێزگایەدا دەکرێ، ئێمەش پێمانوایە دەبێت سەرژمێرییەکی گشتی لەو پارێزگایەدا ئەنجام بدرێ و لیژنەیەکی پەرلەمانی دروست ببێ بۆئەوەی لەو ئیدیعاو تۆمەتانەی هەندێ لایەن بکۆڵێتەوەو دواتر بڕیار لەسەر شێوازی هەڵبژاردن بدرێت لە پارێزگای کەرکووکدا".

خالید شوانی هەروەها گوتی "هاوپەیمانیی کوردستان ڕێگرییەکی نییە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان لە کەرکووک، بەڵام بەمەرجێک دەسەڵاتی ئەنجوومەنەکان کە لەیاسای ژمارە 21ی ساڵی 2008دا هاتووە، بدرێت بەم ئەنجومەنی پارێزگایەی ئێستا هەیە".

خالید شوانی لەوەڵامی نوێنەرانی عەرەب و تورکمانی کەرکووکدا کە دەڵێن پێشنیازی دابەشکردنی ئەنجوومەن بەپێی ڕێژەی 32% پێشنیازی مام جەلال بووە، گوتی "سەرۆک تاڵەبانی ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوەو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیداو دواتر لەکاتی پێشوازیدا لە وەفدی ئیئتیلافی عێراقی باسی لەوەکرد کە مەبەستی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان بووە نەک ئەنجومەنی پارێزگا، چونکە هەر دابەشکردنێکی لەو شێوەیە لەنێو ئەنجومەنی پارێزگادا پێچەوانەی دیموکراتیەتە".



## دیار ناترسێ

تایبەت بە ڕووداو

◆ لەداهاتوویەکی نزیکدا دوا ئەلبوومی گۆرانی هونەرمەندی باکووری کوردستان دیـار، بەنێوی (ناترسم) کە لە 14 گۆرانی پێکدێت لەستۆدیۆکانی تورکیا و ئەڵمانیا تۆمار کراوە لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک موزیکەوە چاپ و بڵاودەکرێتەوە. عیسا مێرگەسۆری ڕێکخەری گشتی کۆمپانیای کۆڕەک میوزیک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بە پێی گرێبەستێک کە لەنێوان کۆڕەک میوزیک و کۆم میوزیک و میر میوزیک و خودی هونەرمەند واژۆ کراوە "بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە لەئەوروپا و ئەمریکاو تورکیا و باکوورو باشووری کوردستان و ئێران و سوریا دەبێ".



### ئێکەمین شانۆگەریا کوردی ب زمانێ ئەڵمانی ل سەر هەڵەبجە

# موینشن (سترانێن دایکێن دی) هەمبێز دکەت

**زنار شینۆ**
**ڕووداو– ئەڵمانیا**

ل سەر دەپێ شانۆیا هۆلا گاشتایگ یا بناڤ و دەنگ ل باژێرێ موینشن و د بەرنامەیەکێ هونەری و ڕەوشەنبیری یێ دوو هەلکەفتنێن جودا دا، یـەک:850ی سـالیا دامەزراندنا باژێرێ موینشن، دووەم: دامەزراندنا گرووپا شانۆیا ناڤنەتەوەیی یا موینشن. شانۆگەریا سترانێن دایکێن دی، ل ڕۆژا 2008/7/5 ل دەمژمێر 7:30ێ ئێڤاری هاتە پێشکێکرن. شـانۆگەریا ( سـترانێن دایکێن دی) ژ نڤیسـین و دەرهێنانا نڤیسکار و هۆنەرمەندێ کوردێ شانۆیێ هاوڕێ زەنگەنەیە. ناڤەرۆکا وێ دەربارەی سەرهاتیێن دایک و بابەکێن ژ باژێرێ هەڵەبجە نە، ئەوێن بەری کیمیابارانکرنا باژێری د ژیانەکا بەختەوەر و دلشاددا دژیان و، پشتی بۆمبەبارانکرنا باژێری ب چەکێن کیمیایـی و گازێـن کۆمەلکوژ،دایکا کوردا بناڤێ ئارەزوو هەردوو چاڤێن خوە ژ دەست د دەت و کۆرە دبیت. لێ ژ بەر ڕۆناهیا جان و دلـێ ڤێ دایکا دلۆڤـان (کو هۆنەرمەندا نـەژاد پۆلۆنی و خوێندەڤانا دکتۆرایێ ل زانکۆیـا لودڤیگ ماکسـیمیلیان یا باژێرێ موینشـن د بیاڤێ شـانۆیێ دا، ماگدالینە مایەر ڤایزفلۆگ، ڕۆلـێ دایکا کورد گێڕا)، گەشتەکا پڕ ژ ئاسـتەنگ و ڕووبەڕووبوونا د گەل خاک، گول، گیانـەوەر و داروبەران دەسـتپێدکەت، ژ بۆ ڤەدیتنا بەرسـڤێن ل سەر پرسێن د بیردانکا وێ دا ئالۆزماییێن. د قۆناخەکێ دا هەڤنیاسـینێ ل گەل دایکەکا هەڤخەما خوە ژ هیرۆشیما دکەت. ئاگنیس تای مای، ئەکتـەرا ڤێتنامی– هنگاری، مل ب ملـێ دایکا کورد ڤـە، پێڤاژویا خوە یا فەلسەفی بۆ زەلالکرنا ڕامانا هەبوونا مرۆڤی و جیهانیبوونا خەم و ئێشـێن تاکی بەرەف ئاسـوییێن نوو ڤە بـەردەوام د کەت، دوێ دەمیـدا ئێش، سـتران و خەونێن کولتور، نەتەوە، زمان و جڤاکێن جودا دگەهنە ئێک. د نـاڤ ڤێ لێگەریانێدا هەسـت و ڕامانێن نـوو بۆ تێگەهێن مینا بێمانابوونا شـەڕ و وێرانکرنێ، خوەشـیا جوانـی و ئەڤینێ ب پەیامەکا هونەری دهێنە نمایشکرن.

د هۆلـێ شـانۆگەرییێدا و ب ئێسـتێتیکیا شانۆیی و ژێهاتیبوونا ستافەکێ ئەکادیمی، کو پێکهاتییە ژ 9 کەسان، لێ ژ 5 نەتەوەیێن جـودا: کـورد، ئەڵمان، فـارس، پۆلۆن، ڤێتنامی و هنگاری خەون و ئێشێن دایکەکا کـورد توخیبێن خەون و ئێشـێن جیهانی دەربازدکـەت. هەر ب هونـەرێ زارڤەکرنێ دانوسـتاندنەک دهێتە ئازراندن بۆ ئێشێن مرۆڤی یێن ڤی سـەردەمی و بەرپرسایەتیا تاکـی ژ بۆ بەرهنگاریکرنا دەردەسـەرییێن مرۆڤاهیێ.

سترانێن دایکێن دی، ب ئێکەمین شانۆگەریا کوردی ب زمانێ ئەلمانی دهێتە هژماردن.

پشکەک ژ سترانێن دایکێن دی:

تۆ دایکا ژ باژێرێ سەما و ستranan
تۆ دایکا ژ باژێرێ چیا و گەلیێن کەسک
تۆ، دایکا ژ باژێرێ نێرگز و ئەڤینێ
ل وێ ڕۆژا هەموو ئەسمانێ تاری بوو
ل وێ ڕۆژا بارانا ڕەش د باری
ل وێ ڕۆژا د بـەر یاریکرنێ را ژ نشـکەکێ ڤە
زارۆیان دەسـت ب ڤێرینێ کری، زارۆیێن هێرۆشیما
چووبوون سەرێ چیا و ب دەنگێ بلند گازی دکرن:
هـوون، زارۆیێـن هەلەبجەیـی، هیڤی یە، هەناسا مە ل گەل خوە ببەن
هیڤی یە، جانێ مە ل گەل خوە ببەن
هیڤی یە، ڕۆناهییا مە ل گەل خوە ببەن.
پاشی ژ بۆ کێلیکەکێ بێدەنگ دمان
گاڤـا دەنگـێ وان دهاتە بهیسـتن، دەما گەردوونێ ڕاوەستیا بوو

Shinoshino@web.de

### شیا شانوڤانێن نەمسا و ئەلمانیا و بەغدا بجەمینیت

# دهۆک نەشیا شانوڤانێن سلیمانیێ ڕازی بکەت



هونەرمەندێن نەمسا، ئەڵمانیا، عێراق و کوردستانێ د شانۆگەریا (مرن و کچینی)یێدا (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو–دهوک**

ل ژێر ناڤێ (بەرەف شـانۆیەکا هیخواز ) و ب بەشداریا هونەرمەندێن نەمسا، ئەڵمانیا، عێراق و کوردسـتانێ ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیریا دهۆکێ مەزنترین فیسـتەڤالا شانۆیێ ل ڕۆژێن 29/6- 2008/7/2 ل باژێرێ دهوکێ گێڕا.

عەلی کەریم، نڤیسـەر و هونەرمەندێ پاژێرێ سلێمانیێ، کو وەکو مێڤان ئامادەی فیستەڤالێ بوو، ڕەخنە ژ شێوازێ پێشکێشکرنا شانۆیان گرت و گۆت " ل ڤان هەرچار ڕۆژان ڤیستەڤالێ ڤان شانۆگەریان سـەرنجا من هند را نەکێشا و هـەر ئێکـێ هنـدەک کێماسـی هەبوون، تارادەکێ شـانۆڤانێن بەغدا شـیان ئاستەکێ باش پێشـکێش بکەن بەلـێ وان ژی هندەک کەموکوڕی هەبوون".

عەلی کەریمی ڕەخنە ل فیسـتەڤالێ کو تەنێ ئـەو و 9 هونەرمەندێـن دیکە ل سـلێمانیێ هاتبوون بانگهێشـتکردن بۆ ڤێ فیستەڤالێ " 10 کەس بو باژێڕەکێ وەکو سلێمانیێ گەلەک کێمە، چونکە سـلێمانیێ هەژمارەکا مەزن یا شـانۆڤانا و دەرهێنەرێن شـانۆیێ لێ هەنە و ئەگەر بتر ڕول دابایە هونەرمەندیێن سلێمانیێ دا فیستیڤاڵ یا سەرکەفتیتر بیت". وەک خاڵەکا باشا فیستەڤاڵێش گۆت" تێکەڵکرنا شانۆڤانێن چار وەلاتان کارەکێ باش بوو".

فیسـتەڤالا شانۆیێ کو ژلایێ ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕوشـەنبیری و هونەری ل دهۆکێ کو سەر ب وەزارەتـا ڕەوشـەنبیریا حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتبوو ڕێکخستن، تێدا پێتری 150 هونەرمەند و شـانۆڤانێن کوردستان، نەمسا، ئەڵمانیا و عێراقێ بەشـدار بوون و، شانۆگەریا (مرن وکچینی)ژلایێ شانۆڤانیێن هەرچار وەلاتان ب هەڤپشکی هاتە پێشکێشکرن و بو ماوێ چار ڕۆژان ڤەکێشـا و هەژمارەکا سمیناران ل سەر شانۆیێ هاتن پێشکێشـکرن، زێدەبارێ چەند شانۆ گەرییێن دی و ل داوێ بوختیا ڤیستەڤالێ هاتـە خاندن و تێدا داخاز کر شـانویا زاروکان گرنگی بێ بهێتە دان و دیسـان هولێن شانۆیان بهێنە دروسـتکرن و بەش و کولیژێن شانویێ بهێنە ڤەگرن داکو ئاستێ شانویێ ل کوردستانێ بەرەف پێش بچیت.

ڕێزان، شـانۆڤانەکا باژێـرێ دهۆکە و ئێکبوو ژ بەشـدارێن فیسـتەڤالێ، ل سـەر ڕۆلێ خۆ دشـانۆگەریا کو ژلایێ وانڤە هاتە پێشکێشکرن گۆت" من ڕولێ کەسـایەتییەکا کرێت گێڕا دڤێ شانۆگەریێ دا، ئەو کەسایەتیا هندەک خەلکێ مە بشاشی تێت گەهیت،بەلێ دیسان هەمیا دەست خوشی لمن کر". ڕێزان دبێژی ئەو فیستیەڤاڵە هاندەرەکێ باشە بۆ بەردەوامیا وێ.

ڕێیا هونەری بۆ کچان و ژنان ل کوردستانێ هێشـتا یا تەخت و بێ گـرێ نییە . لێ بەختێ بەیانێ دگەل خێزان و دەزگرەکێ جودادایە بەیان ل سـەر کارێ خوە یێ هونـەری دبێژی "هەر ل دەسـتپێکێ دەمێ ئەز چۆیمە پەیمانگەها هونەرێن جوان، مـاڵا مە گەلەک هاریکاریا من کریە ودیسـان پشـتی من پەیمانگەە ب دوماهـی ئینای و نۆکە ئەز یاشـیکریمە ژی، بەلێ هەڤژینێ من گەلەک هاندەرە و هاریکارێ منە".بەیان هیڤیخوازە کو دەرفەتا پشکدارییا فیسـتەڤالێن شانۆیی ل وەلاتان بۆ وێ ژی ڤە بیت.

# چۆپی و ڕەزا
# ئاوارە عەرەبەکان و منداڵە بێلانەکانی سلێمانی بەسەر دەکەنەوە



هەردوو هونەرمەند چۆپی و ڕەزا عەبدوڵڵا لە کۆمەڵگەی قالاوەی ئاوارە عەرەبەکان دا (فۆتۆ:ڕووداو)

**ئازیز مەحمود**
**ڕووداو.سلێمانی**

بەر لە بەسەرکردنەوەی ئاوارە عەرەبەکانی کەمپی قالاوەی ناوشاری سلێمانی، سەرلەبەیانی ڕۆژی شـەممە لە کۆنگرەیەکـی ڕۆژنامەوانیدا لە هۆڵی کۆنفرانسـی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، هەریـەک لە هونەرمەندان چۆپی فەتاح و ڕەزا عەبدوڵڵا، خۆشـحاڵی خۆیان بۆ یارمەتیدان و بەسـەرکردنەوەی ئاوارەکانی شاری سلێمانی نیشاندا .

هـەر لـەو کۆنگـرە ڕۆژنامەنووسـییەدا، بەڕێوەبەری جێبەجێکار لەکۆمپانیای ئاسیاسێڵ د.دیـار ڕایگەیاند کە گرێبەسـتێکیان لەگەڵ هونەرمەندی ناسـراوی عێراقی ڕەزا عەبدوڵڵا کردووە بۆ ئەوەی ببێتـە بالیۆزی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ.

د.دیار وتیشی"ئەو داوایە لە چۆپی فەتاحیش دەکەیـن و گفتوگۆ دەسـتپێدەکەین لەگەڵیدا بۆ ئـەوەی ببێتە بالیـۆزی کۆمپانیاکەمان". باسی ئەوەشـیکرد کە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بەهاوکاری هومەنەرمەندان سندوقێکی هاوکاری بۆ کاری خێرخوازی دادەمەزرێنێت.

هونەرمەنـد ڕەزا عەبدوڵڵاش، دوای ئەوەی ئاشـکاری کرد دوای 14 ساڵ لەکاری هونەری ئەمـە یەکەم جارە بەشـداری کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانـی دەکات گوتـی " بەهـاوکاری ئاسیاسێڵ هەوڵدەدەین هاوکاری زیاتری خێزانە ئاوارەکانی خواروی عێراق بکەین کە لەشاری سلێمانی نیشـتەجێن". ڕەزا ئامادەیی خۆشی نیشـاندا بـۆ گێڕانی ئاهەنگـی خێرخوازیش لەپێناو یارمەتیدانی ئەو خێزانە ئاوارانە.

بەهەمان شـێوە هونەرمەند چۆپی، کە لە بنەڕەتـدا خەڵکـی کەرکووکە و لـە هۆڵەندا دەژی، حـەزدەکات بەیەکجاری بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەڵام وەک خۆی گوتی ئێستا لەوێ خەریکـی خوێندنە بۆیە ناتوانـێ بگەڕێتەوە.

چۆپـی گوتی ئامادەیە ئاهەنگـی خێرخوازی بۆ یارمەتیدانی هەژاران و لێقەوماوان بگێڕێت. گوتیشـی "یارمەتیدانی ئـەو ئاوارانەی ئەمڕۆ دەستپێکێکی باشـە و هیوادارم بەردەوام بین لە یارمەتیدانیان".

لەبارەی گۆرانیبێژانی کوردەوە، هونەرمەندی عەرەب ڕەزا عەبدوڵڵا، کە لەدایکبووی گەڕەکی ڕەحیماوای شـاری کەرکوکە هیوای خواسـت ڕۆژێک بێت بەیەکجاری بگەڕێتەوە عێراق .

ڕەزا باسـی هونەرمەندانی کوردیشـی کرد و گوتی"گۆرانیبێژانـی کـورد دەنگی جوان و خۆشیان تێدایە و چۆپی فەتاحیش یەکێکە لەو دەنگانە".

دوای کۆنگـرە ڕۆژنامەنوسـییەکە هەردوو هونەرمەند سەردانی کەمپی قالاوەیان کرد کە دەکەوێتە خوارووی سـلێمانی و 185 خێزانی ئاوارەی خوارووی عێراقی لەخۆگرتووە.

لەکاتی سـەردانەکەیاندا هەردوو هونەرمەند دڵتەنگی خۆیان نیشـاندا بۆ ئەو بارودۆخەی ئاوارەکانی پێدا تێدەپەڕن.

هەریەک لەهونەرمەندان چۆپی فەتاح و ڕەزا عەبدوڵڵا لەکاتی سەردانەکەیاندا ڕایانگەیاند کە هەوڵـدەدەن بەردەوامبن لـە یارمەتیدانی ئەو خێزانە ئاوارانە.

هەر لەکاتی ئەو سەردانەیاندا چەکێکی بانکی کە بەهاکەی18ملیۆن و 500هەزار دیناربوو لە لایەن کۆمپانیای ئاسیاسێڵەوە درایە نوێنەری پارێزگاری سلێمانی بۆ کاروباری ئاوارەکان بۆ ئەوەی بەسەر ئەو خێزانە ئاوارانەدا دابەشیبکات و هەرخێزانی 100 هەزار دیناری بەربکەوێت.

دوای سـەردانی کەمپـی قالاوە،چۆپـی فەتـاح و ڕەزا عەبدوڵـڵا سـەردانی خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچانی سـلێمانیان کرد، لەو سەردانەشـدا بـڕی 4500 دۆلار لەلایەن کۆمپانیای ئاسیاسێڵەوە بەخشرایە نەوجەوانانی کوڕان و کچان و خەڵوەتگەی پیری.



## 75 % مەدریدییەکان حەز لەمانەوەی ڕۆبینیۆ دەکەن

**ڕووداو ـ ماڵپەڕی ریال مەدرید**

◆ دوای ئەوەی هەواڵی فرۆشتنی ڕۆبینیۆی بەرازیلی لەلایەن یانەی ریال مەدریدەوە هاتە ئاراوە، ڕۆژنامەی AS ی ئیسپانی لە ڕاپرسییەکدا کە 43466 هاندەری یانەی ریال مەدرید بەشدارییان تێداکرد، 75% یان دژی فرۆشتنی ڕۆبینیۆ بوون و 25 % یش فرۆشتنی ئەو یاریزانەیان بەلاوە ئاسایی بوو.

## ڕووداو و ژمارەکانی یۆرۆی 2008

# ئیسپانیا زۆرترین گۆڵی کرد و تورکیاش زۆرترین گۆڵی لێکرا

**ڕووداو ـ ئاژانسەکان**

13 هەمین پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا، کۆمەڵێک ڕووداوی لەخۆگرت:

* لەم پاڵەوانێتیەدا 31 یاری لە 8 شاری هەردوو وڵاتی نەمساو سویسرا بەڕێوەچوون، کە ملیۆنان کەس لەسەرانسەری جیهاندا لەڕێگەی شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە تەماشای یارییەکانیان کرد و 1،14 ملیۆن کەسیش بۆ بینینیان ئامادەی ناو یاریگاکان بوون. لەیاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی نەمساو پۆڵەندا زۆرترین جەماوەر ئامادەی یاریگا بوو، کە ژمارەیان گەیشتە 51428 کەس.

* لەسەرجەم یارییەکانیدا 77 گۆڵ تۆمارکران، کە تێکڕایی گۆڵەکانی هەر یاریەک 2،28 گۆڵ بوو، لەکاتێکدا لەیۆرۆی 2004 دا 76 گۆڵ و لەیۆرۆی 2000دا 85 گۆڵ تۆمارکرابوون.

* ئیسپانیا بەتۆمارکردنی 12 گۆڵ خاوەن زۆرترین گۆڵ بوو. گۆڵی فلیپ لامی ئەڵمانی لەتۆڕی هەڵبژاردەی تورکیاش بەجوانترین گۆڵی پاڵەوانێتییەکە دیاریکرا.

*هۆڵەندا خاوەن بەهێزترین هێڵی هێرشبردن بوو، کە لەهەر یارییەکدا 2،50 گۆڵی تۆمارکردبوو، کرواتیاش خاوەن بەهێزترین هێڵی بەرگری بوو، کەتەنیا 2 گۆڵی لێکرا. فەرەنساو چیکیش خاوەن لاوازترین هێڵی بەرگری بوون، کە لەهەر یارییەکدا 2 گۆڵیان لێکرا. لۆکا مۆدریکی کرواتیش خاوەن خێراترین گۆڵی پاڵەوانێتییەکە بوو، کە لەدەقیقەی چوارەم لە گۆڵی نەمسای تۆمارکرد، تورکیاش زۆرترین گۆڵی خوارد، کە 9 جار تۆڕەکەی هەژێندرا.

* جگە لەهەندێک ڕووداوی بچووکی نێوان هاندەران هیچ ڕووداوێکی گەورەی ئاژاوەگێڕی ڕووینەدا.

* لەم پاڵەوانێتییەدا 100 هەزار هاندەری هۆڵەندی پێکەوە ئامادەی شاری بێرنی سویسری بوون بۆ هاندانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان.

* ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوی ئەم یۆرۆیە دەرچوونی هەڵبژاردەی هەردوو وڵاتی میواندار ( نەمساو سویسرا) بوولەقۆناخی یەکەمی پاڵەوانێتییەکە.

* یۆرۆی ئەمجارە تەنیا 3 کارتی سوورو 122 کارتی زەردی بەخۆیەوە بینی، کە یۆرۆی پێشوو خاوەنی 6 کارتی سوورو 156 کارتی زەرد بوو. هەڵبژاردەی تورکیا خاوەن زۆرترین کارتی زەرد بوو، کە 16 جار بەرووی یاریزانەکانیدا بەرزکرایەوە.

* لەم پاڵەوانێتییەدا لە 5 پەناڵتی چواریان گۆڵکران.

*تورکیاش زۆرترین یاریزانی هێنایە ناو یارییەکان، کە لەکۆی 23 یاریزان 22 یاریزانی یاریانکرد.

* کۆی داهاتی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا لەم یۆرۆیەدا بەڕێژەی 56% زیادی کرد بەبەراورد لەگەڵ داهاتی یۆرۆی 2004، کە مەزندە دەکرێت بڕی داهاتەکەی بگاتە 250 ملیۆن یۆرۆ ( 400 ملیۆن دۆلار).

* هەڵبژاردەی یۆنان هەڵگری نازناوی پێشوو نەیتوانی لە3 یاری قۆناخی یەکەمی ئەم یۆرۆیەدا هیچ خاڵێک بەدەست بێنێت.

* بەتەواوبوونی ئەم یۆرۆیە، هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە خاوەن زۆرترین گۆڵ لەمێژووی یۆرۆدا، کە 59 گۆڵی لە 39 یاریدا تۆمارکردووە، هەروەها زۆرترین جار گەیشتووەتە یاری کۆتایی، کە 6 یاری کۆتایی ئەنجامداوە، 3 یاری بردووەتەوەو ئەوەندەشی دۆڕاندووە.

* هەڵبژاردەی ئیسپانیاش بووە خاوەن دوو نازناوی یۆرۆ کە هاوشان لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا رکابەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیای خاوەن زۆرترین نازناوی یۆرۆ دەکەن، کە 3 نازناوی لەهەگبەدایە.



پاڵەوانەکانی یورۆی 2008 (فۆتۆ:AFP)

## یانەی سلێمانی خۆی ڕێکدەخاتەوە

# شاکر مەحمود بە20 ملیۆن دینار دەبێتە ڕاهێنەری سلێمانی

**کارزان کانەبی**
**ڕووداو-سلێمانی**

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سلێمانی لەیەکەم هەنگاودا بۆ خۆڕێکخستنەوە بۆندێکی لەگەڵ ڕاهێنەر شاکر مەحمود مۆرکرد.

دوای ئەوەی ئیسماعیل محەممەدی ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی سلێمانی دەستی لەکار کێشایەوە، هەفتەی ڕابردوو ئیدارەی یانەکە بۆندێکی لەگەڵ ڕاهێنەر شاکر مەحمود مۆرکردو، بەنیازە چەند یاریزانێکی نوێش بێنێتە ریزەکانیەوە.

هەردە ڕەئووف جێگری سەرۆکی یانەی سلێمانی بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند "بۆندەکەمان لەگەڵ کاپتن شاکر مۆر کردووە بۆئەوەی سەرپەرشتی یانەکەمان بکات لەهەردوو خولی نایابی کوردستان و عێراق". بەپێی گرێبەستەکە شاکر مەحمود 15 ی ئەم مانگە دەست بە ڕاهێنەرایەتی یانەی سلێمانی دەکات.

هەرچەندە هەردە ئامادەنەبوو نرخی بۆندەکە ئاشکرا بکات، بەڵام شاکر مەحمود بە ماڵپەڕی (أصوات العراق) ی ڕاگەیاند کە بۆ ماوەی ساڵێکە و بەرامبەر 20 ملیۆن دینارە و مووچەیەکی مانگانە1،5 ملیۆن دینار.

شاکر مەحمود یاریزانێکی بەناوبانگی هەشتاکانی هەڵبژاردەی عێراقە، پێشتر ڕاهێنەرایەتی چەند یانەیەکی کردووە، لەسەرووشیانەوە شورتەو سەلاحەدین و سەماوەو کارەبای بەغدا.

یانەی سلێمانی دەیەوێت بەو هەنگاوانە ئەنجامی باشتر لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستبێنێ.

جێگری سەرۆکی یانەی سلێمانی لەوەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا گوتی" تاکو ئەوە یەکلانەکەینەوە کە چەند لەیاریزانەکانی ئێستامان بەرێدەکەین، ناتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە چەند یاریزانی نوێ دێنینە ریزەکانمان".

شاکر مەحمود دەڵێ ئیدارەی یانەی سلێمانی بە لێنیان پێداوە هەموو پێداویستییە هونەرییەکانی بۆ دابین بکەن و بۆندی نوێش لەگەڵ چەند یاریزانێکی بەتوانا لەسەر ئاستی عێراقدا مۆر بکات، لەگەڵ کردنەوەی ئۆردۆگای مەشق، کە ڕەنگە لەڕووسیا یان تورکیا بێت.



ڕاهێنەری نوێی یانەی سلێمانی

# یۆرۆ بۆ 16 هەڵبژاردەی ئەورووپا مریشکی هێلکە زێڕین بوو

**بەدواداچوونی ڕووداوی وەرزشی**

جامی نەتەوەکانی ئەورووپا2008 بۆ هەڵبژاردە بەشداربووەکانی وەک مریشکێک بوو کە هێلکەی زێڕین بکات.

سەرجەم هەڵبژاردەکانی یۆرۆ 2008 بەپێی ئەنجامی یارییەکانیان ملیۆنان دۆلاریان دەستکەوت، کە بەشی هەڵبژاردەی ئیسپانیای یەکەمی پاڵەوانێتیەکە زۆرترین و بەشی هەڵبژاردەی یۆنانی خاوەن نازناوی پێشووش کەمترین بوو. ئیسپانیا کە هەر6 یارییەکەی بردەوە، 23 ملیۆن یۆرۆی دەستکەوت، یۆنانیش کە لەهەرسێ یارییەکەیدا دۆڕا تەنیا 7،5 ملیۆن یۆرۆی وەرگرت.

هەر یەک لە 16 هەڵبژاردەی بەشدار بڕی 7.5 ملیۆن یۆرۆیان وەک پاداشتی گەیشتن بەکۆتاییەکانی یۆرۆ وەرگرت، هەرهەڵبژاردەیەکیش بۆ هەربردنەوەیەکی قۆناخی یەکەم 1ملیۆن یۆرۆی وەرگرت و بۆ هەر یەکسانبوونێکیش 500 هەزار یۆرۆی وەردەگرت، لەقۆناخی هەشتەمدا هەر بردنەوەیەک بە 2 ملیۆن یۆرۆ بوو، لەقۆناخی پێش کۆتاییشدا خەڵاتی هەر بردنەوەیەک 3 ملیۆن یۆرۆ بوو، هەروەها براوەی یاری کۆتایی 7.5 ملیۆن و دووەمیش 4.5 ملیۆنی دیکەی پێدرا.

بەپێی ئەم سیستمە دەستکەوتی 16 هەڵبژاردەکە بەم شێوەیە بوو:

1-ئیسپانیا، 23 ملیۆن یۆرۆ.
2-ئەڵمانیا، 19 ملیۆن یۆرۆ.
3-ڕووسیا، 11.5 ملیۆن یۆرۆ.
4-تورکیا، 11.5 ملبۆن یۆرۆ.
5-کرواتیا، 10.5 ملیۆن یۆرۆ.
6-هۆڵەندا، 10.5 ملیۆن یۆرۆ
7-پورتوگال، 9.5 ملیۆن یۆرۆ.
8-ئیتاڵیا، 9 ملیۆن یۆرۆ.
9-چیک، 8.5 ملیۆن یۆرۆ.
10-سویسرا، 8.5 ملیۆن یۆرۆ.
11-سوێد، 8.5 ملیۆن یۆرۆ.
12-ڕۆمانیا، 8.5 ملیۆن یۆرۆ.
13-فەرەنسا، 8 ملیۆن یۆرۆ
14-پۆڵەندا، 8 ملیۆن یۆرۆ
15-نەمسا، 8 ملیۆن یۆرۆ
16-یۆنان، 7.5 ملیۆن یۆرۆ.



# بالاک بەدبەختی یارییەکانی کۆتایی

**لێدوانی ڕووداو**

مایکل بالاکی کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، بەختی بەیاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکان نییە.

ئەوکاتەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەیاری پێش کۆتایی یۆرۆی ئەمجارەدا توانی بەبردنەوە لە تورکیا بگاتە یاری کۆتایی، مایکل بالاک بەخت رەشی خۆی بە یارییەکانی کۆتایی لەبیر نەکرد و ڕایگەیاند" بەختم بەیارییەکانی کۆتایی نییە و دەترسێم ئەمجارەش هەمان چانسم هەبێت". لەکۆتایشدا هەر وا دەرچوو، ئیسپانەکان جارێکی دیکەش نەیانهێشت خەونی بالاک بۆ بەرزکردنەوەی جامی ئەو پاڵەونێتییە بێتە دی.

لەمۆندیالی ژاپۆن-کۆریای باشووری 2002، بالاک لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیدا گەیشتە یاری کۆتایی، بەڵام لەیاری پێش کۆتاییدا دووەم کارتی زەردی وەرگرت و لە بەشداریکردن لە یاری کۆتایی بێ بەشبوو، کە بەرازیلییەکان نەیانهێشت بالاک و هەڵبژاردەکەی چاویان بەبینینی جامەکە تێربێت.

ساڵی دواتر بالاک توانی لەگەڵ یانەی بایرلیڤەرکۆزنی ئەڵمانیدا بگاتە یاری کۆتایی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، بەڵام ئەمجارەش یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بووە بەربەست لەبەردەم خەونەکەی بالاکدا. ئەمساڵیش لەدوا یاری یەکلاکەرەوەی خولی پریمەرلیگی ئینگلیزیدا خەونەکەی بالاک لەگەڵ یانەی چێلسیدا نەهاتە دی و نازناوەکە بۆ بەشی یانەی مانچستەریونایتد.

دوای کەمتر لەهەفتەیەک ئەم دوو یانەیە لەیاری کۆتایی چامپیۆنسلیگدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوەو سەرلەنوێ مانچستەر یونایتد بالاکی لەبردنەوەی یارییەکی کۆتایی بێئومێد کرد، تاکو دواجار هەڵبژاردەی ئیسپانیاش خەونی هەرە گەورەی بالاکی لەگۆڕنا و نەیهێشت جامی یۆرۆ 2008 لەباوەش بگرێت.



مێرکل دڵی بالاک دەداتەوە (فۆتۆ:AFP)

## پێشبڕکێ

– بەکورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
– لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



مومتاز حەیدەری بۆ جاری دووەم لەسەر یەک بە لێدوانی: (**کورد گوتەنی:شای بە سەپانی خۆی حساب ناکا**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی 9بوو.

## براوەی خەڵاتی ڕووداوی وەرزشی



هونەر عەبدولڕەحمان ڕەسول کارمەندی کۆلێژی دەرمانسازی لە هەولێر براوەی پێشبڕکێی (ڕووداوی وەرزشی) تایبەت بە یۆرۆی 2008 بوو، کە بریتی بوو لە ئامێرێکی مۆبایلی جۆری (نۆکیا 5000).

# ژنان متمانەیان بەسەنتەرەکانی دالْدەدانیان



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

کوردستان و ڕزگار دوای ئەوەی ڕادەکەنە هەولێر پەناگەیەک شک نابەن بۆ پاراستنیان، بۆیە خۆیان ڕادەستی (بەڕێوەبەرایەتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ) دەکەن، دواتر کوردستان بەپێی بەڵێننامەیەک تەسلیمی کەسوکاری دەکرێتەوە، بەڵام زۆری پێناچێت هەواڵی کوشتنی (کوردستان) بڵاو دەبێتەوە، کە تا ئێستاش کەس نازانێت تەرمەکەی لەکوێیە.

کوردستان عەزیز، 16 ساڵ، خەڵکی گوندی کۆڵکە ڕەشی سەر بەناحیەی سکتانی شارۆچکەی کۆیە،بەپێی سەرچاوەیەک ماوەیەک پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە بەناوی ر. ع، بەڵام کەسوکاری کوردستان بەو پەیوەندییە ڕازینابن، بۆیە ئەوانیش ناچار دەبن ناوچەکە جێبهێڵن و ڕابکەنە هەولێر و خۆیان ڕادەستی پۆلیس بکەن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، کوردستان بەپێی بەڵێننامەیەک کە کەسوکاری تێیدا بەڵنیان دابوو هیچ توندییەک بەرامبەری نەنوێنن پێیان درابووەوە، بەڵام پێچەوانەی بەڵێننامەکە شەوی 17 – 2008/5/18 لەلایەن ئامۆزایەکییەوە لەچیای هەورێی نزیک کۆیە بە بەردباران کردن دەکوژرێ و تا ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.

چەندان ژن کە بە مەبەستی پاراستنیان پەنایان بردووەتە بەر پۆلیس یان سەنتەرەکانی دالْدەدانی ژنان، دوای هاتنە دەرەوەیان لەو شوێنانە لەلایەن کەسوکارییانەوە کوژراون، ئەمەش وایکردووە، کە ژنان متمانەیان بەو شوێنانە کەم ببێتەوە.

نیگاربەکر، توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەنتەری نەوا، کە تایبەتە بەداڵدەدانی ئافرەتان ئاماژەی بەوەدا تا ئێستا 6 ئافرەت کە پێشتر هەڕەشەی کەسوکارییان لەسەر بووە، پەنایان بردووەتە بەر سەنتەرەکەیان، دوای ماوەیەک لەسەر داواکاری خۆیان سەنتەرەکەیان جێهێشتووە، کە دوو لەو ئافرەتانە دواتر لەلایەن کەسوکارییانەوە کوژراون.

دوای زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، چەندین سەنتەر بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژییە دامەزران، بەپشتیوانی حکومەت و ڕێکخراوە بیانییەکان. هەرچەندە کردنەوەی ئەو سەنتەرانە هەنگاو و کارێکی گرنگە بۆ پاراستنی ژیانی سەتان ژن لەتوندوتیژی، ئەگەر کاری ئەو سەنتەرانە بە شێوەیەکی زانایانە و لە چوارچێوەی ئامانجی پاراستنی ژنانی هەڕەشە لێکراودا بەڕێوەبچێ، بەڵام متمانەی ئافرەتان بەو سەنتەرانە کەمبووەتەوە بەتایبەتی دوای ئاشکرابوونی سکانداڵەکەی ماڵی خانزاد.

ماڵی خانزاد، کە یەکێک بوو لەو سەنتەرانەی بۆ ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو دامەزرابوو، سوعاد دیوە دزێوەکەی ئەو ماڵەی ئاشکرا کرد، کە ئافرەتان چۆن لەوێش ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، دوای ئاشکرا بوونی سکانداڵەکەش، حکومەت بڕیاری داخستنی ماڵەکەی دا و دۆسیەیەکیشی لەدادگا بۆ بەرپرسی سەنتەرەکە کردەوە، بەڵام دواتر خۆی و هاوسەرەکەی ئازادکران.

هەندێک لەئافرەتان لەناچاری پەنا بۆ ئەو سەنتەرانە دەبەن، پێیانوایە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەو سەنتەرانە و زینداندا نییە و هەموو حاڵەتەکان تێکەڵ بەیەکتری کراون.

(س)، 22 ساڵ، یەکێکە لەو ژنانەی بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزانەکەیدا، ڕووی کردووەتە سەنتەری نەوا لەهەولێر، ئەو کە 4 مانگە لەسەنتەری ناوبراوە دەڵێت "ئێرە لە زیندان دەچێت، بەڵام لەسەر جادەش باشترە، جاری وا هەیە بێزار دەبم، چونکە حاڵەتەکان هەموویان بەیەکەوە دادەنرێن، بەڵام هەوڵدەدەم لێیان نزیک نەبمەوە".

سەنتەری نەوا، لەڕێکەوتی 2007/9/18 دامەزراوە، سەرەتا سەنتەرەکە تایبەت بووە بۆ ئەو ئافرەتانەی دووچاری نەخۆشی دەروونی و کێشەی کۆمەڵایەتی دەهاتن، بەڵام ئێستا سەنتەرەکە ئەو حاڵەتانەش لەخۆ دەگرێ کە لەلایەن کەسوکارییانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن دەبنەوە، یان ئەوانەی لەسەر کاری لەشفرۆشی دەستگیر دەکرێن.

بەپێی قسەی نیگار بەکر، کە توێژەی کۆمەڵایەتییە لەسەنتەری ناوبراو، تاوەکو ئێستا 95 حاڵەتی جۆراو جۆر ڕوویان لەسەنتەرەکە کردووە، کە 75 حاڵەت چارەسەریان بۆ کراوە و 15 حاڵەتیش تا ئێستا لەسەنتەرەکە ماونەتەوە، هەروەها 6 حاڵەت لەسەر بەرپرسیارییەتی خۆیان سەنتەرەکەیان جێهێشتووە، کە دووانیان دوای دەرچوونیان لەسەنتەرەکە لەلایەن کەسوکارییانەوە کوژراون.

دیمەن محەممەد بایز، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا، هۆکاری نەمانەوەی ئەم حاڵەتانەی بۆ بەهەڵە تێگەیشتنی خەڵک و دام و دەزگاکانی تر گەڕاندەوە بەرامبەر بەئەرکەکانی ئەم سەنتەرە.



## ئێمە هەموو حاڵەتێکمان بۆ ڕەوانە دەکرێت ئەمەش وایکردوە حاڵەتەکان بەیەکەوە نەحەوێنەوە

**دیمەن محەممەد**
**بایز، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا**

سەبارەت بەحاڵەتە جۆراو جۆرەکانی ئەو سەنتەرە، دیمەن گوتی " ئێمە هەموو حاڵەتێکمان بۆ ڕەوانە دەکرێت ئەمەش وایکردوە حاڵەتەکان بەیەکەوە نەحەوێنەوە چونکە کێشەکانیان جیاوازن و باری دەروونیان تەواو نییە دواتر کە دەچنە دەرەوە گلەییی لەئێمە دەکەن".

ڕێکخراوی ئاسوودە لەسلێمانی، کە لەساڵی 2000 دامەزراوە، یەکێکی دیکەیە لەو سەنتەرانەی ئافرەتی هەڕەشە لێکراو داڵدە دەدات، ماوەیەک بەر لەئێستا سەنتەرەکە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە درایە بەر ڕێژنەی گوللە و لەئەنجامدا یەکێک لەو ئافرەتانەی پەنای بردبووە بەر ئەو سەنتەرە بریندار بوو، کە خزمی چەکدارەکان بوو.

بەپێی قسەی خانم ڕەحیم، بەرپرسی ڕێکخراوی ناوبراو تا ئێستا 500 حاڵەت ڕوویانکردووەتە ئەو سەنتەرە، مانگانەش بە بەردەوامی 10–15 حاڵەت ڕوو لەسەنتەرەکە دەکەن

سەبارەت بەنەمانەوەی ئەم ئافرەتانەی ڕوو لەسەنتەرەکە دەکەن، خانم بۆ (ڕووداو) گوتی "زۆربەی ئەو حاڵەتانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە کەمتر فریای ئەوە دەکەون بێنە لای ئێمە، ڕەنگە بکوژرێن، ئەوانەشی کە لەسەنتەرەکە دەردەچن، دەزانن ژیانیان لەمەترسیدا نییە".

د.عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕی دەروونی، کەڵەکەبوونی ئەم حاڵەتانە لەیەک پەناگەدا بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە بە کارێکی "نازانستی و مەترسیدار" وەسفکرد و گوتی "داوامان کردوە سەنتەرێکی تایبەت بەو ئافرەتانە بکرێتەوە کە گەڤی کوشتنیان لەسەرەو شوێنێکی شاراوەیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی سەنتەری نەوا کارەکانی خۆی بکات کە ئەویش چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتییە".

زۆربەی ئەو حاڵەتانەی سەنتەرەکان جێدەهڵن، بەبڕیاری دادگایە دوای ئەوەی کەسوکارییان لەڕێگەی دادگاوە بەڵێننامەیەک پڕ دەکەنەوە، دادگا داوا لەسەنتەرەکە دەکات ڕێگە بەهاتنە دەرەوەی حاڵەتەکان بدەن، بەڵام زۆرجار ئەو ژنانەی بەبڕیاری دادگا ڕادەستی کەسوکارییان دەکرێنەوە لەلایەن کەسوکارییانەوە دەکوژرێن.

نیگار بەکر، لەسەنتەری نەوا، ئاماژەی بە حاڵەتی هەر یەک لە (گەزەنگ و گۆڤان) کرد، کە دوای ئەوەی بەبڕیاری دادوەر دراونەتەوە خێزانەکانیان، دواتر لەلایەن خێزانەکانیانەوە کوژراون "خێزانەکانیان کە لەگەڵ ئێمە دادەنیشن سوورن لەسەر ئەوەی بیانکوژن دواتر سیناریۆیەک لەبەر دەمی دادوەر دروست دەکەن تا کچەکە دەبەنە دەرەوە، پاشان دەیکوژن، دادوەر کە بەڵێننامەیان پێ پڕ دەکاتەوە پشت بەراپۆرتی ئێمە نابەستێت بەڵکو بەبڕیاری خۆی دەیانداتەوە، بەڵام ئێمە دڵنیاین ئەو ژنە دەکوژرێت".

د.عارف حیتۆ، گلەییی لەنەبوونی هەماهەنگی و لەبەرچاونەگرتنی ڕاپۆرتەکانی ئەو سەنتەرانە کردو باسی لەوەکرد کە ئەوان ناتوانن بڕیاری دادوەر ڕەتبکەنەوەو گوتی "ئەگەر عەیب لەدادوەرەکانە با خوولێک بۆ دادوەرەکان بکرێتەوە عەیب نییە مرۆڤ شتێک نەزانێت ئەوە عەیبە کە وابزانێت هەموو شتێک دەزانێت و هیچیش نازانێت"

# سووتانی ژنان لە کوردستان کەمدەبێتەوە

## ئەمساڵ لە ماوەی 5 مانگدا 12 پیاو بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە



"هەڵچوونی دەروونی لە پشت خۆسووتاندنی ژنانەوەیە"

**ڕووداو–هەولێر**

بەیان، 27 ساڵ، لەسەر قەرەوێلەیەکی بەشی ژنان لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێر، هەموو جەستەی بە لەفافێکی زەردباو پێچرابوو، لەبەر برینەکانی زۆر بەزەحمەت قسەی بۆ دەکرا.

بەیان، کە دانیشتووی شارۆچکەی هەریرەو خاوەنی 4 منداڵە، 32 ڕۆژە بەهۆی سووتانی جەستەی هێنراوەتە نەخۆشخانەی ئێمرجسنی. ئەو دەڵێ هەر بەهۆی گرگرتنی غازسووتاوە "ئاوم گەرم دەکرد غازەکە کرابووەوە، منیش کە دامگیرساند کڵپەی کردو هەموو گیانم سووتا". بەڵام بەپێی قسەی کارمەندێکی نەخۆشخانەکە، بەیان خۆی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداوە.

(س) کە بەرپرسی ئەو قاوشەبوو کە (بەیان) ی تێدا بوو گوتی "ئەو کە هاتە ئێرە باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، هەموو گیانی سووتابوو، گوتی بەخۆی خۆی سوتاندوە، بەڵام زۆربەی حاڵەتەکان ئەو ڕاستییە لە ڕاگەیاندن دەشارنەوە". ڕێژەی سوتانی بەیان 56%یە.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری هەولێر دراوەتە (ڕووداو) لە 2008/1/1 تا 2008/5/1 حاڵەتە تۆمارکراوەکان بەمشێوەیەن لەو نەخۆشخانەیە: 389 حاڵەتی سووتان، کە 321 حاڵەتیان لەهەولێرو دەوروبەری هەولێر و 68 حاڵەتیش لەپارێزگاکانی خوارووی عێراق ڕەوانەی ئەو نەخۆشخانەیە کراون، لەکۆی ئەو ژمارەیەش 91 حاڵەت پیاو بوونە و 133 حاڵەتیان ئافرەت بوونە و 165 حاڵەتیش منداڵن.

هەر بەپێی ئامارەکەی نەخۆشخانەی ناوبراو، جۆری سووتانەکانیش بەو شێوەیە بووە: 99 حاڵەت بە نەوت سووتاون، 84 حاڵەت بەغاز و 206 حاڵەتیشیان بەڕووداوی جۆراو جۆر سووتاون.

ئامارەکانی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی ئەوە دەردەخەن، کە حاڵەتەکانی سووتان بەرەو کەمبوونەوە دەچن،بەپێی ئاماری نەخۆشخانەکە دەردەکەوێت ساڵی 2005دا 1080 حاڵەتی سووتان هەبووە، ساڵی 2006یش 1002 حاڵەت هەبووە، لەساڵی 2005دا 923حاڵەتی سووتانیان تۆمارکردبوو.

دکتۆر ڕەوەند موشیر حەوێزی، پسپۆڕی بواری نەشتەرگەری گشتیی لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی ئاماژەی بەوەدا حاڵەتەکانی سووتان بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو بەرەو کەمبوونەوە چووە، بەڵام تاکە گرفت لەبەردەم ئەو دکتۆرەدا دیاریکردنی جۆری سووتانەکەیە "ئێمە ناتوانین جۆری سووتانەکە دەست نیشان بکەین، چونکە زۆر جار ئەو ئافرەتە حاڵەتەکە دەشارێتەوەو باسی ناکات".

هەروەها ناوبراو باسی لەوەشکرد کە ڕێژەی سووتان لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکیتر لەگۆڕاندایە، بەپێی بۆچوونی ئەم پزیشکە ڕێژەی سووتانی پیاو لەم وەرزە زیاترە لە ڕێژەی سووتانی ئافرەت " لەجیهاندا ڕێژەی سووتانی پیاو زیاترە لەئافرەت چونکە ئەوان لەکارگەو ئەو شوێنانە کاردەکەن کە ئەگەری سووتانی زیاترە".

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی خۆیان دەسووتێنن هەرچەندە سەرەتا حاشا دەکەن کە خۆیان سوتاندبێ، بەڵام دوایی دەردەکەوێت بکەری کارەکە خۆیانن، ئاخۆ دەبێت چ لەپاڵ شاردنەوەی ئەو ڕاستییە بێت.

د.سامان هەڵەبجەیی، پسپۆڕ لەبواری نەخۆشییە دەروونییەکان، هۆکاری سووتان بەتایبەتیش لەلایەن ئافرەتەوە گەڕاندەوە بۆ "هەڵچوونی دەروونی" و بەتایبەتیش ئەوکاتەی مرۆڤ تووشی فشارێکی دەروونی درێژخایەن دەبێت. د. سامان گوتی " ئەو هەڵچوونە دەرونییەی کە تووشی ئەو کەسە دەبێت لەو کاتەدا توندترە لەحاڵەتەکانی پێشتر، بۆیە بڕیار دەدات کۆتایی بەژیانی بێنێت، تەنانەت خۆسوتاندن وەکو شێوەیەکی کولتوری لێهاتووە بۆ کۆتایی هێنان بە ژیان ".

پزیشکە دەروونییەکان لەجیهاندا لەسەر ئەوە کۆکن کە خۆسووتاندن ئەوەندەی کاردانەوەیەکە بۆ ئازاردانی دەوروبەر، خۆسوتێنەر ئەوەندە مەبەستی نییە خۆی ئازاربدات. د. سامان پێیوایە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی هەوڵی خۆسووتاندن دەدەن، ئافرەتی نەخوێندەوارن و ئاستی ڕۆشنبیریان نزمە " ئەوان کە دەوروبەر ئازاریان دەدات، تەنیا دەتوانن بەمشێوەیە پەیامەکەی خۆیان بگەیێنن و وەڵامی دەوروبەریان بدەنەوە".

زۆر جار پیاوانیش پەنا دەبەنە بەر خۆسووتاندن، لەئەنجامی ئەو هەڵچوونە دەروونییەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن نەخۆشخانەی فریاکەوتن دەست (ڕووداو) کەوتووە، لە ماوەی 5 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 12 پیاو بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە.

دکتۆر ڕەوەند سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی پیاوان، گوتی زۆربەی ئەو پیاوانەی خۆیان دەسوتێنن پێشتر نەخۆشی دەروونیان هەبووە "ڕێژەی سووتانی پیاو کەمترە لە ئافرەت، زۆربەی ئەوپیاوە سووتاوانەی هاتوونەتە نەخۆشخانە پێشتر چارەسەری دەروونیان هەبووە".

یەکێک لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن قبووڵ نەکردنی ئەو ڕاستیەیە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە کە ئەویش شێواندنی جەستەیان و تێکچوونی باری دەروونیانە دوای ڕزگاربوونیان.

تیمێکی سایکۆلۆژی لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی بەهاوکاری ڕێکخراوی MSF پێکهێندراوە بۆ چارەسەرکردنی باری دەروونی ئەو حاڵەتانەی ڕووبەڕووی سووتان دەبنەوە. هەر لەو بارەوە د. سامان هەڵەبجەیی باسی لەو قۆناخانە کرد کە ئەو جۆرە کەسانە پێیدا تێدەپەڕن"سەرەتا ئەو کەسە باوەڕناکات کە شتێکی وایکردووە، پاشان قۆناخی گریان و دڵ توندی دێت کە ڕەنگە 6 مانگ بخایێنێت، دواتر ئەو کەسە تووشی پەشمانی دەبێت و بەرە بەرە قبووڵی ئەو واقعە دەکات کە تێیدایە".

# بارۆکە لای کچانی هەولێر دەبێتە مۆدیل

**ڕووداو–هەولێر**

سیڤان محەممەد، 18 ساڵ، لەگەڵ دایکی لەنێو بازاڕی قەیسەری هەولێر، لەبەردەم دوکانێکی جوانکاری ئافرەتان وەستابوو، بارۆکەیەکی ڕەشی بەدەستەوە گرتبوو، بەنیاز بوو بەبارۆکەیەکی جوانتر بیگۆڕێتەوە. سیڤان بارۆکەی بەشتێکی "جوان" وەسفکرد و گوتی "لەزۆربەی بۆنەو ئاهەنگەکان بەکاریدەهێنم".

سیڤان، یەکێکە لەو کچانەی، بەبێ ئەوەی گوێبداتە باشی و خراپییەکانی، ماوەیەکە ڕووی کردووەتە بەکارهێنانی بارۆکە و ئێستا دوو دانەی هەیە . ئەو بەکارهێنانی بارۆکەی بۆ "مۆدیل"بوونی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەنێو کچانی هەولێردا گێڕایەوە. بارۆکە، چەندین ساڵە لە وڵاتانی جیهان بەکاردەهێنرێ و ئێستاش لەلای کچانی کوردستان بووەتە مۆدێل و دوکانی جوانکاری پڕبوون لە بارۆکەی جۆراو جۆر و دوا مۆدیل.

سیروان بەشیر، ماوەی 3 ساڵە لەناو قەیسەری شاری هەولێر دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی جوانکاری ئافرەتانی هەیە، ئاماژەی بەوەدا کەئەوان بارۆکە لەوڵاتی چین دەهێنن "ئێمە زیاتر لە وڵاتی چین دەیهێنین، لەزۆربەی وڵاتان ماوەیەکی زۆرە بەکاردێت، بەڵام ئێمە چونکە پێشتر توانای سەفەرمان نەبوو بۆ وڵاتەکانی دەرەوە بۆیە تاڕادەیەک دواکەوتووین لەهێنانی بارۆکە بۆ کوردستان".

ناوبراو، کە ڕۆژانە نزیکەی 7 بارۆکە دەفرۆشێت، ئاماژەی بەتەمەنی بەکارهێنەرانی بارۆکە داو گوتی تەمەنیان لەنێوان 18–30 ساڵیدایە "زۆرجار ئافرەتی بەتەمەنیش دێت دەیکرێت بەتایبەتی ئەوانەی کە پرچیان ڕووتاوەتەوە"، هەروەها گوتی ئەوانەی پرچیشیان دادپۆشن دەیکڕن" 30%ی کڕیارەکانی بارۆکە لای من ئەوانەن کە لەچک لەسەر دەکەن ".

بەپێی قسەی فرۆشیارانی بارۆکە نرخی هەر بارۆکەیەک لەنێوان 150–300 دۆلاری ئەمریکیدایە، بەڵام بەکارهێنەران ئەو نرخە بەزۆر نازانن، چونکە پێیانوایە بەبەکارهێنانی بارۆکە پارەیەکی زۆر پاشەکەوت دەکەن، چونکە ئەگەر بارۆکە بەکاربێنن، کەمتر دەچنە ئارایشگاکان.

سیڤان دەڵێت بەکارهێنانی بارۆکە تا ڕاددەیەک یارمەتیدەرە بۆ ئافرەتان بۆ پاشەکەوتکردنی ئەو پارەیەی کە پێشتر لەئارایشگاکاندا خەرجیاندەکرد بۆ جوانکردنی پرچیان "جاران دەچوومە ئارایشگا 30 هەزارم دەدا بەچاککردنی پرچم، بەڵام ئێستا بارۆکەیەک یان دووان دەکڕم و ئەو پارەیەم بۆ دەگەڕێتەوەو ئەویشم پێ جوانترە".

زۆربوونی دیاردەی بەکارهێنانی بارۆکە تاڕاددەیەک کاریگەری کردووەتە سەر بازاڕی ئارایشگاکان و بازاڕەکەی بەرەو کزی بردوون.

نەبیلە یوسف، خاوەنی ئارایشگای حەسنا، وێڕای ئەوەی بەکارهێنانی بارۆکەی بەدیاردەیەکی"تازەو جوان" وەسفکرد، لەهەمانکاتدا گوتیشی "زۆر کەس دێتە لامان بارۆکەی بۆ دابنێین جگە لەوە خۆشمان بەکرێی دەدەین بەو کەسانەی بەکاریدەهێنن ئەمە تارادەیەک کاریگەری هەیە لەسەر کەمبوونەوەی کڕیار، بەڵام بەو شێوەیەش نییە".

سارا ئەحمەد، کە قوتابی زانکۆیە لەیەکێک لەدوکانەکانی فرۆشتنی کەلوپەلی جوانکاری ژنان لەبەردەم ئاوێنەیەک وەستابوو خەریکی تاقیکردنەوەی بارۆکەیەکی سوور بوو بۆ پرچە کورتەکەی سارا .ئەوکچە بەکارهێنانی بارۆکەی بەشتێکی "باش و بێ ئەرک" وەسفکردو گوتی "من بارۆکەم پێباشترە لەبەکارهێنانی بۆیاخ و مەجەفەکردن کە دەبنە هۆی سووتانی پرچ و تێکدانی، جگە لەوەش ئەو کاتەمان بۆ دەگەڕێنێتەوە کە خەریکی پرچمان دەبین".

سارا، ئاماژەی بەوەشدا کە بەکارهێنانی بارۆکە هەندێک جار خاوەن ئارایشگەکان نیگەران دەکات، ئەو باسی بەسەرهاتێکی خۆی کرد و گوتی "ڕۆژێکیان ئاهەنگێکمان هەبوو چوومە ئارایشگایەک مکیاجم بۆ بکەن داوام لەخاوەنەکەی کرد بارۆکەکەم بۆ دابنێت، کەچی ئەو بەتووڕەییەوە گوتی ئەوە کاری من نییە".

هەرچەندە کچان بەکارهێنانی بارۆکە بەشتێکی جوان دەزانن، بەڵام بەکارهێنانیشی بەدەر نییە لەکاریگەری خراپی تەندروستی، هەروەک پزیشکان ئاماژەی پێدەدەن ڕەنگە بەکارهێنانی بارۆکە ببێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی نەخۆشی پێستیان هەیە.

دکتۆر عەبدولجەبار سودانی، پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی پێست لە زانکۆی پزیشکیی هەولێر لەوبارەوە گوتی"بارۆکە وەک هەر کەلوپەلێکی دیکەی جوانکاری شێوازو تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە ئەو بارۆکانە کە لەدەرەوە دێن لەسەریان بنووسرێت لەچی دروستکراون".

هەروەها ئەو پزیشکە باسی لەگرنگی پشکنینی پێکهاتەکانی دروستکردنی ئەو بارۆکانەکرد لەلایەن کۆنترۆڵی جۆری "چونکە بارۆکەش وەک هەر کەلوپەلێکی دیکە ئەگەری ئەوەی هەیە کە ببێتە هۆی گواستنەوەی چەندین نەخۆشی پێست، بەتایبەتی ئەگەر لەسەرێکەوە بگوازرێتەوە بۆسەری کەسێکی دیکە".

ئەگەر بەکارهێنانی بارۆکە، بووبێتە مۆدەیلێک لەنێو کچانی کورد دا، بەڵام ئێستا لەوڵاتانی جیهان بارۆکە زیاتر بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان بەکاردەهێنرێت، پێدەچێت هۆکارەکەشی تەنیا لایەنە تەندروستییەکە بێت.



30% کڕیارەکانی بارۆکە ژنانی لەچک لە سەرن



## سلێمانی ژنە هەڕەشە لێکراوەکان داڵدە دەدات

ڕووداو ـ سلێمانی

◆ مانگی داهاتوو گەورەترین پرۆژەی کۆمەڵایەتی بۆ داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو دەکرێتەوەو کنێر عەبدوڵڵا لێپرسراوی لیژنەی ژنانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش گوتی "پرۆژەکە پەناگەیەکی ئارام دەبێت بۆ ئەو ژنانەی هەڕەشەیان لەسەرە". گوتیشی "پرۆژەکە لەبودجەی ساڵی 2008ی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی یەک ملیار دیناری بۆ وەرگیراوە و لەدوو بەش پێکدێت، یەکەمیان پەناگەیەکە بۆ داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو، دووەمیشیان تایبەتە بە دروستکردنی کادری ژن لەبوارە جیاجیاکاندا".

# کێ ڕەسولەی کوشت؟

**ئامانج کەرکووکی**
**ڕووداو – کەرکووک**

لەڕووداوێکی نادیاردا کچێک بەسووتان گیان لەدەستدەدا و دایکی کچەکەش ڕایگەیاند کچەکە بەهۆی گڕی غازەوە سووتاوەو، پۆلیسیش بەگومانەوە لەڕووداوەکە دەڕوانێ و لێکۆڵینەوەش لەدۆسیەی ڕووداوەکە ناکات، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووکیش ڕایگەیاند کە ئەوان تا ئێستا دۆسیەکەیان نەبینیوە.

ڕەسولە، ئەو کچە 17 ساڵییە بوو، کە سێ هەفتە بەر لەئێستا لەگەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکووک، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بەسووتان گیانی لەدەستدا. بە وتەی دایکی، ڕەسولە کچێکی زۆر ئازاو ئیشکەری ناو ماڵ بوو.

دایکی ڕەسولە، کە بەدایکی مستەفا خۆی بە (ڕووداو) ناساند لەبارەی سووتانی کچەکەیەوە گوتی "کچەکەم سەرقاڵی لێنانی چا بوو، پاڵەپەستۆیەکی زۆری غاز لەناو چێشتخانەکە هەبوو لەگەڵ هەڵکردنی چەرخ ئاگر کلپەی کردو کچەکەم سووتا، تا گەیاندمانە نەخۆشخانە مرد".

دایکی مستەفا هۆکاری سووتانی کچەکەی بە"قەزاو قەدەر" ناو دەبات، بەڵام شایەتحاڵێک باس لەوە دەکات کە دایکی مستەفا و برایەکی پاڵنەری سووتانەکە بن و، گومانی ئەوە دەکرێ خۆی سووتاندبێ و شایەتحاڵەکە گوتی " کاژێر 3ی شەو بوو ئاگرێک لەسەربانی ماڵی ڕەسوڵە بەرز بووەوە، دەستبەجێ پۆلیسمان ئاگادار کردەوە و پۆلیس هاتە سەر ڕووداوەکە".

پۆلیسی عەرەفە هیچی لەسەر ڕووداوەکە بۆ (ڕووداو) نەگوت تەنیا ئەوەنەبێ، کە کچەکە بەر لە مردن بە دایکی گوتووە "دایە برادەرەکانم هەموویان شوویان کرد تەنیا من ماوم، بەڵام تازە کەس منی ناوێت".

لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک بێ ئاگایی خۆی لەدۆسیەکەی ڕەسولە نیشانداو گوتی "دۆسیەی ئەو کچە نەهاتووەتە لای ئێمە، هەر دۆسیەیەک بێتە لای ئێمە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین"، بەڵام سەرچاوەیەکی پۆلیس بۆ (ڕووداو) گوتی "دەمێکە دۆسیەی ڕەسولە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس کراوە، ڕەنگە نەتوانن لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن یان دەترسن".

(ڕووداو) بەر لەوەی پۆلیسی عەرەفە جێبهێڵێت، پۆلیسێکی بنکەکە هەندێک زانیاری لەبارەی ڕووداوەکەوە بۆ دەدرکێنێ، بەڵام بەمەرجێک ناوی بڵاونەکرێتەوە، پۆلیسەکە گوتی "ساڵی ڕابردوو ئەو کچە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک هەبووە، دواتر کچەکە هەر خۆی لەپۆلیسی عەرەفە شکاتی لێ کرد، دواتر کوڕەکە دەستگیر کراو پاشان بە 3 ملیۆن دینار سوڵحیان کرد، بەڵام تەنیا دایکی کچەکە لەڕووداوەکە ئاگادار بووە و باوکی ئاگادار نەبوو".

بەپێی قسەی پۆلیسەکە "ئەو کوڕە دوای ئەوپەیوەندییە، وێنەی هەڵسوکەوتەکانیشی لەگەڵ ئەو کچە گرتووەو لەنێو مۆبایلەکاندا بڵاوی کردووەتەوە، کچەکەش لەترسی ئەوەی کوڕەکە هەڕەشەی لێبکات و داوای پارەی لێبکات لەپۆلیس شکاتی کردووە".

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک لەو قوتابخانەیەی ڕەسولە لێی دەخوێند بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " مامۆستایەکی عەرەبی قوتابخانە کە پێشتر ئەندامی بەعس بووە، هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ لە ڕێ لادانی هەندێک لەقوتابیانی ئەو قوتابخانەیە".

پۆلیسەکە لەبارەی سووتانی کچەکەشەوە گوتی "لەکاتی ڕووداوەکە باوکی کچە لە تورکیا بووە، بۆیە دایکی کچەکە و براکەی، ئەوە بەدەرفەت دەزانن، کچەکە دەبەنە سەربان و لەوێ ئاگری تێبەردەدەن، کە باوکی کچەکەش دەگەڕێتەوە، جۆری سووتانەکە بەسووتانێکی سرووشتی بۆ باوکی دەگێڕنەوە".

تا ئێستا پۆلیس نەیتوانیوە لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕووداوەکەدا بکات، هەر دوای ڕووداوەکەش بەبێ لێکۆڵینەوە دایک و برای کچەی ئازاد کراون.

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ئەفسەرێکی لێکۆلینەوەی نزیک لەڕووداوەکە بۆ (ڕووداو) گوتی " ئەوەی دایکی کچەکە ئاماژەی پێکردووە سەرجەمیان دوورن لەڕاستییەوە، بەداخەوە ناتوانین لێکۆلینەوەی پێویست لەم دۆسیەیە ئەنجامبدەین، چونکە دایکی کچەکە کەسێکی گەورەی لەپشتەوەیە و دۆسیەکەی داپۆشیوە".

# پێنجوێن داوای فڕین لەئەلیاسە فڕە دەکات

**نەوزاد و ئاسۆ جەعفەر**
**ڕووداو – پێنجوێن**

هەموو ڕێگاکان،بۆ گەیشتنی شاخەوان بەکچە دراوسێیەکەیان بێ ئاکامبوون و بۆ ئەوەی بەیەکجاری دەستی لەبنی هەمبانەکەوە دەرنەچێت،خۆی گەیاندە ئەلیاسە فڕەو داوای لێکرد ئەو کچەی بۆ ڕازی بکات. ئەو لاوە تەمەن 20 ساڵە پێیوایە، ئەلیاسە فڕە تائێستا دڵی کەسی نەشکاندووەو هەر ئەویش دوا ماڵی ئومێدی عاشقان و بێ پشتیوانەکانە" هەر ئەوەندەی ڕازیی بکات، دەیخوازم" . ڕۆژانی چوارشەممە، ماڵی ئەلیاس جمەی دێت لەوانەی داوای فڕین بەسەر نەهامەتی و کۆسپەکانی بەردەم ژیانیاندا دەکەن.

دانیشتوانی پێنجوێن، لەبارەی فڕینە تووڕەکانی شەوانەی ئەلیاسەوە،چیرۆکی سەیر و سەمەرە دەگێڕنەوە. پوورە فاتمی تەمەن 60ساڵ، وا نازانێت لەتەنیشت گۆڕێکەوە دانیشتووە،ئەو دەڵێ شەوانە دەبینم چۆن ئەلیاسە دەفڕێت و هێڵی نوورانی بەئاسماندا دەکێشێت . فاتم بڕوایەکی لەبنە نەهاتووی بە ئەلیاسە فڕەیە "هەرکاتێک پیاوخراپێک لەپاڵیدا بنێژن، لەشەقەی باڵ دەدات و بەئاسماندا دەفڕێت و ئەو شوێنە جێدەهێڵێت" .

فاتم حاجی مەحمود، لەسەر گۆڕەکەی ئەلیاسە فڕە زیاتر دەربارەی "موعجیزەکانی"دەدوێ و دەڵێ "من خۆم بووکێکم هەبوو ماوەی سێ ساڵ بوو منداڵی نەدەبوو، دوای ئەوەی هاتم جۆلانەیەکم لێرە بۆ هەڵخست،بووکەکەم بووە خاوەنی کوڕێک و ئێستا کوڕەکە گەورەش بووە".

پێنجوێن، ئەگەرچی هەمیشە بەکۆمەڵێک تایبەتمەندی دەیەوێت خۆی لەشارۆچکەو شارەکانی دیکە جیابکاتەوە، کاتێک کە هەستدەکەیت لەوشارەدا، هەر لەزووەوە خاڵییە لەدیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک، عەشیرەتگەری و ژن بەژن و گەورەبەبچووک و ژنکوشتن، بەڵام هاوکات پێیەکیشی لەقەراخی ئەفسانەکان نەبڕیوە. لەو شارەدا، گەلێک کەسایەتی لێوانلێو لەئەفسانەی وەک ( ئەلیاسە فڕە، پیروەهاب، پیرشەهاب، پیرجومعە، تاقەدارە، نۆبووک، قوڕەڕەشە، کوڕنو، حاجی شێخی گەورەو حاجی شێخی بچووک ) هەن و تائێستاش خەڵکی داوای پیرۆزی و حاسڵ بوونی مەرامەکانیان لێدەکەن.

باخەکەی ئیبراهیم عەبدوڵڵا ڕەشید چانسێکی گەورەی هەیە . ئەو باخەوانە دڵخۆشە بەوەی گۆڕی ئەلیاسە فڕە لەناو باخەکەی ئەودایەو دەتوانێ بەتەنیشت باخەکەیەوە خزمەتی گۆڕەکەی ئەویش بکات" باوکم کاتی خۆی ئەم گۆڕەی هەڵبەستووە" . بە ڕای ئەو باخەوانە " ئەم شەخسە وەک لەدەماودەمەوە دەگێڕنەوە، ئەلیاس پێغەمبەرەو هەر لێرەش ناشتوویانە، بۆیەش پێیدەڵێن ئەلیاسە فڕە، چونکە شەوانە دەفڕێت" .

ئیبراهیم، زۆر لەو کەسانە دەبینێ کە هەریەکەو بەچیرۆکێکەوە دێنە ئەوێ " زۆربەی ئەوانەی دێن، ژنن و بۆ منداڵ بوون دێن" .وتیشی " خەڵک لەهەموو شوێنێکەوە دێت، تەنانەت لەبەغداشەوە " .



دوو ژن و دوو منداڵ لەسەر گۆڕی ئەلیاسەفڕە لە پێنجوێن (فۆتۆ:ڕووداو)

شاخەوان محەممەد، دواجار ناچار بوو پەنا بێنێتە بەرئەلیاس، هەرچەندە بۆخۆی یەکێک بووە لەوانەی بڕوای بە"شەخس" نەبووە. شاخەوان بەعیشقی کچە دراوسێیکەیانەوە هاتووەو کچەکە ڕازی نییە شووی پێ بکات " دەبێت لێرەش بەختی خۆم تاقی بکەمەوە، بەڵام ئومێدم بەئەلیاسە فڕەیە " . ڕۆژانی چوارشەممان، سەدانی وەک شاخەوان داوای فڕین لەو پیاوە دەکەن . ئیبراهیمی باخەوان دەڵێت " کەسێکیان هێنایە ئێرە چەند ساڵ بوو نەخۆشی دەروونی هەبوو، لەسەر ئەو شەخسە نەخۆشەکە خەوی لێکەوت و کاتێک خەبەری بووەوە هەستایەوە، بەتەواوی چاک بووەوە" .

"ساڵی پار، لەگەڵ دوو کچی هاوڕێم هاتینە ئێرە، داوامان لێکرد هاوکاریمان بکات بۆئەوەی لەو دوو وانەیەی کە لاوازین لێیان نەکەوین، بەخوا نەکەوتین و باش بووین " .سروشت، دیسانەوە هاتووەتەوە تا ئەلیاسەفڕە بۆ تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵیش فریای بکەوێتەوە ! " ئێستا تەلەبە زۆر دێنە ئێرە بەمەبەستی دەرچوون لەتاقیکردنەوەکان".

بەڵام زۆر لە مەلاکان ئەوە بەخراپترین جۆری هاوتا پەیداکردن بۆ خوا دادەنێن، کە موسڵمان پێی کافر دەبێ. غەریب مستەفا پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی شافیعی لەپێنجوێن لەوە تووڕەیە و پێیوایە،ئەمە لەئیسلامدا ڕێگە پێنەدراوە "ئەمە جۆرێکە لەبت پەرستی و هاوەڵ دانان بۆ خودا"، گوتیشی " خودا دەرگاوانی نییە تا وەکو سەرۆکەکانی دونیا کەسێک لەنێوان خۆی و عەبدەکانی دابێت، خودا لەڕەگی ملمان نزیکترە لێمان و هەرچیمان ویست دەبێت ڕاستەوخۆ لەخۆی داوابکەین " . ئەو مامۆستایە زیاتر لەمە وتی " ئەوانەی دەچن ئاژەڵ دەبەن و لەوێ سەری دەبڕن گۆشتەکەیان حەرامە، لەبەر ئەوەی سەربڕینی ئاژەڵ و هەرشتێک جگە لەخوا حەرامە" .

محەممەد بەبەشێکی پشتێنەکەی پشتی عارەقەی نێوچاوی دەسڕێتەوەو پەنجە بۆ بەرزییەک ڕادەکێشێت " هاوینێک ئاگر ئا لەو شاخە بەربوو، ئاگر شێتانە بەهەر چوارلادا دەهات و تەشەنەی دەکرد، بڕوا بکەن، کە ئاگر گەیشتە تەنیشت شەخسەکە، یەکسەر دامرکایەوە ". ئینجا دەنگی بەرز دەکاتەوەو دەڵێ " ئەمە ئەگەر کەرامەت و پیرۆزی نەبێت چییە ؟" . مامۆستا غەریب دەڵێت " ڕاستە ئەوە پیاوێکی ئیمانداره، بەڵام ئەوە ئێستا ئیسک و پروسکی ڕزیوەو چاکەو خراپە تەنها لەدەست خودایە " . وتیشی " ناکرێت ئەوێ بکرێتە تەمبەڵخانە، تەلەبە بچێت بەردێک لەکێلەکەی بخشێنێت و چارەنووسی خۆی بفەوتێنێت ؟ بۆچی ناچێت خۆی هەوڵبدات؟" .

# "ژنانی کورد زیاتری هەموو ژنانی جیهان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە"

**ڕووداو–ئامەد**

دەروونناس، ئاڵکین حاسکایا، ڕایگەیاند لەجیهاندا ژنانی کورد زیاتری هەمووان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو هۆکارەکەشی بۆ زیادبوونی کێشە ئابوورییەکان گەڕاندەوە. پەرلەمانتارێکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیش بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیای بەبەرپرسیار زانی لەزیادبوونی ڕێژەی کوشتنی ژنان و گوتی "عەقڵیەتی دەوڵەتی تورک و ئەو پیاوانەی ژن دەکوژن وەکو یەکە".

توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە باکووری کوردستان، ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەبێ، بەرپرسانی دەوڵەتی تورک، عەقڵییەتی کۆمەڵگەی کوردی بەبەرپرسیاری ئەوە دەزانن، بەڵام بەرپرسانی کورد لەباکوور زۆر بەتوندی ئەوە ڕەتدەکەنەوەو بەردەوامیش خەریکی کۆڕ و سیمینارن لەپێناو کۆتایی هێنان بەتوندوتیژی دژی ژنان.

پەرلەمانتار گولتان کیشاناک، ئەندامی DTP و نوێنەری شاری ئامەد لە پەرلەمانی تورکیا، ڕەخنەی لەدەزگاکانی دەوڵەتی تورک دەگرێت و دەڵێت "دەزگا فەرمییەکان ئەرکەکانیان جێبەجێ ناکەن"، کیشاناک دەڵێ لەبەر ئەوەی دەزگاکانی دەوڵەت بە عەقلیەتێکی شۆڤێنی بیردەکەنەوە توندووتیژی دژی ژنان بەبەرهەمی عەقلی کوردی دەزانن، کیشاناک لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی دەوڵەت کوشتن لەسەر ناموس دەخاتە ئەستۆی کورد و هەوڵدەدات سیمایەکی خاوێن لەخۆی نیشان بدات " هەندێک دەڵێن ئەوە نەریتی کوردانە، کورد دواکەوتوون، بەو شێوەیەش ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن".

هەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەیەک لە ژێرناوی (پرۆژەی خۆکوشتنی ژنان و کوشتنی ناموس) لەهۆڵی کۆنفرانسی شارەداری باغلەری ئامەد بەڕێوەچوو، جگە لە یورد سەڤ ئۆزسۆکمانلەر، سەرۆکی شارەداری باغلەر چەندین کەسایەتی و کۆمەڵە و ڕێکخراویش تێیدا بەشداربوون .

زولفوک کارا تەکین، سەرۆکی شارەداری کاپینار، کە یەکێک بوو لەبەشداربووانی کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند کە توندوتیژی دژبە ژنان گەشتووەتە بەرزترین ئاست و هۆکارەکەشی بۆ شەڕو پێکدادانەکان و ڕووخاندنی 4 هەزار گوند لەلایەن دەوڵەت لە باکووری کوردستان و دەربەدەربوونی دانیشتوانیان گەڕاندەوە و گوتی " ئەو ڕەوشە نا ئارامە شیرازەی خێزان تێکدەدات".

هەروەها سەرۆکی شارەوانی باغلەر زۆر بە توندی، قسەی بەرپرسانی دەوڵەتی تورکی ڕەتکردەوە، کە توندوتیژی بە کاراکتەرێکی باکووری کوردستان دادەنێن، ئۆزسۆکمانلەر گوتی "لێکۆلینەوەکان دەریانخستووە ئەم لێکدانەوەیە ڕاست نییە، توندوتیژی بەرامبەر ژن لەوڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا هەیە، کۆمەڵگا بەرەوپێش دەچێ، بەڵام عەقڵیەتی پیاو سالاری ناگۆڕدرێت. لەوانەیە هەرێمەکەمان لەم ڕووەوە لەگەڵ شوێنەکانی دیکە هەندێک جیاوازی هەبێت".

گوتیشی "تورک بۆ ئەوەی شۆڤێنیزمی خۆیان بەرەو پێش ببەن ئەو پرسە تەنیا دەخەنە ئەستۆی کورد، ئێمەش دژی ئەوەین".

گوتیشی ئەوان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان لێکۆلینەوەیەکی فراوانیان لە بارەی توندوتیژی نوواندن بەرامبەر ژنان ئەنجامداوە.

گولتان کیشاناک، پەرلەمانتاری DTP شاری ئامەد، پێیوایە ئەو ڕێوشوێنانەی لەلایەن دەوڵەتەوە پەیڕەو دەکرێن ڕادەی توندوتیژی لە دژی ژنان کەمناکەنەوە "توندوتیژی لە بەرامبەر ژن لەوڵاتی ئێمە خەریکە ژیان لە ژن دەسێنێتەوە. لەم بوارەشدا دەزگاکانی دەوڵەت ئەرکەکانیان ڕاناپەڕێنن، دەوڵەت هاوبیرە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەبەرامبەر ژندا توندوتیژی ئەنجامدەدەن، ئەوەش کێشەیەکی گەورەیە". کیشاناک بەو لێدوانەی ڕەخنەی لە عەقلیەتی توندتیژانەی دەوڵەت گرت بەرامبەر داخوازییەکانی کورد.

هەروەها کیشاناک ئاماژەی بەوەدا بۆ پێکهاتنی یەکسانی کۆمەڵایەتی ژنان پێشنیازی کۆمیسیۆنی یەکسانیان کردووە و گوتی " هەر چەندە لەقۆناخی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپادا ئەو پرسە وەک مەرجێک بەسەر تورکیادا سەپێنرا بوو، بەڵام هێشتا کۆمیسۆنی یەکسانی لەنێوان ژن وپیاودا دانەمەزراوە" .

دەروونناس ئاڵکین حاسکایا، لەسیمیناری (توندوتیژی کۆمەڵایەتی) کە لەلایەن بزووتنەوەی ژیانی دیموکراتی و ئازادەوە لەبارەگایDTP لەشاری ئیستەنبول ڕێکخرا، ڕایگەیاند "بەبەراوورد لەگەڵ هەموو جیهان ژنانی کورد زیاتر لە هەموو شوێنێک بەرەو ڕووی توندوتیژی دەبنەوە" .

ئاڵکین هۆکارەکانی توندوتیژی بۆ کاریگەرییەکانی مەیخواردنەوەو تریاک کێشان و کێشە ئابوورییەکان گەڕاندەوە و گوتی "25%ی هۆکاری توندوتیژی کۆمەڵایەتی ماددەکحولی و بێهۆشکەرەکانن"، گوتیشی کۆچبەری و کێشە ئابوورییەکان مرۆڤ دەکەنە تریاک کێش، سەرئەنجامیش ئەوانە توندوتیژی بەکاردێنن. گوتیشی هەنگاوێکی نەهێشتنی توندوتیژی ئەوەیە"چەمکی پیاو سەرداری نەهێڵین" .



ژنێکی باکووری کوردستان، لە چالاکییەکی دژی توندووتیژیدا تەماشای چەند دیمەنێکی ژنان دەکات (فۆتۆ:DIHA)

## راپۆرتی لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکانی سەر بە پەرلەمانی عێراق

# تورکیا لە بۆردومانی ناوچە سنوورییەکاندا چەکی قەدەخەکراوی بەکارهێناوە

**رووداو- هەولێر**

بەپێی راپۆرتێکی لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکانی سەر بە پەرلەمانی عێراق لەبارەی ئەو لەشکرکێشی و بۆردومانەی کە سوپای تورکیا لە چەند مانگی رابردوودا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیداوە، هەروەها بۆردومانی بەردەوامی ئەو ناوچانە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، "بوونی چەکدارانی PKK تەنیا بیانوویەکی درۆ بووەو ئامانجی راستەقینە لێدانی ژیانی ئابووری و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین بووە لەنێو خەڵکی ئەو ناوچانەدا" راپۆرتەکە بە ئاماژەکردن بە بینینەکانی خۆیان و قسەی خەڵکی ئەو ناوچانەو هەروەها راپۆرتی بەرایی وەزارەتی ژینگەی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە سوپای تورکیا لەو هێرش و بۆردومانانەدا چەکی قەدەخەکراوی بەکارهێناوەو لەنێو رەزو باخ و زەویی کشتوکاڵیی خەڵکدا کێڵگەی مینی چاندووە.

لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکان کە رۆژی 29ی شوباتی 2008 لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بە ئەندامێتی هەریەک لە میسال ئالووسی و سەفیە تاڵب سوهێل ئەندامانی پەرلەمان پێکهات، رۆژی 2ی ئاداری 2008 لەکاتێکدا لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان لە گەرمەیدا بوو، بە دیدارێک لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستی بەکارکردو بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێکی تێروتەسەل دەربارەی زیانە گیانی و ماڵییەکانی ئەو هێرشانە سەردانی مەیدانیی هەموو ئەو ناوچانەی کرد کە بەر پەلامارو بۆردومان کەوتوون.

راپۆرتەکە وێڕای ئاماژەدان بە بارودۆخی نالەباری دانیشتووانی ئەو ناوچانەو ئاوارەبوونی سەدان خێزان بە هۆی بۆردومانەکان، باس لەو پێشێلکارییە بەرفراوانەش دەکات کە دەرهەق بەمافەکانی مرۆڤ کراون. لەبەشێکی پێشەکیی راپۆرتەکەدا هاتووە "خێزانەکان، لەوناوچە سنوورییانەی سەردانمان کردوون لەبارێکی مرۆیی نالەباردان، کاریگەریی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەسەر ژێرخانی ئابووری و ژینگەو سروشتی ناوچەکەو سامانی ئاژەڵ و خوێندن و پەروەردەو ئازادییە گشتییەکان بەتەواوی دیارە".

ئەو راپۆرتە لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە سەربازگەو بنکە سەربازییەکانی تورکیا لەنێو خاکی کوردستاندا دابخرێن، ئاماژە بەوەش دەکات کە بەشی زۆری سەربازگەکان لەنێوخەڵک و شوێنە مەدەنییەکان و نزیک قوتابخانەکان و لەنێو کێڵگەو باخ و زەوییە کشتوکاڵییەکانی خەڵکدا دروستکراون.

راپۆرتەکە لە شەش بەش پێکهاتووەو لە دووتوێی 48 لاپەڕەدایەو ژمارەیەکی زۆر لەو وێنانەی لەگەڵ هاوپێچ کراوە کە لیژنەکە لە سەردانی مەیدانی خۆیاندا بۆ ناوچەکانی نێروە، رێکان، بامەڕنێ لە قەزای ئامێدی، باتوفەو کانی ماسی لە قەزای زاخۆ، بارزان، مێرگەسۆر، سۆران و سیدەکان لە پارێزگای هەولێرو ناوچەکانی بناری قەندیل گرتوونی.

بەشی دووەمی راپۆرتەکە تەرخانە بۆ بنکە سەربازییەکانی تورکیا لەنێو خاکی کوردستان کە ژمارەیان 9 بنکەیەو پتر لە 3 هەزار سەربازیان تێدایە. لەوبارەوە دەڵێت

> رەنگی شیری ئاژەڵەکانی بناری قەندیل لەدوای بۆردومانەکانەوە گۆڕاوەو رەنگێکی خۆڵەمێشیی وەرگرتووە، تەنانەت تامەکەشی گۆڕاوەو ترش بووە

"ئەم سەربازگەو بنکە سەربازییانە لەنزیک شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیلن، یان لە تەنیشت قوتابخانەکانن و لەنێو باخ و کێڵگەی هاووڵاتیاندان کە پارتی کرێکارانی کوردستان هیچ چالاکییەکی لەو ناوچانەدا نییە".

راپۆرتەکە باس لەوەدەکات کە لیژنەکە سەردانی بەڕێوەبەری ئاسایشی دهۆکیان کردووەو لەبارەی ئەو بنکە سەربازییانە پرسیاریان لێکردووە، وەڵامی بەڕێوەبەری ئاسایش ئەوەبووە کە کاری ئەو بنکانە کۆکردنەوەی زانیاری و سیخوڕیکردنە، ئەوەشی روونکردووەتەوە کە لەنێو ئەو بنکانەدا ئامێری پێشکەوتووی گوێلێگرتن هەیەو ئەوەش هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بۆ سەر ئاسایشی کوردستان. بەڕێوەبەری ئاسایش ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەو بنکانە لەم ئۆپەراسیۆنەی دواییدا چاوی هێزەکانی سوپای تورکیا بوونە.

لیژنەکە سەرەتا سەردانی ناوچەکانی نێروەو رێکان و بامەڕنێی کردووە لە قەزای ئامێدی کە بەدرێژایی ئەوماوەیە گۆڕەپانی ئۆپەراسیۆنەکان بوون و بەشێوەیەکی بەردەوام ئامانجی هێرشی ئاسمانیی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا بوون. لەوێ بەچاوی خۆیان ئەو پردانەیان بینیوە کە فرۆکە تورکییەکان بەئەنقەست خاپووریان کردوون. دواتر سەردانی یەکێک لە کۆمەڵگای ئاوارەکانیان کردووە لەناوچەی (سیری)و باس لەوەدەکات کە دەیان خێزان ناچاربوونە لە کۆنە قوتابخانەیەکدا نیشتەجێ بن و لەبەر کەمیی ژوورەکانی هەر چەند خێزانێک لەیەک ژووردا دەژین.

لەناحیەی باتۆفای سەر بەقەزای زاخۆ، لیژنەکە لەنزیکەوە یەکێک لەو سەربازگانەی سوپای تورکیایان بینیوە کە لوولەی زرێپۆشەکانی رووی لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بووەو تەنیا 30 مەتریش لەو قوتابخانەیە دووربووە. لیژنەکە سەردانی ئەو قوتابخانەیەی کردووەو لەگەڵ چەندین قوتابی قسەیان کردووەو هەموویان ترس و تۆقینیان لەو سەربازگەیە پێوە دیاربووە. راپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەکات کە دانیشتووانی ئەو گوندە لەدوای خۆرئاوابوون ناوێرن هیچ جموجوڵێک بکەن، تەنانەت ئەگەر زۆر پێویستیش بێت.

راپۆرتەکە دەڵێت "سەرجەمی ئەو گوندانەی لیژنەکە سەردانی کردوون، لەسەردەمی رژێمی سەدامدا زیاد لەجارێک بەرەورووی وێرانبوون و راگواستن هاتوون، ئێستاش وا جارێکی دیکە گیرۆدەی دەستی بۆردومانی بەردەوام و هێرشە سەربازییەکانی تورکیا بوونەتەوە".

راپۆرتەکە دەڵێت "لەگوندی بیدۆهی سەر بەناحیەی کانی ماسی لەکۆی 200 ماڵ تەنیا یەک ماڵمان لەوێ دیت، ئەوانی دیکە لەترسی ئەو بۆردومانەی کە تەنانەت قوتابخانەو بنکە تەندروستیەکەشی گرتبووەوە، ناوچەکەیان چۆڵ کردبوو".

راپۆرتەکە باس لە گوندی (مایی) دەکات کە لیژنەکە لەکاتی سەردانیاندا تەنیا نزیکەی 10 کەسیان لەوێ بینیوە، ئەوانیش هەموو پیاو بوونەو هەرچی ئافرەت و منداڵی گوندەکە هەیە، هەموو بەرەو زاخۆو دهۆک هەڵاتوون. قوتابخانەی ئەو گوندە بەهۆی نەبوونی قوتابییەوە داخراوە، کەچی لەگوندی بیدۆهی بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆستاکان رۆژانە بۆ گوتنەوەی وانە بە چوار قوتابی یەک خێزان کە لە گوندەکەدا ماوە سەردانی قوتابخانەکەیان کردووە.

### شوێنەوارە مێژووییەکانیش دەدزن

دانیشتووانی ناوچەی سیدەکان لەسنووری قەزای سۆران سکاڵایەکیان داوەتە لیژنەکە کە هێزەکانی سوپای ئێران بەردێکی مێژوویی ئەو ناوچەیەیان لەگەڵ خۆیان بردووەو لە مۆزەخانەی شاری (ورمێ)یان داناوە، تەمەنی ئەو بەردە بۆ 3 هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو بەخەتی مسماری لەسەری نووسراوەو بە "بەردی کێلەشین" ناسراوە، خەڵکی ناوچەکە داوایان لە لیژنەکە کردووە کە لەڕێی حکومەتی بەغداوە هەوڵی خۆی بۆ گێڕانەوەی ئەو بەردە بخاتەگەڕ.

لیژنەکە لە درێژەی ئەو گەڕان و بەدواداچوونەدا سەردانی ناوچەکانی بناری قەندیل، دۆڵی خانەقا، دۆڵی شەهیدان، دۆڵی پڵنگان و ناحیەی ژاراوەو ناوچەی قەڵادزێیان کردووە کە سەرباری بۆردومانی فرۆکەکانی تورکیا ماوەیەکی درێژ ئامانجی تۆپبارانی سوپای ئێرانیش بوونە. لیژنەکە ئاماژە بەوەدەکات کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەهۆی بۆردومانەکانەوە کە چەکی قەدەخەکراوی تێدا بەکارهاتووە، سەرباری زیانە مادیەکان و وێرانبوونی کشتوکاڵ و باخەکانیان، دووچاری چەندین نەخۆشیش هاتوونەتە، لەوانە سووربوونەوەو ئاوسانی چاو، هێڵنج هاتنەوەو تەنگەنەفەسی، کزانەوەی لووت و تووشبوونی پێست بە حەساسیەت. هەروەها دەڵێت "لەو ناوچەیە ژینگەو مەڕوماڵاتی هاووڵاتیان تووشی زیانێکی گەورە هاتوون، ئاژەڵەکانیان تائێستاش بەهۆی نەخۆشیی نەزانراوەوە دەمرن، رەزو باخ و کێڵگەکانیان تووشی وشکبوون دێن و ئەمەش بۆردومانی کیمیاوی سەردەمی سەدام حوسێن بەبیر دانیشتووانەکەی دێنێتەوە.

لیژنەکە لەوبارەوە چاویان بە دارا محەممەدئەمین وەزیری ژینگەی کوردستان کەوتووەو ئەویش ئەوەی پێڕاگەیاندوون کە رەنگی شیری ئاژەڵەکانی ئەو ناوچەیە لەدوای بۆردومانەکانەوە گۆڕاوەو رەنگێکی خۆڵەمێشیی وەرگرتووە، تەنانەت تامەکەشی گۆڕاوەو ترش بووە.

پێگەو بنکەکانی سوپای تورکیا لەناو کوردستان

ئەو بنکانەی سوپای تورکیای تێدا نیشتەجێن و دەکەونە ناو سنووری هەرێمی کوردستانەوە:

1-بنکەی سەری سیتکێ 80 سەربازی تێدایە.
2-بنکەی کەمری 70 سەربازی تێدایە.
3-بنکەی کۆبکی 130 سەربازی تێدایە.
4-بنکەی کوخی سپی 70 سەربازی تێدایە.
5-دەری داواتیا 70 سەربازی تێدایە.
6-بنکەی بامەڕنێ کە بارەگای سەرەکییە 536 سەربازی تێدایە.
7-بنکەی کانی ماسی 580 سەربازی تێدایە.
8-بنکەی ئامێدی 40 سەربازی تێدایە.
9-بنکەی سەرزێری 60 سەربازی تێدایە.
10-بنکەی گەلیی زاخۆ 34 سەربازی تێدایە.
11-بنکەی سێری 75 سەربازی تێدایە.
12-بنکەی کرێبی 414 سەربازی تێدایە.

### 9 بنکەی سەربازی تورکی لە هەرێمی کوردستاندان کە پتر لە 3 هەزار سەربازیان لێیە



سەفیە سوهێل ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ سۆزان مشیر کە بەهۆی بۆردومانکردنی گوندەکەیان لە بناری قەندیل لەلایەن فرۆکەکانی تورکیا قاچێکی پەڕی

لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکان بەکۆمەڵێک راسپاردە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆتایی بە راپۆرتەکەی هێناوە، لەوانە:

یەکەم: حکومەت هەنگاوی پێویست هەڵگرێت بۆ لابردنی ئاسەوارەکانی ئەو دەستدرێژییە، لەوانەش پووچەڵکردنەوەی کێڵگەکانی مین لەو ناوچانەو هەڵگرتنەوەی ئەو بۆمبە هێشوویانەی تائێستاش نەتەقیونەتەوە.

دووەم: داوا لە پەرلەمانی ئەوروپاو یەکێتی ئەوروپا بکرێت رێگە لە هەوڵەکانی تورکیا بگرن بۆ بوونە ئەندام لەو یەکێتییە ئەگەر جارێکی دیکە سنووری عێراقی بەزاندو بەردەوام بوو لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەو ناوچە سنوورییانە.

سێیەم: رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەنێو عێراق و دەرەوەو ئەوانەی گرنگی بەئاشتی دەدەن داوای یاسایی لەدادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ دژی تورکیا تۆمار بکەن و کار بۆ ئەوەبکەن کە ئەو دادگایە بەبڕیارێک ئیدانەی بەزاندنی سنووری عێراق بکات.

چوارەم: بەستنی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمانی عێراق و دەرکردنی بڕیارێک سەبارەت بە داخستنی هەموو بنکە سەربازییەکانی تورکیا لەناو خاکی عێراق.

پێنجەم: پێشکەشکردنی وێنەیەکی ئەم راپۆرتە بە پەرلەمانی ئەوروپاو یەکێتی پەرلەمانتارانی نێودەوڵەتی و رێکخراوە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بۆئەوەی بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی خۆیان بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانە لەئەستۆ بگرن.

شەشەم: دەبێت وەزیری دەرەوە باڵیۆزی ئەڵمانیا بانگ بکات و داوای روونکردنەوەی لێبکات کە بۆچی لەنێو ئەو بنکە سەربازییانەدا چەکی زۆر پێشکەوتووی ئەڵمانی هەن، لەکاتێکدا رێککەوتننامەی فرۆشتنی چەک لەنێوان ئەڵمانیاو تورکیا مەرجی ئەوەی داناوە کە نابێت ئەو چەکانە دژی کورد بەکاربهێنرێن.

حەوتەم: لەگەڵ بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی، بارودۆخی تایبەتیی ئەو ناوچە سنوورییانە لەبەرچاو بگیرێ و بودجەی تایبەتییان بۆ تەرخان بکرێت.

لیژنەکە هەروەها کۆمەڵێک راسپاردەشی پێشکەش بەحکومەتی عێراق کردووە، گرنگترینیان:

1-سنوورێک بۆ دەستدرێژییەکانی تورکیا دابنێ و ئەم بابەتە بخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و یەکێتی ئەورووپا.

2-بڕیارێک دەربکات و لایەنی تورکی پابەند بکات بەوەی هەرچی بنکەی سەربازیی هەیە لەناو خاکی عێراق بیانکێشێتەوە.

3-داوا لەلایەنی تورکی بکات قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ئەو ناوچانە بکاتەوە.

4-بەرزکردنەوەی سکاڵایەک بۆ لایەنە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان لەدژی دەوڵەتی تورکیا کە چەکی قەدەخەکراوی لەو هێرشانەدا بەکارهێناوە.

---

## سەرۆکێ جڤاتا رۆحانیا ئێزدیا :

# ئەو کچا ئێزدی یاکو خوە دگەل کۆڕەکی مۆسلمان بدەتە رەڤاندن ئێدی ناهێتە کوشتن

**سامان سندی**
**رووداو – شێخان**

بە ریا 900 سالان، جڤاتا رۆحانیا ئێزدیا ل سە ر دە ستێ شێخ هادی هاتییە دامە زراندن و کە سێ ببیتە سە رۆکێ ڤێ جڤاتێ دڤێت ئێک بیت ژ بنە ماڵا فەخرەدین کۆ بنە ماڵەکا ئولدارن دنێڤ ئێزدیادا و یێ ڤی پوستێ هان وەرگریت دبێژنێ (بابەشێخ).

(بابە شێخ)ێ نهۆ یێ ئێزدیان کو ناڤێ وی یێ درست خرتۆ حاجی ئیسماعیلە، ل ماڵا خوە ل قەزا شێخان بۆ (رووداو) ئاخفت و گۆت "کارێ جڤاتا رۆحانییە ساڵانە گەڕیانەکێ دنێڤ ئێزدیاندە ئەنجامبدەت و هەر گازندەکا مللەتی هەبیت چارەسەر دکەت". ئەو جڤاتە کو سەروکانیا دەرێخستنا هەموو بڕیارێن ئایینێ ئێزدی و کاروبارێن کوردێن ئێزدییە، هەروەکی بابەشێخ دیار دکە "ئەڤ جڤاتە یا هەموو ئێزدیانە لسەرتاسەری جیهانێ".

پشتی روودانا کوشتنا دوعایێ ل ساڵا بووری، میر و شێخ و رەوشەنبیرێن ئێزدیان بوونە ئێک رەئی کو پێویستە یاسایا بارێ کەسی بهێت گهۆڕتن داکو مافێ ئێزدیان بێت پاراستن وەک ئایینەک کو کەسەکی ئایینەکی دیکە قەبول ناکەت و ناخوازن کەسەکی وانیش بچیتە سەر ئاینەکی دیکە.

بابە شێخ دە ربارە ی ئایینێ ئێزدی دبێژی کو هەموو، پەرتووک و قەولێن ئایینیێن وان ب زمانێ کوردینە "ئۆلێ مە گشت ب کوردی هاتیە نڤێساندن و ئەم بکۆردی تاعەتێن خوە دکەین، نە وەکو ئیسلامێیە کو کورد ب عەرەبی عیبادەتێ دکەن".

لێ وەک بابەشێخی بۆ (رووداو) ئاشکرا کر، ئەو بخوەژی دنێڤ خوەدا مژولی گۆهڕینانن د بڕیارێن نێڤخۆیدا ل دۆر ڤێ چەندێ " ئە م مژولی گۆهڕینا بڕیارا بارێ کە ساتینە دنێف ئۆلێ ئێزدیدا و تا نۆکە ژی مە چەند بڕیار داینە، وەک : هەر کچەکا ئێزدی خوە دگەل ئێکێ مۆسلمان بدەتە رەڤاندن ئەم وێ کچێ ناکوژین لێ ب مەرجەکی کو کوڕێ مۆسلمان وێ کچا ئێزدی ببەتە دەڤەرێن پڕانی موسڵمان بن"، هەروەسا بابە شێخ دا نیشاندان کو وان بڕیار دایە ئیدی کچانژی پشک د میراتێ بابێ خوەدا هەبی.

بابەشێخ ڤان گۆڕنیان زۆر ب مەزنی دبینی و دبێژی " مە گەلەک بڕیارێن دیموکراسیانە بۆ کچا ئێزدی دەرئێخستینە و ئەو دیمۆکراسیا نها بۆ کچا ئێزدی هەیە ل چ ئالی و ئاین و ئۆلەکی دندا نینە و، نها دوو ژن دنێف جڤاتا رۆحانیدا ئەندامن و ئەو پرۆپاگندێن ل دویف ئێزدیا دهێنەکرن ژ هەر ئالیەکی بیت".

نها هەوڵدانەک هەیە کو دبێژی ئێزدی کورد نین و ئێزدی ب خوە نتەوەیەک سەر بخۆن ل ئەرمەنستانێ ب هاریکاریا دەوڵەتێ، ل ئەڵمانیا و باشوورێ کوردستانێش ب سەرکێشیا بزاڤا ئیسلاح، کو هندەک ژێدەر دبێژن ژلایێ سوریا و تورکیاوە دهێتە پشتەڤانی کرن، د پێکۆلاندایە،هەرچەندە بابەشێخی گازندە ل کوردێن موسڵمان هەیە، لێ دیسان ژی دبێژی" ئەم هەمی دەما خوە کورد ددەینە ناساندن، لێ ئالیێ بەرامبەر مە وەسا ناس ناکەن".

سەرۆکێ جڤاتا رووحانیان هەروەسا، ئەو گۆتنێن کو دبێژن ئێزدی داخازا مافێ ئۆتۆنۆمی ل هەرێما کوردستانێ دکەن،رەتکرن و گۆت" ئەڤە راست نییە، لێ پێتڤیە حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئالیکاریا مە بکەت ژ لایێ خزمەتگوزاری و مەعنەوی و لۆجستی داکو ئە مژی دگەل کورداندا بمینین".

ل درێژاهیا گۆتنێن خوە دا بۆ (رووداو) گۆت نها ئێزدی ل ئورپا و ئە مریکا لوبیە ک پێک ئانیە بناڤێ ماڵا ئێزدیان و کارێ وانا ئەوە پشتگریا وە لاتێن رۆژ ئاڤا بو ئێزدیێن کوردستانێ مسۆگەر بکەن.

پڕانیا دەڤەرێن، ئێزدیان ل چارچۆڤێ مادا 140 دانە کو هێشتا ب شێوەیەکی رەسمی نەزڤڕینە بۆ سەر کوردستانێ، لێ دگەڵ هندێش دا ل زۆر ل ڤان دەڤەران حکومەتا کوردستانێ پرۆژێێن ئاڤەدانیێ بجیئینانە. بابەشێخ دبێژی " تا نها گەلەک ژ گوندێن ئێزدیا چ کارێن خزمەتگۆزری نەگهشتینێ و ئەوا حکومەتا هەرێما کوردستانێ تا نها کری گەلەک کێمە"، بابە شێخ ب توندی رەخنە ل حکومەتا کوردستانێ گرت و گۆت "نها حکومەتا هەرێما کوردستانێ ناهێلیت ئێزدی چ پرۆژە و کارگەهان ل سەر زەڤیێن خوە دانن لێ ئەگەر مرۆڤەکی موسلمان یان کریستیان بیت رووخسەت بۆ وان هەیە"، ل سەر ڤێ چەندێ ژی گۆت"مادام ئەم ناخوازن ژ کوردا جودا بین، دڤێت کوردژی پشتەڤانیا مە بکەن".

بابەشێخ هەروەها گلەیی ژپارتی ژی هەبوون و گۆت ئێزدی تنێ ل هەرێما کوردستانێ 750 هزار کەسن و ل سەرتاسەری جیهانێ ژی بێتری 1 ملیۆن و 500 هزار کەسانن "ژبەر هندێ یا فەربوو نها مە 14 ئەندام د پەرلەمانا کوردستانێ دا هەبان، نەکو دوو سێ ئەندام، کو ئەو ژی تنێ کارێ خوە یێ پارتایەتیێ دکەن و بۆ ئێزدیا کارناکەن".

پشتی کو خەیری نەعمۆ کو کوردەکی ئێزدی بوو، ژ ئەگەرێ روودانەکا کۆمەڵایەتی دگەل ریڤەبەرێ ئاسایشا شێخان بۆ ڤە کۆلینێ، هاتنە ڤەگواستن بۆ دهۆک، خەیری نەعمۆ چۆ ئەڵمانیا و داوا پەنابەریێ کر، نها کوردەکی موسڵمان ل شوونا وی کرییە قایمقام. بابەشێخ رەخنێ ل ڤێ یەکێ دگری و دبێژی "قەزا شێخان 70% ئێزدینە، بەلێ قایمقام ئێزدی نییە، بەلکو هەتا مە چار رێڤەبەر ژی نینن و بەرپرسێ تایێ 21 یێ پارتی ژی نە ئێزدییە و بەر کو بەرپرسێ مەڵبەندێ ئێکەتی ئێزدییە و بەرپرسێ شیوعیان ژی ل شێخان ئێزدییە، ئەز دبێژم ئێکە تی بۆ ئێزدیا ژ پارتی باشترە، مەچەند جارا داخواز کریە بەرپرسێ تایێ 21 بکەن ئێزدی، داخازا مە جێبەجێ ناکەن".

بابە شێخ، گازندا ژ هەڵوێستێ کوردێن ئاسایێ یێن موسڵمان بەرامبەر کوردێن ئێزدی دکە و دبێژی " قیادا کوردی رێزێ ل ئێزدیا دگری، بەس وەکو قاعیدە رێزێ ل مە ناگرن".



> پەرلەمانتارێن ئێزدی ل پەرلەمانێ کوردستانێ بۆ ئێزدیا کار ناکەن
>
> بابەشێخ

# بەرنامەی ڕێکخراوەکانی گەنجان هەر مەرەکەبە

**دڵپاک زرار**
**رووداو- هەولێر**

هەموو ڕێکخراوێک بە بەرنامەیەکەوە خۆی رادەگەیێنێ، کە زۆر لە گەنجان پێیانوایە ئەو ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە بەرناکانیان لە مەرکەبەوە بکەنە کردار. هەندێ لە ڕێکخراوەکان دەڵێن بۆ ئەو هاوینە بەرنامەی تایبەتیان هەیە . ئومێد خۆشناو بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کە کۆنترین ڕێکخراوی لاوانە و لە ساڵی 1953 دامەزراوە دەڵێ "بۆ ئەم وەرزە کە قوتابی بۆشایی کاتی هەیە خولی زمان و کۆمپیوتەر و مۆسیقامان کردووەتەوەو پێداویستییە وەرزشییەکانمان بۆ دابینکردوون".

ڕێکخراوی تواناسازی لاوان کە بنکەی سەرەکی لەشاری هەولێرە، دەڵێ کۆمەڵێک پرۆژەی بۆ ئەمساڵ هەیە، پرۆژەکانیشی دوو بەشن، یەکێکیان دروستکردنی لاوی سەرکردەیە و بەشەکەی دیکەش بە هێزکردنی تواناکانی گەنجە .هەروەها بۆ گەنجانی نێو زیندانەکانیش پرۆژەیان هەیە . ئامانجی سەرەکی پرۆژەکانیش وەکو شاد محەممەد، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تواناسازی لاوان بۆ (رووداو) باسیکرد"زیاتر ئاشناکردنیانە بەپرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کاری ڕێکخراوەکان".

کاری ڕێکخراوەکان بە زۆری لەسەنتەری پارێزگاکانە، ئەمەش بووەتە جێگەی نارەزایی گەنجانی قەزاو ناحیەکان، بەڵام چەند ڕێکخراوێک زیاتر کار بۆ گەنجانی قەزاو ناحیەکان دەکەن. ڕێکخراوی پاڵپشتیکردنی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی بەهاوکاری ڕێکخراوی NEDی ئەمریکی بۆ ماوەی ساڵێک لەمەخمور پرۆژەی بەشداری سیاسی گەنجیان هەیە و، کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لە 20 قەزاو ناحیەی شاری هەولێر و سلێمانی پرۆژەی (ڕێکخستنی گفتوگۆی گەنجان و چالاکی بە گرووپی گەنج)ی هەبووەو پرۆژەکە بەردەوام دەبێت.

سەرەکیترین گرفتی گەنج کە 600 گەنجی بەشداربوو لەپرۆژەی (ڕێکخستنی گفتوگۆی گەنجان و چالاکی بەگرووپی گەنج) دیاریان کردووە، گوێنەگرتنە لەگەنج، لاوازی هۆشیاری خودی گەنج، گرفتار بوون بە دەست داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و نەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆیی گەنجانە . لەو راپرسیەی کە کۆمەڵەی خەڵک بۆ گەشەپێدان ئەنجامیداوە 80%ی ئەو گەنجانە پێیانوابووە کە ڕێکخراوەکانی کوردستان بەو هەنگاوانە تێپەڕنەبوون کە دەبێت هەر ڕێکخراوێک پێیدا تێپەڕێت، چونکە وەکو لە راپرسییەکەدا هاتووە "ڕێکخراوەکان لەزەرورەتەوە دروست نەبوونە، بەڵکو بەرهەمی ململانێی حیزبەکانن و زۆربەشیان ڕێکخراوی قازانج ویستن و کەسی شیاویان لێ نییە".

گەنجانی ناو شاریش بەهەمان شێوەی گەنجانی دەرەوەی شارگلەییان لەڕێکخراوەکان هەیە، شەیدا کەریم دەرچووی ئامادەیی بۆ (رووداو) دواو گوتی "ڕێکخراوەکان تەنها خولی کۆمپیوتەرو زمان دەکەنەوە کارێک ناکەن کە سوودی بۆ گەنجان هەبێت". شاباز جەمال سەرپەرشتیاری یەکەی جێبەجێکردن لەکۆمەڵەی گەشەپێدانی خەڵک کە ڕێکخراوی NPAی نەرویجی یارمەتیدەری زۆربەی پرۆژەکانیانە، هۆیەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ڕێکخراوەکان بودجەی پێویست و کەسانی شارەزایان نییە "بەڵام ئێمە هەمیشە هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی بتوانین کەموکوڕیەکانمان نەهێڵین".

ڕۆکان کاکە شین، قوتابی پەیمانگای تەکنیکی گلەیی ئەوەی لەڕێکخراوە بیانییەکانیش کرد کە ئەوان تەنیا لەگەڵ گەنجانی ناو ڕێکخراو و سەنتەرەکان کار دەکەن"گەنجانی بێ لایەن پشتگوێ خراون". کەچی وەکو هۆگر چەتۆ بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی باسیکرد ئەوان بۆ پرۆژەکانیان داوا لەڕێکخراوەکان دەکەن گەنجیان بۆ بانگ بکەن و گوتی "زۆر گەنجیش هەیە چالاکە و دیارە خۆمان بانگهێشتی دەکەین". هۆگر ئاماژەی بەوەشدا کە زۆرجار لەئەنجامدانی پرۆژەکان و دابینکردنی شوێن بۆ پرۆژەکانی گەنجان گرفتیان بۆ دروستبووە "لەزۆر شوێن بەرپرسانی حکومی گرفتیان بۆ دروستکردووین، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە هێشتا حیزب تێیاندا باڵا دەستە".

لەگەڵ بوونی ئەو گرفتانەش لەراپرسی پرۆژەکەی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خەڵک هاتووە کە گەنجان هێشتا چاویان لەداهاتووە و پێیانوایە دەتوانن بەکارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان کێشەکانی گەنجان کەم بکەنەوەو هەنگاو بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و گەنجانە بنێن. هەردی جەبار ئەندامی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان گوتی "ئەگەر ڕێکخراوەکان بەرنامەی کاری نوێیان پێ بێت ئەوا گەنج زیاتر روویان تێدەکەن".


گەنجان گرفتار بوونی کۆمەڵگە بەدابونەریتە کۆنەکان بە سەرەکیترین گرفتی ژیانیان دادەنێن (فۆتۆ: رووداو)

## شەرع قبووڵی دەکات و دابونەریت رەتیدەکاتەوە

# زەواجی مسیار لەنێو زانکۆکانی عێراق تەشەنەدەکات

**رووداو- ئەلنوور**

زەواجی مسیار، ئەو هاوسەرگیرییە کاتییەی هەندێک کەس وەک ئەڵتەرناتیڤی هاوسەرگیریی هەمیشەیی پەنای بۆدەبەن، چەند ساڵێکە لەنێو شارەکانی باشووری عێراق، بەتایبەتی لەنێو کوڕان و کچانی زانکۆدا تەشەنەی کردووە . ئەم جۆرە لە هاوسەرگیری لەو شارانەدا بڵاوە کە شیعەنشینن، چونکە زانایانی شیعە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەحەڵاڵ و کارێکی شەرعی دەزانن. خەڵکی سوننە ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە وەک چەکێک لەدژی شیعەکان بەکاردێنن، بەڵام خۆیشیان چەندین جۆری دیکەی هاوسەرگیرییان حەڵاڵ کردووە کە هاوشێوەی زەواجی سیغەیە لای شیعە، تەنیا هێندە هەیە هەندێ ناوی وەک زەواجی عورفی، مسیار، مسیاف و شتی دیکەیان لێناوە.

دابونەریت و ئەو کەشوهەوا ئایینییەی باڵی بەسەر شارەکانی باشووری عێراقدا کێشاوە رێگرە لەوەی ئامارێکی تەواوت دەربارەی ئەو کەسانە دەستبکەوێت کە پەنایان بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بردووە، زۆربەی کوڕو کچە گەنجەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە زانکۆن، یاخود لەیەک شوێندا پێکەوە کاردەکەن بۆ دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزووەکانیان پەنا دەبەنە بەر هاوسەرگیرییەکی نهێنی. زۆربەی جاران کوڕەکە بۆ کچەکەی پێشنیاز دەکات کە بۆئەوەی نەکەونە ناو پەیوەندییەکی حەرامەوە بەشێوەیەکی کاتی زەواج بکەن، دوایی هەرکاتێک بارودۆخێکی لەبار هاتەئاراوە ئەو پەیوەندییە بکەنە هاوسەرگیرییەکی هەمیشەیی. (س.ل) قوتابی قۆناخی کۆتایی یەکێک لە کۆلێژەکان بەنێو ئەو ئەزموونەدا تێپەڕیوەو باس لەوە دەکات کە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوان ئەوو یەکێک لە هاوڕێکانی زانکۆیدا دروست بووە، بەپێی قسەی (س) ئەو کوڕە لەڕووی ئایینییەوە کەسێکی پابەند بووەو رۆژێک داوای لێکردووە بۆئەوەی نەکەونە پەیوەندیی حەرامەوە زەواجێکی کاتی بکەن، (س) دەڵێت "نەیدەویست زینا بکات، یان من تووشی کێشەیەکی لەوجۆرە بکات بەوپێیەی دەبوومە هاوسەری دواڕۆژی، گرێبەستی هاوسەریمان کرد بۆ قۆناخی خوێندن، ناوبەناو لەشوێنێک کە یەکێک لە برادەرەکانی بۆی ئامادەکردبووین بەیەک دەگەیشتین، بەڵام من رێگەم نەدا بمکاتە ژن، چونکە بەندەکانی ئەو جۆرە زەواجە دەزانم کە رێگە بەکچ نادات کاری سێکسیی تەواوبکات". (س) بەردەوام دەبێت و دەڵێت "پەیوەندییەکە بەوشێوەیە بەردەوام بوو تا کێشە کەوتە نێوانمان، سەرەتای ئەمساڵ داوام لێکرد پەیوەندییەکە بکەینە زەواجی هەمیشەیی و بەشێوەیەکی فەرمی بێتە داوام، کەچی هەستمکرد خۆی لەمەسەلەکە دەدزێتەوە. پاش ماوەیەک یەکێک لە خزمە نزیکەکانم هاتە داوام، داوام لێکرد ئەو گرێبەستە هەڵبوەشێنینەوە کە لەنێوانماندا هەیە، کەچی خۆی لەویش درزییەوەو ئێستا بەناچاری دەبێت چەند مانگێکی دیکەش چاوەڕێ بکەم تا ماوەی گرێبەستەکە کۆتایی دێت، ئێستا بەبیانووی ئەوەی دەمەوێ خوێندنەکەم تەواوبکەم کارەکەم دواخستووە". دەشڵێت "بەڕاستی پەشیمانم لەوەی متمانەم بەکەسێک کرد شایانی متمانەپێکردن نەبوو".

(ش) کە لەیەکێک لە فەرمانگەکانی حکومەت کاردەکات، رۆژێک لەسەر ئەوەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی پیاوێکی هاوپیشەی لەو فەرمانگەیەوە بۆ فەرمانگەیەکی دوور گواستەوە، دەستی کردبوو بەگریان، لەبەردەمی هاوڕێکانیدا پاساوی گریانەکەی بەوە دایەوە کە لەگەڵ ئەو پیاوە زۆر پێکەوە گونجاو بوونەو ناتوانێ خۆی لەگەڵ ئەو کارمەندە نوێیە رابهێنێ کە دەڵێن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کارمەندان زۆر توندە. ئەم مەسەلەیە بەنێو کارمەندانی فەرمانگەکەدا بڵاوبووەوە تا دواجار دەرکەوت ئەم ئافرەتە تەڵاقدراوە کە دایکی دوو منداڵە بەشێوەیەکی نهێنی زەواجی لەگەڵ ئەو کارمەندە کردووە، یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی (ش) لەوبارەوە گوتی "کاتێک بۆی باسکردم کە دەیەوێت لەگەڵ ئەو پیاوە زەواجی کاتی بکات، من نارازی بووم، بەڵام گوتی من دایکی دوو منداڵم، ئەگەر وانەبێت کێ ئامادەیە داوای من بکات". ئێستا (ش) لەوە نیگەرانە کە ناتوانێ وەکو جاران بەئاسانی بەبیانووی کاری فەرمانگەوە دەربچێ و لەو شوێنەی دەیانەوێ یەکدی ببینن.

کێشەکە لەوەدایە هەندێ جار ئەم زەواجە کاتییە منداڵی لێدەکەوێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو منداڵە شەرعییەو کۆمەڵگا قبووڵی دەکات؟

(دایکی سەرا) بەرەورووی ئەم کێشەیە بووەتەوەو دەڵێت "کە مێردەکەم مرد سێ کچم بۆ بەجێما، نەمدەزانی چی بکەم، کەس نەدەهاتە داوام و نەمدەتوانی بژێوییان بۆ دابین بکەم، یەکێک لە خزمەکانی خۆمان داوای لێکردم بەشێوەیەکی کاتی مێرد بە یەکێک لە بەرپرسەکان بکەم، ئەو بەرپرسە خزمەکەی ئێمەی راسپاردبوو کە ژنێکی بۆ بدۆزێتەوە بۆ زەواجی کاتی، بەوشێوەیە زەواجمان کرد بۆ سێ مانگ بەمەرجی ئەوەی بتوانین نوێی بکەینەوە، پاش سێ مانگەکە داوای لێکردم بۆ شەش مانگی دیکەی نوێ بکەینەوە، لەو ماوەیەدا ئیدی بەهۆی خراپبوونی باری تەندروستیم ناچاربووم واز لە خواردنی حەبی مەنع بهێنم، پزیشکەکە داوای لێکردم چیدی ئەو حەبە نەخۆم، ئیدی پشتمان بە رێککەوتنی نێوان هەردوولا بەست، بەڵام هێندەم زانی سکم پڕبووەو لێرەوە کێشەکە دەستی پێکرد، ئەو پیاوە ئامادە نەبوو منداڵەکە بەهی خۆی بزانێ و گوتی من بەرپرس نیم لێی، ناچار کێشەکەم لای دایکم باس کردو ئەویش منی بردە لای پیاوێکی ئاینی، ئەو پیاوە گوتی لەڕووی شەرعەوە منداڵەکە سەد لەسەد شەرعییە، بەڵام کێشەکە کۆمەڵگایەو خزمانی خۆمە کە نازانم چۆن بەرەورووویان ببمەوە".

بەگوێرەی راپۆرتەکان ئێستا لە ئێراندا بەهۆی ئەم زەواجە کاتییەوە نیو ملیۆن منداڵی بێ باوک هەن. لە کۆماری ئیسلامیی ئێران نووسینگەی تایبەت بە گرێبەستی هاوسەرگیری کاتیی هەیەو دەبینی پیاوێکی عەمامەبەسەر لەپشتی مێزێکەوە دانیشتووەو کۆمەڵێک وەرەقەی لەبەردەستدایەو ئەو جۆرە زەواجە لای خۆی تۆمار دەکات. لەوێ زەواجی کاتی شتێکی تەواو ئاساییەو تەنانەت زۆرجار بەئاگاداری خێزانی ئافرەتەکەش ئەنجام دەدرێت. ئایا ئێمە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەمان لە ئێرانەوە هێناوە یاخود پێشتریش بەم شێوەیە لەعێراقدا هەبووەو بەڵام رۆشنایی نەخراوەتەسەر؟

سەید هاشم کە لە حەوزەی ئاینیی شاری کەربەلا دەخوێنێ ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەم زەواجە لەئێرانەوە هێنرابێت. ئەو پێیوایە ئەگەرچی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ناسروشتی لەو زەواجە دەڕوانێ بەڵام چارەسەرێکی نموونەییشە بۆ زۆرکەس بەتایبەتی ئەوانەی لەبەر هەرهۆیەک هەیە توانای پێکهێنانی خێزانیان نییە.

هانی نموونەی یەکێک لەو گەنجە کەمدەرامەتانەیە کە تەمەنی گەیشتووەتە 40 ساڵ و ناتوانێ بیر لە پێکهێنانی خێزان بکاتەوە. ئەو ناوبەناو لەگەڵ بێوەژنێک، ئافرەتێکی تەڵاقدراو بەشێوەیەکی کاتی زەواج دەکات.

### مسیار لە روانگەی ئاینیەوە

شێخ عەبدولئەمیر ئەلمەنسوری کە یەکێکە لەپیاوە ئاینییەکانی شیعە لەشاری کەربەلا، پێیوایە زەواجی کاتی زەواجێکی شەرعییەو دەڵێت لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (فما استمتعتم بە منهن فاتوهن اجورهن). هەروەها نموونەی سەحیحی موسلیم هەیە کە لەبارەی نیکاحەوە لەزاری جابر کوڕی عەبدوڵڵا دەڵێت (کنا نستمتع بالقبچە من التمر والدقیق لأیام علی عهد رسول الله وابی بکر حتی نهی عنه عمر) کەواتە ئەم زەواجە لەسەردەمی پێغەمبەرو خەلیفە ئەبوبەکرو تا ساڵانێکی سەردەمی عومەر کوڕی خەتابیش هەبووەو دواتر ئیمام عومەر بە ئیجتیهادی خۆی حەرامی کردووە".

شێخ عەبدولئەمیر هەروەها دەڵێت "ئەوەی سەیرە مەزهەبە ئیسلامییەکان قسەی ئیمام عومەریان وەرگرتووەو لەسەر تەحریمەکەی ئەو دەڕۆن، کەچی حوکمی خوداو پێغەمبەریان لەبیر کردووە کە رێگە بەوجۆرە هاوسەرگیرییە دەدات".


گەنجان عێراق لەنێو ئاڵۆزی باری ئاسایشدا حەزەکانیان لەبیر ناکەن

## لەسعودیە دوای مسیار مسیاف لەبرەودایە

**مەریوان نەقشبەندی**

دوای هاوسەرگیری (زواج) مسیار، هاوسەرگیری مسیاف و هاوسەرگیریی مەحارم، ئێستا جورێکی دیکە بە ناوی هاوسەرگیری وناسە پەرەی سەندووە.

ئەم جۆرەشیان بەپێی رێگەپێدراوێکی شەرعی، بریتییە لە هاوسەرگیری پیاوێکی بەساڵاچوو لەگەڵ کچێک یان بێوەژنێک کە لەتەواوی توانای کارکردن و خزمەتکردندابێت بەمەرجێک پیاوەکە مافی سێکسکردنی نەبێت.

ئەم پیاوە بەساڵاچوانە بەپێی ئەو گرێبەستە هاوسەرگیریە فەرمییەی کە حکومەتی سعودیە دوای وەرگرتنی فەتوا لەدەستەی باڵای فەتوای ئەو وڵاتە پەسەندی کردووە مافی ئەوەی هەیە داوای خزمەتکردن و گاڵتەوگەپ و منداڵ بەخێوکردن لە ئافرەتەکە بکات بەبێ ئەوەی داوای جوتبوونی لێبکات.

ئافرەتەکەش وەک هەر گرێبەستێکی هاوسەرگیری ئاسایی دەتوانێت داوای مارەیی و نەفەقە و شتی لەو بابەتە لەپیاوەکە بکات.

زانا ئاینییەکانی سعودیە باس لەوەدەکەن کە ژمارەیەکی زۆر لەکچانی سعودیە بەتەمەنداچوون و قەیرەبوون و شانسی زەواجیان نەبووە یان تەڵاقدراون و بێوەژنن، بۆیە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەکارێکی شەرعی و گونجاو دەزانن بۆ ئەوەی هەروەک ئەوان دەڵێن ئەو پیاوە پیرانە ببنە پەرژینێک بۆ ئەوقەیرەکچ و بێوەژنانە .لە هەمانکاتیشدا ترسی شکاندنی گرێبەستەکەش بە کاری سێکسی نابێت چونکە ئەو پیاوانەی ئەم جۆرە ژنهێنانە دەکەن ئەوەندە بەساڵاچوون توانای سێکسکردنیان نەماوە یان تواناکەیان ئێجگار لاواز بووە.

# تێکەڵی و پێکەڵی گەنجان



**شاخەوان عومەر سلێمان**

وەک چۆن دەزانم پەنچەرچی نالی شتێکی ناماقوڵە، ئاوهاش دەفامێم شیعرو ستراتیژیەت دوو ناو و ناونیشانی هێندە پێک ناکۆک و ناتەبان بەقەدەر دووری نێوان مەلاو رۆشنبیران، من گەر نانی جۆشم نەخواردبێ بەدەستی خەڵکییەوە دیومە، راستە ئەزو هۆنراوە نێوانمان گەلێک فرەیەو بەینمان کەمترین نزیکی نییە، وەلێ هێندەش گێل نیم ناونیشانی دەقێکی شیعری کە (ستراتیژیەتی شیعر)ە بە ڕەواو دروست بزانم.

شیعر هونەرێکە جوگرافیاکەی دەکەوێتە نێو ئیحساس و خەیاڵ و حوزن، هەرکاتێک دەقێکی شیعری بە کەشێکی واقیعیانە باڵکێش بوو، ئەوا مانای شعریەت بوون لەدەست دەدا، ئەمە قسەی شێرکۆ بێکەسە، ئەوشەوەی سودفەی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی قەڵات تیڤیم کرد، گەنجێکم بینی شیعری دەخوێندەوە، ناونیشانی شیعرەکەشی (ستراتیژیەتی شعر) بوو، جارێ نەک هەر ئەو برادەرە کە قوتابی کولێژی زمانی کوردی بوو، بەڵکو ئەوانەی دیکەشی گوایە بۆ خوێندنەوەی شیعر بەشداری بەرنامەکەبوون، ئەوەندە شتی عەنتیکەو پەنتیەکەو قسەی هەڵیت و پەڵیتیان بەناوی شیعر پێشکەش دەکرد، لەبەر زۆری هەڵەکان فریای ژماردنیان نەدەکەوت، نازانم چی هانی برادەرانی قەڵات تیڤی داوە بەرنامەیەکی وا زیاد و کاتکوژ رێگەپێبدات بۆ سەرگەرمکردنی بینەرانی، ئاخر سەرنجی ئەو دەردەدڵ و لاواندنەوە و وڕێنەکاریانە بدەن کە بەناوی شیعر لە بازاڕی کتێب و رۆژنامەکان ڕیزکراون و پارە و خەرجیەکی بێ مانایان تێدەچێت، توو ویژدانتان ئەو پارەیە بدرێتە منداڵە گەڕۆک و گەنجە کەناسەکان کە شەقامەکانمان دەپێون و پاکدەکەنەوە باشتر نییە.

کە لەدەزگای ناسراوی ئاراس لە پرسگەکە پێ وەژورێ دەنێی لەسەر دیوارەکە نووسراوە (تکایە شیعر چاپ ناکەین، بۆمنیش، بەڵێ بۆتۆش، خۆ جەنابت حاجی قادری کۆیی و فەقێ تەیران نی)، دەبێت بەدران حەبیب هێندە بێزارکرابێت بۆیە کاردانەوەیەکی وای هەس، ناحەقی نییە چونکە نازانرێت گەنجانی ئێمە بۆ وا بە تێگەیشتن و رۆشنبیرییەکی ساواو کۆرپەیی ملیان داوەتە بەر دنیایەک کە ئەوان نەک بە جێنشینی خۆی بەڵکو بەمیوانیش قبوڵناکات، گەنجی ئێمە دەڵێ پرۆژە بۆ باشترکردنی ژیانی لاوان خۆشی ئیملای کوردی تەواونییە و عەین و حەین لێکدی جوێ ناکاتەوە، دێت شیعر دەنووسێ و نالی و بێکەس و قانع ناناسێت، کوڕە نەک هەر ئەوان دڵنیام ناوی قوبادی جەلی زادەیەک و هیوا قادرێکیان نەبیستوە کە ئەمڕۆ دوو ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی ئەدەبی شیعری کوردین، شەوورۆژ لە یاریگاکانی فریزی دەستکرد بەدوای تۆپەوە راکە ڕاکەیانە، کەچی دوو یاریزانی موحتەریفی ئەورووپی ناناسن.

ئێمەی گەنجان دەبێت خۆمان لەو تێکەڵی و پێکەڵی و بەسووک زانین و کەم وەرگرتنی پرسەکانی ژیان و دەوروبەرمان وەئاگابێینەوەو چیتر رووکەشانەو تەنیا بۆ ناووناوبانگ دەرکردن ئیش نەکەین، رەنگە جیاوازی نێوان من و یەکێکی دیکە ئەوەبێت، ( من دەزانم کە نازانم، بەڵام گەنجی دیکە نازانن کە نەزانن و وا دەزانن زۆر دەزانن کەچی پێچەوانەکەی سەد لەسەد راستە)، لە هەموو ئەوانەش خراپتر ئەوەیە کەناڵەکانی راگەیاندن لەبەرخاترو خۆترو دڵنەشکاندنی ئەوو ئەوەی دیکە رێگەی درێژەپێدان لەسەر هەڵە فێربوون بۆ گەنجانمان خۆشبکەن، کە گەنجێک خۆی هیچی لە بارەی شیعرەوە تێدانییەو رەنگە لە بوارێکی دیکەدا بەهرەمەندبێت، ئەرک ئەوەیە فێری بکەی بەهرەشاراوەکانی ناخی خۆی بدۆزێتەوە، نەک ستۆدیۆی ئەستێران و چرای هونەریان بۆ بکەی، بەداخەوە ئێمە چەندە خۆمان بەرپرسی خوار رۆشتنی خۆمانین، لەوەش پتر دەزگا راگەیاندنەکانمان بە لاڕێماندا دەبەن، خەریکە منیش دێمەسەر ئەو رایەی کە پێیوایە تەلەڤزیۆنەکانمان گەر نەبوویان باری کۆمەڵایەتیمان باشتردەبوو.

shakawan77@yahoo.com

# حکومەت دەست بەسەر کەلوپەلەکانی کۆمپانیای چەڤیکلەردا دەگرێت

**ڕووداو–هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە نووسراویان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردووە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر تەواوکردنی شوقەکانی سەر ڕێگەی کەسنەزان، کە ماوەی 2 ساڵە کارکردنیان تێدا ڕاوەستاوە و گوتی "ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر نووسراوەکە بدات، شوقەکان لەماوەی 6 مانگدا تەواو دەکرێن".

هەزاران کرێچیماوەی 3 ساڵە چاویان بڕیوەتە ئەو 2504شوقەیەی کە بڕیار بوو لەلایەن کۆمپانیای چەڤیکلەری تورکی لەسەر ڕێگای هەولێر-کەسنەزان دروستبکرێن، بەڵام ئەو شوقانە نەک لەکاتی خۆی جێبەجێنەکران، بەڵکو جێبەجێ نەبوونیان بووە هۆی دابەشنەکردنی 1452 شوقەی دیکە کە 1008یان لەلایەن کۆمپانیای مید ئیتلانتیکی ئەمریکییەوە لەنزیک گوندی حەسارۆک لەکاتی خۆیاندا تەواوکران و 444یشیان لەسەر ڕێگای عەنکاوە.

دوو گرێبەست بۆ دروستکردنی 2504 یەکەی نیشتەجێبوون لەنێوان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی کوردستان و کۆمپانیای چەڤیکلەری تورکیدا هەیە، گرێبەستی یەکەم کە 504 یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرێت، لە 2005/2/16 لەنێوان هەردوو لا واژۆ کراوە، کە ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە 14 مانگە، هەروەها گرێبەستی دووەم کە 1500 یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرێت لە 2005/3/17 واژۆ کراوەو ماوەی تەواوکردنیان19 مانگە، بەڵام هیچ لەو دوو گرێبەستانە لەکاتی خۆی جێبەجێنەکران، سەرئەنجام کۆمپانیای چەڤیکلەر پرۆژەکەشی بە جێهێشت بەبیانووی گرانبوونی نرخی کەرستەی بیناسازی، هەرچەندە حکومەت زیاد لەکارەکەشی سولفەی پێدابوو.

ئیلینور چەڤیک، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (زە نیو ئەناتۆلیان) لە تورکیا و خاوەن کۆمپانیا و قۆنتەراتچی لە باشووری کوردستان، ئەو پەیوەندییانەی بەهۆی کاری ڕۆژنامەڤانییەوە دروستیکردوون بۆ وەرگرتنی پرۆژە لە حکومەتی کوردستان لەهەولێر و سلێمانی و دهۆک بەکارهێنا، کە تائێستا چەند پرۆژەیەکی پەکخستووە.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر ڕەتیکردەوە کە کۆمپانیای چەڤیکلەر کێشەی پارەی هەبووبێت و گوتی" کە کۆمپانیاکە داوای زیادکردنی پارەی پرۆژەکەی کرد پارەی بۆ زیاد کرا، جگە لەوەش سولفەی تایبەتی درایێ، هەر بۆ ئەوەی ئیشەکەی تەواو بکات" .کە دواتریش هەر تەواوی نەکرد.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون کۆمپانیای چەڤیکلەر هەر مەتر دووجایەکی لەپرۆژەکە بە 260 دۆلار بەخزمەتگوزارییەوە لەحکومەت وەرگرتبوو، بەڵام دواتر نرخەکەی بۆ زیاد کرا بۆ 320 دۆلار بۆ هەر مەتر دووجایەک، جگە لەوەی سولفەی تایبەتیشی دراوەتێ بۆ تەواو کردنی پرۆژەکە، بەڵام نەیتوانی پرۆژەکە تەواو بکات.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر، کە کاری بەدواداچوون و چاودێریکردنی پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە لە هەولێر، دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبێ، لە تەواوکردنی پرۆژەکە لەلایەن چەڤیکلەرەوە، بەنووسراوێک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئاگادار دەکاتەوە تاوەکو کارەکە لەکۆمپانیای ناوبراو وەربگرنەوە.

دوای ئەوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە ڕۆژی 2007/6/11 بە نووسراوی ژمارە 4777 ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار دەکاتەوە تاوەکو ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر کۆمپانیای ناوبراو ئەنجامبدەن و کارەکەی لێوەرگرنەوە.

ماجد عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ماوەی یەک ساڵە پرۆژەی دروستکردنی شوقەکان لەکۆمپانیای چەڤیکلە وەرگیراوەتەوەو دەست بەسەر کەلوپەلەکانی کۆمپانیاکەدا گیراوە".

بەپێی قسەی ماجد، 405 شوقەکە 58%ی کارەکانی تەواو بووە و 1500 شوقەکەی دیکەش تەنیا 13%ی کارەکانی تەواو بووە، ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە "30 ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ تەواو کردنی ئەو شوقانە"، گوتیشی "ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر نووسراوەکەی وەزارەت بدات، ئەوا 405 شوقەکە لەماوەی 6 مانگدا تەواو دەبن، بەڵام 1500 شوقەکەی دیکە یەک ساڵ و نیو یان دەوێت تاوەکو تەواو دەبن".

دوای ئەوەی پارێزگای هەولێر، دووساڵ پێش ئێستا دەستیکرد بە فۆرم پڕکردنەوە بۆ وەرگرتنی ئەو 3012 شوقەیەی سەر ڕێگەی کەسنەزان،هەزاران کەس بەهیوای وەرگرتنی ئەو شوقانە ڕوویان لەپارێزگا کرد. پارێزگاری هەولێریش ڕایگەیاند نزیکەی 30 هەزار کرێچی و بێ خانوو ناوی خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەو شوقانە تۆمار کردووە.

زانا عوزێری، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی ئاوەدانکردوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە چاوەڕێی وەڵامی نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەن بۆ ئەوەی دەست بە پرۆژەکە بکەنەوە "پلانمان بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە داناوەو لەبودجەی ساڵی 2008یش بودجەیەکمان بۆ تەرخانکردووە".

ئەو بەڕێوەبەرە هەروەها گوتیشی "ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران وەڵامی نووسراوەکەمان بداتەوە، ئەوا پرۆژەکە دەدەینە تەندەر و ماوەی 6 مانگیشمان داناوە بۆ تەواو کردنی پرۆژەکە".

جگە لەشوقەکانی کۆمپانیای چەڤیگلەر چەندین پرۆژەی دیکەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە زۆربەیان پرۆژەی نیشتەجێبوونن لەکاتی دیاریکراویاندا تەواو نەکراون، بۆیە وەزارەت سەرقاڵی ئیجرائاتی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو شوقانە لەکۆمپانیاکان وەربگرێتەوە.

زانا عوزێری گوتی "پرۆژەمان هەیە لە سلێمانی، 3000 خانوو لەقرگە، کە بڕیار بوو کۆمپانیای نەوزاد جێبەجێی بکات، هەروەها 2560 شوقەش کۆمپانیای دنە، ئێستا خەریکی وەرگرتنەوەی کارین لەو کۆمپانیانە و بڕیارە ئەو دوو پرۆژەیە بگوازرێنەوە لای دەستەی وەبەرهێنان".

جگە لەو 2504 شوقەیەی کەوا بڕیار بوو لەلایەن کۆمپانیای چەڤیکلەری تورکی دروستبکرێن، 1008 شوقەی دیکە لەلایەن کۆمپانای میدئیتلانیکی ئەمریکی لەسەر ڕێگای کەسنەزان و 444 شوقەی دیکەش لەسەر ڕێگای عەنکاوە، بۆ کرێچییان دروستکراون، بەڵام تا ئێستا دابەشنەکراون.

بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان هۆکاری دابەشنەکردنی ئەو شوقانەی بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری گەڕاندەوەو گوتی "خەڵک زۆر بە ساکاری سەیری کارەکە دەکات، بەڵام ئەو شوقانە خزمەتگوزارییان دەوێت، بۆ نمونە کارەبای دەوێت، ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوقانە پاڵەپەستۆیەکی زۆر دەخاتە سەر کارەبای هەولێر و پێویستیان بە وێستگەیەکی تازەی کارەبا هەیە".

کۆمپانیای چەڤیکلەر جگە لەوەی کارەکەی لەکاتی خۆی تەواو نەکردووە، تاوەکو ئێستاش پارەی زۆربەی کرێکارەکان و ئەوانەی لەپرۆژەکەدا ئیشیان کردووە نەداوە، هەروەک ماجد عەبدولڕەحمان گوتی "خەڵکێکی زۆر سەردانی ئێمە دەکات، کە کۆمپانیای چەڤیکلەر پارەی خواردوون، بەڵام ئەوە کاری ئێمە نییە، خەڵک دەتوانێت لە دادگا شکاتی لێ بکات".

سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلی کۆمپانیاکەش ماجد گوتی "ڕاستە کەلوپەلەکەی دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام کەلوپەلەکەی ئەوەندە زۆر نییە، بایی 500 هەزار دۆلاریش نابێت".



چەڤیکلەر شوققەکانی تەواو نەکرد و پارەی کرێکارەکانیشی نەداوە (فۆتۆ:ڕووداو)

## ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران ڕازی بێت بەشێک لە شوقەکانی هەولێر لەماوەی 6 مانگدا تەواو دەکرێن

**زانا عوزێری**
**بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە**

# چەند گوندێکی بناری بەمۆ چۆڵدەکرێن

## بەڕێوەبەری ناحیەی بەمۆ: گوندنشینەکان لەخۆشگوزەرانیدا لادێ بەجێدەهێڵن

**هەردی عومەر**
**ڕووداو . ناحیەی بەمۆ**

ژمارەیەک گوندی ناحیەی بەمۆ لەگەرمیان بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری و وشکەساڵییەوە چۆڵکراون و بەڕێوەبەری ناحیەکەش دەڵێت"پرۆژەی خزمەتگوزاری زۆرمان بۆکردوون، هیچ کێشەیەکیان نییە و لەخۆشگوزەرانیدا باردەکەن".

جەمال ساڵح، 32ساڵ،خەڵکی گوندی تووەوشکە، ماوەی چەند مانگێکە گوندەکەی جێهێشتووەو ئێستا ماڵی قەزای دەربەندیخانە دەڵێ گەورەترین هۆکاری چۆڵبوونی گوندەکانی ناوچەکەیان بەهۆی داخستنی ئەومەرزە نارەسمیەبوو، کەبەمەرزی (بەڕوێن-تووەوشکە)ناسراوە، چونکە سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانیان لە سەر ئەو دەروازەیە بوو.

جەمال هێمای بۆ ئەوەشکرد کە چەند جارێک داوایانکردووە ئەو مەرزەیان بۆبکرێتەوە" بەڵام گوێیان لێنەگرتین ".

ناحیەی بەمۆ، چەند گوندێکی بەسەرەوەیە و ماوەی چوارساڵە کراوەتە ناحیە، دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی دەربەندیخان و، سەربەقەزای خانەقینە.

ئەوناوچەیە لەماوەیەکی کەمدابەشێوەیەکی نائاسایی چۆڵبوونێکی لەڕادەبەدەری بەخۆوە بینیوە، خەڵکی ناوچەکەش دەڵێن کەمی خزمەتگوزاری داخستنی مەرزی ئەوناوچەیە، بوونە هۆی چۆڵبوونی ئەو گوندانە.

جەمال داخی ئەوەی دەخوارد کە "لەسەردەمی بەعسدا بە زۆر لادێکانیا پێ چۆڵدەکردین، بەڵام ئێستا لەژێر سایەی حکومەتی خۆماندا، نەبوونی خزمەتگوزاری وامان لێدەکات خۆمان گوندەکان جێبێڵین".

بەهۆی وشکەساڵییەوە زۆربەی گوندەکانی گەرمیان سکاڵای بێ ئاوی دەکەن و بەدەیان گوند لەبەردەم هەڕەشەی چۆڵبووندان، هەرچەندە حکومەت پلانی خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی وشکە ساڵی ئاشکراکردووە، بەڵام چۆڵکردنی گوندەکانی هێشتا درێژی هەیە.

مەریوان عەزیز، 29ساڵ، دانیشتووی گوندی بەڕوێن، لەکاتێکداخەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی بوو بۆ ئەوەی چەندڕۆژێکی دیکە کۆتایی بەژیانی لادێنشینی بێنێت وبچێتەوە بۆ شار، بۆ (ڕووداو) دواو گوتی"بەهۆی هاتنی پاسەوانی سنوروداخستنی مەرزەکەمان بژێوی ژیانمان بڕاوەو هیچ کارێکمان دەستناکەوێت، سەرەڕای هەڵسوکەوتی خراپی پاسەوانانی سنوور لەگەڵ دانیشتوانانی ئەم ناوچەیەدا، وایکردووە ئەم ناوچەیە چۆڵبکەین".

ئەو گوندنیشینە، لەو بارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەکەیانی بەکەمتەرخەم داناو گوتی"چەندجارێک داوای پرۆژەی خزمەتگوزاریمان لێکردووە، هەمووجارەکان وتویەتی بەسەرچاو، بەڵام هەرقسەیە و هیچیترنا، تائێستا نەهاتووە بزانێ بۆچی باردەکەین وهۆکارەکەی چییە؟".

مەریوان گوتی، قوتابخانەیەکی دووپۆلی گڵیان هەیە و مامۆستای شارەزایان بۆدانەمەزرێندراوە، وتیشی" قوتابیمان هەیە نازانێ ناوی سیانی خۆی بنووسێ".

ئەو گوندانەی کە چۆڵکراون بریتین لە گوندەکانی"تووەوشکەبوو، کانی پاشا، بەڕوێن، گوندەکانی بناری بەمۆ".

بارام عەزیز، 36ساڵ، دانیشتووی گوندی کانی پاشا بووەو چەند ڕۆژێکە ماڵەکەی هێناوەتەوە دەربەندیخان، باسی خراپی خزمەتگوزاری کرد و حکومەتی بە کەمتەرخەم دانا لە دابین نەکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەباو پێداویستییە تەندروستییەکان.

وتیشی"بەچوار گوندەوە یەک بنکەی تەندروستمان هەیە، خزمەتگوزاری نییەو دووجار دکتۆرەکەم نەبینیوە دەوام بکات، چەند جارێک کە منداڵم نەخۆشکەوتوو لە بەر نەبوونی دکتۆر و دەرمان لە بنکەکە، ناچار بە پارەیەکی زۆر هێناومەتە دەربەندیخان و تائێستاش قوتابخانەی ناوەندیمان نییە".

باسی کێشەی کارەبا یەکێکە لەکێشە گەرم و گوڕەکانی ئەو ناوچەیە،بارام دەڵێ حکومەت موەلیدەیەکی پێداون مانگێک ئیش دەکات و چوارمانگ لەکاردەکەوێت و ناچاردەبن لەسەر حسابی خۆیان چاکی بکەنەوە.

ساڵح محەممەد عەلی، بەڕێوەبەری ناحیەی بەمۆ لەبارەی هۆکاری چۆڵبوونی ئەو گوندانەوە گوتی"خەڵکی لە خۆشگوزەرانیدا چۆڵی دەکەن، ئەگینا هیچ کێشەیەکیان نییە، ئێمە هەموو خزمەتگوزارییەکمان بۆ دابینکردوون".

# ڕێگەی خەبات - هەولێر بە خراپکراوی جێدەهێڵدرێت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو . هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی 7 مانگ بەسەر ماوەی تەواو بوونی گرێبەستی تەواوکردنی چاککردنەوەی ڕێگەی خەبات-هەولێر، کە لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر و کۆمپانیای زهور نەوڕۆز واژۆکراوە، بەهۆی تێکچوون و خراپ بوونییەوە، تاوەکو ئێستا پرۆژەکە لەبەڵێندەر وەرنەگیراوە.

ڕێگای سەرەکی موسڵ- هەولێر لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دروستکراوە بەدرێژایی 35 کم لەپردی ئاسکی کەڵەکەوە تا دەگاتە سنووری شارەوانی هەلێر سەر بە بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێرە.

ڕێگەکە بەهۆی تێکچوونییەوە لەڕۆژی 2005/9/6 بەگوژمەی 9،256،000،206 دینار لەڕێگەی بەڵێندەرایەتییەوە نۆژەنکراوەتەوە، پرۆژەکە چەند جارێک دراوەتەوە کۆمپانیای زهورنەوڕۆز تاپێویستییەکانی چاکبکاتەوە، هەرچەندە ماوەی گرێبەستی کۆمپانیاکە لە 2007/12/28 تەواو بووە، بەڵام بەهۆی تەواو نەکردنیەوە تا ئێستا لەبەڵێندەر وەرنەگیراوەتەوە.

ئەندازیار چەتۆ محەممەد، بەرپرسی تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر، هۆکاری وەرنەگرتنەوەی پرۆژەکەی بۆ خراپ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکە گەڕاندەوە و گوتی "دوای تەواوکردنی پرۆژەکە لێژنەیەکمان نارد تا ڕەزامەندی لەسەر بدات، بەشێکی ڕێگاکە بەپێی تایبەتمەندی ئێمە نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام بەشێکی ڕێگاکە کە نزیکەی 3 کیلۆمەتر دەبوو، دووبارە پێمان نۆژەنکردەوە، ئینجا وەرگرتنەوەی سەرەتامان بۆ کرد".

بەپێی یاسای بەڵێندەرایەتی هەر پرۆژەیەک دوای تەواو بوونی بۆ ماوەی ساڵێک لەژێر چاودێریدا دەبێت، ئینجا وەرگرتنی کۆتایی بۆ دەکرێت. هەرچەندە ماوەی 7 مانگ بەسەر ساڵەکەی چاککردنەوەدا تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستا ڕێگاکە وەرگرتنی کۆتایی بۆ نەکراوە، ئەو ئەندازیارەش هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە "بەڵێندەر هێشتا کەموکوڕییەکانی ڕێگاکەی چاکنەکردووەتەوە، بەردەوام ئاگادارمان کردووەتەوە، تا کەموکوڕییەکان چاک نەکات وەرگرتنی کۆتایی بۆ ناکەین".

نزیکەی 4 مانگ دەبێت چەند کیلۆمەترێک لەقیری ڕێگاکە داتراشراوەو جێهێڵدراوە، بەگوێرەی قسەکانی ئەندازیار چەتۆ پاساوی بەڵێندەر بۆ چاکنەکردنەوەی ڕێگاکە ئەوەیە کە ئەو جێگایەی قیرەکەی لێ تاشیوە، ژێرەکەی دابەزیوە ئەوەش پەیوەندی بەبەڵێندەرەوە نییە چونکە ئەو تەنیا سەرپەرشتی قیرەکە دەکات، بەڵام ئەندازیار چەتۆ محەممەد دەڵێ ئەو پاساوە بە "ناڕاست" دادەنێت و دەڵێت "لە ڕۆژی 2008/6/29 لێژنەیەکی سێ کەسی شارەزامان نارد بۆ ئەو ڕێگایە بەدرێژایی ڕێگاکە لێی وردبوونەوە، بەهیچ شێوەیەک دابەزین ڕووینەدابوو، بەڵام ڕێگاکە لەهەزاران جێ تەقیبوو، هۆکارەکەشی خراپی قیرەکە بوو، بەڵێندەر تەنیا دەیەوێت پاساو بێنێتەوەو خۆی لەکارەکە بدزێتەوە".

ئەو لێژنەیەی بۆ بەدواداچوونی پرۆژەکە دانرا لەسێ ئەندازیار پێکهاتبوو، کە هەر یەکەیان زیاتر لە سی ساڵە لەبواری ڕێگاوباندا کاردەکات. بەرپرسی تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر ئاماژەی بەئەنجامی کاری ئەو لێژنەیە داو گوتی " پێشنیازمان کردووە کۆمپانیاکە بە زووترین کات شوێنی تاشینەکە چاک بکاتەوە، چونکەکارەساتی ئۆتۆمبێلی لێ دەکەوێتەوە".

سەبارەت بە لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ کۆمپانیاکە، کامەران شێروانی، بەڕێوبەری ڕێگاوبانی هەولێر گوتی "7 مانگ بەسەر ماوەی وەرگرتنی کۆتایی تێپەریوە، تائێستا کارەکەمان لێ وەرنەگرتووەتەوە و تا ئەو ڕێگایە چاک نەکاتەوە لێی وەرناگرینەوە، بارمتەی لای ئێمە هەیە و لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکەین، ئەگەر هەر خراپیشی چاککردەوە ئەوا لێژنەی تەکنیکی ڕاپۆرتی خۆی دەنووسێ و بەرزی دەکەینەوە بۆ وەزارەت، ئیدی خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن".

بە پێی قسەکانی کامەران شێروانی، کۆمپانیاکەش پاساوی خۆی هەیە و داوای لێژنە دەکەن "ئەوە سێیەم جارە لێژنە دەنێرین، هەمان ئەنجام بەدەستەوە دەدات، داوامان لە کۆمپانیاکە کردووە زوو کارەکە تەواو بکات، چونکە ئێمەش هەرئەم هەفتەیە ڕێی پێدەدەین، هیوادارین تەواوی بکات، ئەگەرنا کارەکەی لێ دەستێندرێتەوە و بەو بارمتەیەی لای ئێمە هەیەتی چاکی دەکەینەوە".

خراپی ڕێگاکە بووەتە جێگەی ناڕەزایی شوفێران و تاوەکو ئێستاش چەندین کارەساتی هاتووچۆی لێکەوتووەتەوە.

ئیدریس سەلمان، 45 ساڵ، ماوەی 5 ساڵە لەو هێڵە کار دەکات و تاکسییەکی مۆدیل کۆنی پێیە، گوتی "ئەو ڕێگایە کەڵکی پێدا ڕۆیشتنی نەماوە، ئەوە زیاتر لەچوار مانگە ئەم قیرەیان بڕیوە چاکیان نەکردووەتەوە، دەیان کارەساتی ئۆتۆمبێل بەم هۆیەوە ڕوویانداوە".

بەشێکی دیکە لەهۆکاری تێکچوونی ئەو ڕێگایە وەک ئەندازیار چەتۆ محەممەد ئاماژەی پێدا هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرە پێیدا "ڕێگاکە هاتووچۆیەکی زۆری لەسەرە، ئۆتۆمبێل هەیە نابێت لە 20 تەن زیاتر هەڵگرێت کەچی 40 تەنی لێداوە، بەڵام ئێستا چاودێری کێشمان داناوە و ناهێڵین ئۆتۆمبێل لەکێشی خۆی زیاتر بار بکات".

بەپێی قسەی بەرپرسی تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر زۆربەی ئەوە قیرەی ئێستا بۆ قیرتاوکردنی ڕێگاکان بەکاردەهێنرێ" قیرێکی زۆر خراپە، بەڵام هیچ چارەیەکمان نییە".

هەروەها گوتیشی "پاڵاوگە لەکوردستان نییە، قیری شل لەئێران، گارە و بێجی دێت. لەوانەیە دەستێکی تێدابێت کە دەزانێت بۆ کوردستانە قیری خراپ دەنێرێت، یان بەئەنقەست دەستکاری دەکات و باش نایپاڵێون، یان گازی تێدەکەن و دواتر مادەی فیلەری تێدەکەن کە ڕەقی دەکات لە تاقیگە دەردەچێت کە بەکاریشی دێنیت فەشەل دێنێت، بەڵام ئێستا مەرجمان داناوە دەبێت قیرەکە باش بێت و پشکنینی زۆری بۆ دەکەین".

## هەر ئەم هەفتەیە ڕێ بە کۆمپانیاکە دەدەین پرۆژەکەی تەواو بکات

**چەتۆ محەممەد**
**بەرپرسی تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر**



ڕێگەی خەبات–هەولێر بە تەواونەکراوی (فۆتۆ:ڕووداو)



## شەجەریان دێتە سلێمانی

ڕووداو- فارس

◆ بڕیارە محەممەد ڕەزا شەجەریان هونەرمەندی نێوداری فارس بۆ سازدانی چەند کۆنسێرتێک بێتە سلێمانی. ئاژانسی (فارس)ی ئێرانی بڵاویکردەوە کە لەمانگی داهاتوودا هونەرمەندی نێوداری ئێرانی، محەممەد ڕەزا شەجەریان لەگەڵ گرووپی موزیکی ئاوا بۆ سازدانی چەندی کۆنسێرتێک دەچێتە شاری سلێمانی. بە پێی هەمان سەرچاوە ئەو گرووپەی لەگەڵ شەجەریان دێتە سلێمانی بریتین لە مەجید درەخشانی،سەعید فەرەج پوور، حەسەن ڕەزایی نیا و حوسێن بێهروزی نیا پێکدێت.

تازەترین ئەلبوومی دوای 5 مانگی دیکە بڵاودەبێتەوە

# کۆمپانیای کۆڕەک هەموو بەرهەمەکانی شڤان پەروەر بڵاودەکاتەوە



**تایبەت بە ڕووداو**

لەپێنج مانگی داهاتوودا نوێترین ئەلبوومی گۆرانی هونەرمەند شڤان پەروەر بڵاودەکرێتەوە کە وەکو خۆی دەڵێ "ئەو بەرهەمەی زۆر لەکارەکانی پێشووی پوختەترە ".

سەرچاوەیەکی نزیک لەهونەرمەند شڤان پەروەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە شڤان پەروەر خەریکی دروستکردنی ئەلبومێکی نوێیە کە لە 17 گۆرانی پێکدێ، کە 4 گۆرانی بەشێوەزاری سۆرانییە. ئەو ئەلبوومەی شڤان کە تائێستا ناوی بۆ دانەنراوە و بەپێی قسەی خودی هونەرمەند زۆر پوختترە لەکارەکانی پێشووی، کە کاری موزیکیی لە تورکیا بۆ ئەنجامدراوەو کاری دەنگیشی لە ئەڵمانیا بۆ کراوە. سەرچاوەکە گوتیشی ئەو بەرهەمە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ بڵاوبکرێتەوە کە کۆمپانیای کۆڕەک موزیک چاپ و بڵاویدەکاتەوە.

جگە لەوەش کۆمپانیای کۆڕەک موزیک بەنیازە هەموو بەرهەمەکانی هونەرمەند شڤان پەورەر کە لە 25 بەرهەم پێکدێن بەشێوەی پاکەت چاپ و بڵاوبکاتەوە.

# لەفیستیڤاڵی ئیستەنبۆڵ ڕێگە بەبەشداریی فیلمە کوردییەکان نەدرا

**تایبەت بەڕووداو**

ڕێگە بەفیلمی کوردی نادرێ بەشداری یەکەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی دیکۆمێنتی ئیستەنبۆڵ بکرێ.

یەکەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی دیکۆمێنتی ئیستەنبۆڵ کە لەرۆژی 2008/7/8 ساز دەکرێ، چەندین فیلمی دیکۆمێنتی خەڵاتکراو بۆ ماوەی 5 رۆژ لەو فیستیڤاڵەی تورکیادا نمایش دەکرێن و دووبارە خەڵاتدەکرێنەوە. ئەو پێشبڕکێیە کە لەلایەن دەزگای هونەری ئۆراسیا ڕێکخراوە، دەیان فیلمی دیکۆمێنتی وەکو (نەشتەرگەری ئینگلیزی، کڵێسە، جۆرێک لە خەم، بڕوانە ئەگەر پێدەکەنم و من کێم و ..) نمایش دەکرێن. لەو فیستیڤاڵەدا ڕێگە بەهیچ فیلمێکی کوردی نەدرا بەشداریی بکات.

بڕیارە 35 فیلمی دیکۆمێنتی بەرهەمی وڵاتانی جیهان لەناوەندی فەرهەنگی فەرەنسا لە ئیستەنبۆڵ نمایش بکرێن.




# هۆلیوود فیلمێک لەسەر هەڵەبجە دروستدەکات

**تایبەت بە ڕووداو**

شاندێکی سینەمای هۆلیوود سەردانی هەڵەبجەیان کردو بەنیازن فیلمێکی لەبارەوە دروستبکەن.

بەمەبەستی بەرهەمهێنانی فیلمێک لەسەر کارەساتی هەڵەبجە شاندێکی سینەمای هۆلیوود سەردانی شاری هەڵەبجەیان کرد. دەرهێنەر جۆرج برینست سەرپەرشتیاری ئەو شاندە سینەمابییە، کە لە 6 کەس پێکهاتوون و لەلایەن کۆمپانیای LIRA MAXی ئەمریکییەوە هاتبوون، گوتی مەبەستێکی سەرەکی هاتنی شاندەکەمان بۆ کوردستان بینینی هەڵەبجە بوو، تاکو فیلمێکی لەسەر دروستبکەین.

# پێشانگای جیهانی لە هەولێر



لە کوردستان منداڵان و مانگاکان پێکەوە مەلە دەکەن (فۆتۆ:شێرکۆ جیهانی)

**تایبەت بە ڕووداو**

ئەمرۆ دەرهێنەر و فۆتۆگرافەری مەهابادی شێرکۆ جیهانی یەکەم پێشانگای فۆتۆگرافی خۆی لەهۆڵی میدیا لەهەولێر دەکاتەوە.

نووسەرو فۆتۆگرافەری مەهابادی شێرکۆ جیهانی کە ماوەی 5 ساڵە کاری فۆتۆگرافی دەکا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە رۆژی 2008/7/7 لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بەنێوی (ساتێک بۆ ڕوانین) دەکاتەوە کە دەیان فۆتۆی سروشتی کوردستان، خەڵکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی تێدا نمایشدەکرێ و ماوەی 3 رۆژ بەردەوام دەبێ. شێرکۆ جیهانی کە لە1977 لەمەهاباد لەدایکبووە، ئەندامی ئەنجوومەنی سینەمای لاوانی مەهابادە و ماوەی 5 ساڵە کاری فۆتۆگرافی دەکات.

# ئەو پیاوەی کچێکی بوو



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

تۆماس بیتی، وەک یەکەمین پیاوی سکپڕ لە جیهاندا کچێکی بوو. مانگی نیسانی ئەمساڵ هەواڵی سکپڕی، هاووڵاتی ئەمریکی تۆماس بیتی 34 ساڵ، ئاشکرابوو و لەلایەن ئاژانسەکان بڵاویووەوە، رۆژی 2008/6/29 کچێکی بوو. تۆماس دەڵێ "بڕیارم داوە دەست لەئەندامی مێیینەی خۆم نەدەم، چونکە ئاواتم ئەوەبوو ڕۆژێک منداڵێکم هەبێت".

تۆماس بیتی کە لە ویلایەتی هاوایی ئەمریکا لەدایکبووە، جارێک بەشداریی لەپێشبڕکێی شاجوانی کچاندا کرد و گەیشتە قۆناخی کۆتایی و پلەی دووەمی بەدەستهێنا.

تۆماس کە لەڕێگەی سپێرمی پیاوێکەوە بە ڕێگەی دەرزی لێدان خۆی سکپڕ کرد، بووە یەکەمین پیاوی دایک لە جیهاندا، دکتۆر کیمبرلی جیمز لەبارەی کۆرپەکەی تۆماس دەڵێ "ئەو منداڵە زۆر تەندروستە". تۆماس پێش ئەوەی خۆی بکاتە ژن، 5 ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەی بەنێوی نانسی ژیاوە.

بوش و ئەحمەدی نەژاد و موشەڕەف

# بێ متمانەترین سەرۆکەکانی جیهانن



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بەپێی ڕاپرسییەک جۆرج بوش و مەحموود ئەحمەدی نەژاد و پەرویز موشەڕەف،لەلای خەڵک بەبێ متمانەترین سەرۆکی جیهان دیاریکران.

بەپێی ڕاپرسییەکی ڕێکخراوی بیرۆی گشتیی جیهان، کە لەنێو خەڵکی 20 وڵاتی جیهان دا ئەنجامیداوە، دەرکەوت کە هیچ سەرۆکێک لەدەرەوەی وڵاتی خۆی جێی متمانەی خەڵک نییە. هەروەها بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا، مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی ئێران و پەرویز موشەڕەف سەرۆکی پاکستان بێ متمانەترین سەرۆکن لەلای خەڵکی وڵاتەکانیان و وڵاتانی دیکە.

بەپێی ئەو ڕاپرسییەکە تەنیا 23%ی خەڵکی ئەمریکا متمانەیان بەبوشە، 22%ی خەڵکی ئێرانیش متمانەیان بە ئەحمەدی نەژادە، 18%ی خەڵکی پاکستانیش متمانەیان بەپەرویز موشەڕەفە. بەڵام سەرۆکی وڵاتانی دیکەی جیهان وەکو سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا 26%، پوتین سەرۆکی پێشووی ڕووسیا 32% و، جین تائۆ سەرۆکی چین 30%ی خەڵکی وڵاتەکەیان متمانەیان پێدەکەن.

لەوراپرسییەداکە 75119 کەس بەشداری تێدا کردووە، بان کی مونی سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بەدەستهێنانی 35%ی ڕای بەشداربووان بە متمانەترین ڕێبەری جیهان دەرچوو.

# ئەمشەو کوردستان و سوێد یاری دەکەن

**تایبەت بە ڕووداو**

بڕیارە لەپێشبڕکێی نێودەوڵەتی جامی جیهانی ڤیفا کە لە 7 تا 2008/7/13 لەشاری یالیڤاری سوێد سازدەکرێ، کاتژمێر 11ی ئەمشەو 2008/7/7 هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان بەرامبەر هەڵبژاردەی سامیلاندی سوێد یاری بکات.

پێشبڕکێی نێودەوڵەتی جامی جیهانی ڤیفا کە دوو ساڵ جارێک سازدەکرێ، تایبەتە بەو گەلانەی دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە، لەپێشبڕکێی ئەمساڵدا هەڵبژاردەی چەندین گەلی بێ دەوڵەتی وەکو سامیلاند (لە سوێد)، پادۆنیا (لە ئیتالیا)، پرۆڤینس (لە فەڕەنسا) و هەڵبژاردەی کوردستان بەشدار دەبن.

# شاجوانی ئوستراليا 14 ملیۆن دۆلاری هەیە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

کچە ئەکتەرو نمایشکاری جلوبەرگی ئۆستراليا، هۆلی ڤالانس لە ڕێورەسمێکدا خەڵاتی ڕێزلێنانی پێدرا.

ئەو ڕێورەسمە کە لەشاری مێلبۆرن لەلایەن شارەوانی شارەکەوە ڕێکخرابوو، دەیان ئەکتەری نێوداری ئۆستراليا و نمایشکاری جلوبەرگی ئەو وڵاتە تێیدا ئامادەبوون.

ڤالانسی 24 ساڵ کە تائێستا بەشداریی لە 30 فیلمی سینەمایی کردووە و ساڵی 2006 بووەتە شاجوانی کچانی ئوستراليا، بەهۆی بەرهەمەکانی ئەو خەڵاتەی پێدرا. ناوبراو ئێستا خاوەنی 14 ملیۆن دۆلارەو خاوەن کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی فیلمە لەئوستراليا.



# بەختی ڕووداو

**کاوڕ** Mar 21-Apr 19

قەت بیری خراپ مەکە، تەنیا تۆ نیت کە تووشی گرفت بووی، بۆیە بیر لەرابردوو مەکەوەو بیر لەرێگەچارەیەک بۆ چارەسەری گرفتەکانت بکەوە.

**تەرازوو** Sep 23-Oct 23

هەرچەندە بیر لەرابردوو بکەیتەوە ئەوەندە زیاتر تووشی خەمۆکی و نیگەرانی دەبیت، پێویستە بیر لەژیانی ئێستات بکەیتەوە کە چەندە جیاوازە لەگەڵ ژیانی رابردووت.

**گا** Apr 20-May 20

لەو چەند رۆژەی داهاتوودا سەردانی یەکێک لەخزمەکانت دەکەی، کە پێویستە یارمەتیدەری بیت، چونکە ئەو پێویستی بەتۆیە، بەڵام خۆی شەرم دەکات پێت بڵێ.

**دووپشک** Oct 24-Nov 21

ماوەیەکە یارمەتی خێزانەکەت دەدەی، هەر بەو هۆیەش ئەوان زۆرت لێت رازین، پێویستە هەر بەوشێوەیە بەردەوام بیت، چونکە ئەوانیش بیر لەداهاتووت دەکەنەوە.

**جمک** May 21-Jun 21

هەست بەماندووبون دەکەی، بەڵام تۆ کە کارێکی وات نەکردووە، بۆیە بۆ باشترکردنی ژیانت زیاتر هەوڵبدەو خێزانەکەت بەختەوەر بکە، رۆژی بەختت چوارشەممەیە.

**کەوان** Nov 22-Dec 21

رۆژی هەینی کەسێکی خۆشەویستت سەردانت دەکات و داوای یارمەتت لێدەکات، ئەوەی لەتواناتە بۆی بکە چونکە ئەو پێشتر زۆر یارمەتیدەرت بووە.

**قرژاڵ** Jun 22-Jul 22

کەسانێک ئیرەییت پێدەبەن کە یارمەتی هاورێکانت دەدەی، چونکە ئەوان دژی ئەو کەسەن کە تۆ یارمەتی دەدەی، بەڵام هاورێکەت تەنیا تۆی هەیەو بەجێی مەهێڵە.

**کارژۆلە** Dec 22-Jan 19

ئەگەرچی خۆت بەکەسێکی سەرکەتوو دادەنێی، بەڵام وا نییە، چونکە چەندین کارت ئەنجامداوە کە بووەتە هۆی بێزاری خەڵکانی دەوروبەرت.

**شێر** Jul 23-Aug 22

لەوانەیە لەمانگی داهاتوودا تووشی کێشەیەک بیت کە هیچ پەیوەندی بەتۆوە نییە، بەڵام هەوڵبدە چارەسەری بکەی.

**سەتڵ** Jan 20– Feb 18

پارەیەکی باشت دەستدەکەوێت کە دەتوانی ئەو پرۆژەیەی ماوەیەک لەمێشکتدایە ئەنجامبدەی، پێویستە بەشێوەیەکی باش خەرجی بکەیت.

**گوڵەگەنم** Aug 23-Sep 22

لەرووی داراییەوە هەوڵبدە خۆت باشتر رێکبخەیت، چونکە لەداهاتوودا دەفەتێکی باشت بۆ دەرەخسێ بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەک.

**نەهەنگ** Feb 19-Mar 20

کەسانێک هەوڵی ئەوە دەدەن ئەوەی ئەنجامت داوە بیروخێنن، بەڵام تۆ دەبێ بەهەوڵ و کۆششی خۆت کارەکانت باشتر بکەی تاکو نەتوانن بترووخێنن.

# مۆساد چۆن ئۆجەلانی لە کینیاوە فڕاند ورادەستی تورکیای کرد

## وردەکارییەکانی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن مۆسادی ئیسرائیلییەوە

**نووسەر و رۆماننووسی نێوداری ئێرلەندی گۆردن تۆماس خاوەنی 37 پەرتووکە، کە بۆچەندین زمانی دنیا وەرگێڕدراون، یەکێک لە پەرتووکەکانی لەسەر مێژووی نهێنی مۆسادە بەنێوی "سیخوڕەکانی گیدۆن : جەنگاوەرە نهێنییەکانی مۆساد"، کە پشتی بە زێدەری باوەڕپێکراوی نێوخۆی مۆسادو ئەو خەڵکانەی پێشتر لەم دەستگەیە بوون بەستووە. بەشێکی ئەم پەرتووکە باسی وردەکارییەکانی دەستگیرکردنی رێبەری PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن دەستگەی مۆساد و چۆنیەتی رادەستکردنی ئۆجەلان لەلایەن مۆسادەوە بە تورکیا دەکات.**

**ئەم کتێبە لە هۆڵەندییەوە لەلایەن نووسەرو پارێزەر (شەفیقی حاجی خدر) کراوەتە کوردی و بەم نزیکانە چاپدەکرێ. (رووداو) بە رێککەوتن لەگەڵ وەرگێڕ، ئەو بەشەی پەیوەستە بەگرتنی ئۆجەلانەوە لێرەدا بڵاودەکاتەوە:**

### سیخوڕەکەی موساد بە پاسەوانە کوردەکەی ئۆجەلانی گوت ئۆجەلان دەبێ لە باڵیۆزخانەی یۆنان بچێتە دەرەوەو تاکە هیوا ئەوەیە بچێتە لای هاونیشتمانییە کوردەکانی لە باکووری عیراق، ئۆجەلانیش بیری لێ کردبووەوە

لەکۆتاییەکانی مانگی نۆڤامبری ساڵی 1998، ئەو دەمی سەرۆکوەزیری تورکیا، بولەند ئەجەڤیت، تەلەفۆنی بۆ بنیامین نەتەنیاهووی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کرد و داوای لێکرد مۆساد یارمەتییان بدا بۆ گرتنی رێبەری کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کە لەمێژ بوو لەلایەن وڵاتانی دیکەوە مۆری تێرۆریستبوونی لێدرابوو. تورکیا ئەوی بە بەرپرسی کوژرانی 30000 کەس دەزانی لە خاکی خۆیدا . بۆ زیاتر لە بیست ساڵان PKKشەڕێکی



پارتیزانی بەرپاکردبوو بۆ ئەستاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ 12 ملیۆن کوردی تورکیا کە هیچ مافی کەمایەتییان نییە، وەکو مافی پەروەردە یان مۆڵەتی بڵاوکردنەوە بە زمانی خۆیان.

ئۆجەلان بە بەردەوامی و بەهاسانی و هەوڵێکی کەم توانیبووی خۆی لە دەست دەزگا سیخوڕییەکانی تورکیا بپارێزێ. ئەو رێبەرێکی ئەوتۆ بوو کە هەست و خۆشەویستییەکی (مەسیح)انە وپێغەمبەرانەی لە نێو خەڵکی خۆی دا دەبزواند. چ پیاو، چ ژن، یان منداڵ ئامادە بوون لە پێناویدا گیانی خۆیان بەخت بکەن. بۆ زۆر کەسان ئەو ببووە رەمزی ئەفسانەیی قارەمانی رۆمانی بارۆنێس ئۆرچزی "پیمپێرنێلی لەچەک سپی" کە لێقەوماوان لە مەترسی مردن رزگار دەکا، لە هەر جێیەک دوو کورد یان زیاتر لە دەوری یەکتر کۆببانەوە باس باسی کارەکانی وی بوو. خەڵک بە پەرۆشەوە گوێیان دەدا قسە و وتارەکانی، نوێنەری سەرشۆڕنەکردن و تەحەدا کردن بوو لە تورکیا .

مانگی نۆڤامبری ئەو ساڵە ئۆجەلان دوای دزە کردن بە مۆسکۆ دا — سەری لە رۆما دەرهێنا . حکوومەتی ئیتالیا رەتیکردەوە رادەستی تورکیای بکاتەوە- بەڵام داوای ئۆجەلانیشی رەتکردەوە کە مافی پەنابەری سیاسی بداتێ. پێشتر لەوێ بەپێی داوای ئاڵمان بە تاوانی سەفەر کردن بە پاسپۆرتێکی ساختە گیرا بوو، بەڵام کاتێک ئەڵمانیا لە ترسی وروژانی رەوەندی گەورەی کوردی دانیشتووی ئاڵمان وازی لە داخوازی رادەستکرانەوەی ئۆجەلان هێنا، ئەو ئازاد کرا. ئەوە ئەو دەمەی بوو کە سەرۆکوەزیری تورکیا

بولەند ئەجەڤیت تەلەفۆنی بۆ نەتەنیاهوو کرد.

بۆ ئیسرائیل، پێوەندییەکی نزیکی هاوکاری لەگەڵ تورکیا تۆوێکی گرینگە لە ستراتێژییەکەیدا و بۆ مانەوەی دیپلۆماتیکی خۆی لە هەرێمدا . نەتەنیاهوو بەڵێنی بە ئەجەڤیت دا و فەرمانی بە هالێڤی سەرۆکی مۆساد دا کە ئۆجەلان ببینێتەوە. ئەوە دەبوو " ئۆپێڕاسیۆنێکی رەش" بێ — واتە تێوەگلان و بەشداری مۆساد لەو کەتنەدا قەت نابێ بدرکێ و، ئەگەر کارەکە بە سەرکەوتوویی بکرێ هەموو شانازییەکی بۆ دەزگای سیخوڕی تورکیا دەبێ.

ئەو پلانە نێوی کۆدی "چاوکراوە"ی لێنرا. ئەوەش نیگەرانی هالێڤی دەدرکاند کە تا ئەو جێیەی دەلوێ ئەو کردەوەیە نابێ ئەو ئۆپێراسیۆنانە پەک بخا کە ئەو لەنێو خۆی عێراق دا بەڕێوەی دەبرد .لەوێ، کاتساسی مۆساد شانبەشانی کوردە یاخیبووەکان کاریان دەکرد بۆ پشێوی سازکردن بۆ رێژیمی سەدام.

شەش بەکرێگیراوی مۆساد نێردرانە رۆما. ئەوان بریتی بوون لە "بات لەڤەیها"، ژنێک، و دوو تێکنیسییەنی سەر بە یاهالۆمین، واتە یەکەی پێوەندی تێکنیکی مۆساد.

ئەوان لە خانوویەکی نهێنی مۆساد لە نزیک "پانتیون" بوون و لەوێوە کارەکانیان دەکرد،

تیمەکە چاوەدێری بە سەر ئاپارتمانەکەی ئۆجەلاندا دەکرد کە لە نزیک ڤاتیکان بوو. بەکرێگیراوە ژنەکە ئامۆژگاری کرا هەوڵبدا پێوەندی لەگەڵ ئوجەلان ببەستێ. ئەو بەکرێگیراوە ئەو رێنوێنییە چاک دامەزراوانەی رەچاو دەکرد کە پێشتر لەلایەن بەکرێگیراوێکی مێینەی دیکەی مۆسادەوە بەکارهاتبوون بۆ دە ستگیرکردن و وپێوە بوونی مۆردێخای ڤانوونو، لە هەمان شاردا زیاتر لە دە ساڵ لەمەوبەر. بەڵام لە بەرئەوەی رێبەری کورد ئۆجەلان لەپڕ رۆمای بەجێهێشت، پلانەکەیان سەرنەکەوت.

تیمی مۆساد دەستی کرد بەگەڕان بەدوای ئۆجەلان دا، لە هەموو بەستێنی (حەوزی مێدیتێریان)دا وەک ئیسپانیا،پورتوگاڵ،تونس، مەراکش و سووریا . ئۆجەلان چووبووە ئەو هەموو وڵاتانە، بەڵام هەر کەداڵدەیان نەدابوو بەجێی هێشتبوون.

لە 1999/2/2، دەرکەوت رێبەری کورد خەریکە بێتە نێو هۆڵەندا، بەڵام حکومەتی هولەند رێگەی پێنەدا. ئەفسەرێکی ئەمنییەتی هولەندا لە فڕگەی سخیپۆل لە ئەمستردام ئەفسەرێکی مۆسادی لە وێستگەیەکی خۆجێی لە هۆڵەندا

ئاگادارکردەوە کە ئۆجەلان لە رێگەی کۆمپانیای KLM چووە نایرۆبی، مۆسادییەکان دەستبەجێ بەرەو پێتەختی کێنیا وەڕێ کەوتن و، سەرلەبەیانی پێنجشەممە 5 /1999/2 گەیشتنە ئەوێ.

کێنیا و ئیسرائیل بە ساڵان هاوکارییەکی نزیکی "لەیەک تێگەیشتنیان" سەبارەت بە کاروباری هەواڵگری پێشخستبوو. بەشێک لە کاری "سافاری" مۆساد لە ئەفریقای نێوەڕاست ئەوەبوو کێنیاییەکانی لە چالاکی تۆڕە سیخوڕییەکانی بێگانە لەم وڵاتە ئاگادار کردبوو. لە بری ئەوە، کێنیاش بەردەوامبوو لە سەر ئەوەی کە " پلەیەکی تایبەت" بدا بە مۆساد و رێگەی بدا لە نێوشاردا خانووی شاراوە و هێمنی هەبێ و دەستبەجێ دەستی بگاتە دەزگەی بچووک و کارامەی سیخوڕی کێنیا.

تیمی مۆساد زوو ئۆجەلانیان هەڵنا و زانیان لە خانووبەری باڵیۆزخانەی یۆنانە لە نایرووبی. جار وبار کوردان — کە مۆسادییەکان پێیان وابوو پاسەوانی ئۆجەلانن — لە خانووبەرەکەڕا دەهاتنە دەرێ وەدەچوونەوە، هەموو شەوێ سەرۆکی تیمی مۆساد گوزارشت و راپۆرتی دەدا بە تەلئەڤیف.

فەرمانی تەلئەڤیف وەک هەمیشە ئەوەبوو: چاوتان بە سەرییەوە بێ، بەڵام هیچ مەکەن. لە پڕ فەرمانەکە بە تەواوی گۆڕا. بە " بەهەموو شێوەکان لە بەردەستدایە" ئۆجەلان دەبوو لە خانووی باڵیۆزخانەی یۆنانستان بهێندرێتە دەرێ و هەڵبفڕێندرێ بۆ تورکیا، فەرمانەکەش ئی هالێڤی بوو .

بەخت و ئیقباڵ رووی لە تیمی مۆساد کرد ویاوەریان بوو. یەک لە کوردەکان لە باڵیۆزخانە هاتە دەرێ و بە ماشێنەکەی بەرەو بارێک چوو لە نزیک هۆتێلی نۆرفۆلک کە جێیەکی تەواو بە دەرەوەیە. لەهەڵسوکەوتێکدا کە تاکتیکێکی کلاسیکی مۆسادە، یەک لەئەندامانی تیمەکە هاتە نزیک کوردەکە. بە پێستی ئەسمەر و بە کوردییەکی رەوان، مۆسادییەکە خۆی وەکو کوردێک ناساند کە لە نایرووبی کار دەکا. ئەولە قسەکانی کوردەکەڕا هەستی پێکرد و زانی کە ئۆجەلان بێ ئۆقرەیە و دوایین داخوازی بۆ وەرگرتنی پەنابەری لە ئەفریقای باشوور هیچ وڵامێکی نەبووە . وڵاتە ئەفریقاییەکانی دیکەش هەروا بێمەیل بوون کە ڤێزای هاتنە ناوەوە بدەنە رێبەری کورد .

تیمی گوێ قوڵاخی مۆساد کەرەستە تێکنیکییەکانی خۆیان بەکار هێنا بۆ گوێ هەڵخستن لە هەموو جۆرە پێوەندی و قسەیەک کە لەنێو خۆی خانووبەرەکە و لە دەرەوەڕا دەکرا. ئەوە ئاشکرا بوو کە یۆنانیش ئامادە نییە داڵدەی ئۆجەلان بدا. ئەو بەکرێگیراوەی مۆساد کە لە بارەکە چاوی بە کوردەکە کەوتبوو دەست بە کار بوو، تەلەفۆنی بۆ کوردەکە کرد کەلە

خانووبەرەی باڵیۆزخانەی یۆنان بوو داوای لێکرد " دەستبەجێ چاوی پێی بکەوێ". ئەوان جارێکی دیکەش لە بارەکە یەکتریان دی، بەکرێگیراوی مۆساد بە کوردەکەی گوت ئەگەر ئۆجەلان لە خانووبەرەی باڵیۆزخانەی یۆناندا بمێنێتەوە ژیانی لە مەترسیدایە. تەنیا هیوا ئەوەیە کە بچێتەوە لای هاونیشتمانییە کوردەکانی، بەڵام نەک لە تورکیا، بەڵکو لە باکووری عێراق، لەو چیا بەربڵاوانەدا دەتوانێ خۆی بپارێزی و خۆی بۆ رۆژێکی دیکە کۆکاتەوە. ئەو پلانە لە راستیدا شتێک بوو کەئۆجەلان دەستی پێکردبوو بیری لێ بکاتەوە و تیمی گوێهەڵخەری مۆساد لە قسەکانیدا ئەوەیان گوێ لێ ببوو. بەکرێگیراوەکەی مۆساد کوردەکەی رازیکرد بچێتەوە باڵیۆزخانەی یۆنان و هەوڵبدا قەناعەت بە ئۆجەلان بهێنێ بۆ ئەوەی خۆی بێتە دەرێ و لە سەر پێشنیازەکە بدوێن. داوەکە بە هاسانی و کوشندانە نرایەوە. ئێستا تەنێ دەبوو چاوەڕێ بکرێ کە چەندی پێدەچێ تا ئۆجەلان بە قولابەوە بێ، لە سەر بنەمای ئەو پەیامە رادیۆییانەی لە نێوان وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یۆنان و باڵیۆزخانەکەیان ئاڵوگۆڕ دەکران، تیمی مۆساد دەیزانی کە تەنیا چەند رۆژێکی ماوە خانەخوێیەکانی ئۆجەلان بێمەیلی بۆ حەواندنەوەی و رێگەی لە دەرگە دەرکەوتنی پێ نیشانبدەن. لە پەیامێکدا کە تەنێ "تایبەتی بوو بۆ باڵیۆزی یۆنان لە کێنیا"، سەرۆکوەزیری یۆنان کۆستاس سیمیتیس گوتبووی درێژەکێشانی مانەوەی ئۆجەلان لە خانووی باڵیۆزخانەدا دەبێتە هۆی "تووشبوون و رووبەڕووبوونەوەی سیاسی و تەنانەت سەربازیش" لە یۆنان.

بۆ بەیانی رۆژی دواتر فڕۆکەیەکی جێتی- Falcon 900 ی بەڕێوەبەری ئەرکەکە لە فڕگەی ویلسۆن لە نایرۆبی نیشتەوە. فڕۆکەوانەکە گوتی بە دوای گرووپێک بازرگاندا هاتووە کە دەبێ بیانبا بۆ کۆنفرانسێک لە ئەسینا. ئەوەی کە دوای ئەوە قەوما هێشتا هەر جێی قسەوباس ومشتومڕە. پارێزەرە ئاڵمانەکەی ئۆجەلان دواتر ئیدیعای کرد کە" لە بەر خراپ جووڵانەوەی کاربەدەستانی کێنیایی، ئۆجەلان کاریگەرانە راکێشی دەرەوەی خانووی باڵیۆزخانە کرا"، بەڵام حکوومەتی کێنیا و باڵیۆزخانەی یۆنان لە نایرۆبی بە توندی ئەو تاوانەیان رەتکردەوە . یۆنانییەکان جەختیان کرد کە رێبەری کورد بە پێچەوانەی قسەو راوێژی خانەخوێیەکانی، باڵیۆزخانەکەی بەجێهێشتووە.

شتێک کە بێ ئەملا و ئەولا راستە و گومانی لە سەر نییە ئەوەیە کە ئەو فڕۆکە بەڕێوەبەرە جێتەی کە ئۆجەلانی دەنێو دابوو لە نایرۆبییەوە هەڵفڕی. هەر کە فڕۆکەکە ئاسمانی کێنیای بەجێهێشت ئەو پرسیارانە خۆیان قووت کردەوە:

گەلۆ تیمی مۆساد کردەوەی ئاسایی خۆیان کردبوو و دەرزییەکی بێهۆشکەریان لە ئۆجەلان دابوو کە لە حەوشەی باڵیۆزخانە دەرکەوتبوو؟ گەلۆ ئەوان لە سەر جادە رفاندبوویان-هەر بەو شێوەیەی کە تیمێکی دیکەی مۆساد چەندین ساڵ پێشتر ئادۆڵف ئایخمەنیان لە بیۆنێس ئایرێس رفاندبوو؟ ئایا کێنیا چاوی قووچاند وچاوپۆشیکرد لە کردەوەیەک کە گشت قانوونە نێونەتەوەییەکانی پێشێل دەکرد؟

چەند سەعاتێک دواتر ئۆجەلان لە زیندانێکی تورکیدا ئاخنرا، سەرۆکوەزیری شادمان وشاگەشکەبوو بولەند ئەجەڤیت لە پەردەی تەلەڤزیۆنەوە دەرکەوت و باسی "سەرکەوتنی هەواڵگری و. ئەو ئۆپەراسیۆنە چاوەدێرییە باشەی کرد کە لە ماوەی دوازدە رۆژاندا لە نایرۆبی بەڕێوە چووبوو". ئەو هیچ ئاماژەیەکی بە رۆڵی مۆساد نەکرد .ئەجەڤیت بەپێی رێساکان هەڵسوکەوتی کردو و لێی لانەدان.



عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەکاتی رادەستکردنی بە تورکیا لە لایەن مۆسادی ئیسرائیلیەوە لە 1998/2/5

---

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# سیر لە حکومەت زوڕنا لە مامۆستا

حکومەتەکەمان، یان هەر سەرلەبەری گەورە پیاوانی ئەم میللەتە (تێیاندایە بە قەبارە گەورەیە، هەشیانە بە تەمەن، زۆربەیان بە گیرفان و بڕۆکەیەکیشیان بە هزر) یەک تەبیعەتی خراپیان هەس، بەڵێنی شەکرلەمەت پێ بدەن، سماقت دەدەنێ. قەولی ماستت بدەنێ، دۆشاوت دەرخوارد دەدەن. ئیدی گرینگ ئەوەیە، ئەوە نەکەن کە دەیڵێن، راستت دەوێ، هەر سەرانی کورد ئەم سیفەتەیان نییە، ئەوە خەسڵەتی نزیکەی هەموو کوردە.

ئەوە چەند ساڵێک بوو، حکوومەت بە مەرحەمەتی خۆی دیارییەکی 125 هەزاری بۆ مامۆستایان بڕیبووەوە، ئەگەرچی چاوچنۆکانی بازاڕ، نەیانهێشت پیاوەتییەکەی حکومەت تامی تێدا بمێنێت و تا ئەم لەملاوە سەدی چلی مووچەی زیاد کرد، ئەوان لەولاوە لە سەدا چوارسەدی شتومەکیان گرانتر کرد، بەڵام ئیتر دیارییەک بوو، دیاریش، ئەگەر قسەیەکی خۆشیش بێ، هەر خۆشە.

ئەوەی چاوەڕێ نەدەکرا، ئەوەبوو حکومەت لە دیارییەکەی پەشیمان ببێتەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو ئەوەی پێشتریش دابووی، تا دوا مونقیڕ لە قورگی مامۆستای کلۆڵی کوردستانی دەربهێنێتەوە. ئەم رەچەشکێنییەش هەر بە حکومەتی خۆمان بڕا، دیاری بدات و دواتر وەریبگرێتەوە، وەڵڵا چییە، مالیکی مووچە زیاد دەکات و ئێمە ئەوەی خۆمان دەبەینەوە. مالیکی کە چۆڕێ نەوت بە کوردستان رەوا نابینێت و دوو فلووسی قەڵب بۆ پێشمەرگەی کوردستان، دەڵێی لە کیسەی دایکی دەردەچێ، چ مەعلووم کڵاوێکی مەکسیکی، بە هەمان ئەو قەبارەیەی پێشتر لە چەند بۆنەیەکدا بۆی دوریوین، ئەم جارەش لە سەری مووچەخۆر و مامۆستایانی کوردستان ناکات؟ کاکە نە شیری حۆشترمان دەوێ، نە دیداری عەرەب. ئێمە هی خۆمان پشتمان نەخورێنێ، ئەوەی بەغدا بۆی بکرێت پشتمان دەشکێنێ.

کورد تا ئێستا لە بەڕێز رەشید تاهیر، رەشیدتری نەبووە سەرفکردنی پارەی بۆ رێک بخات، ئەوە نییە راگەیاندنی باس و خواسی بڕینی دەرماڵەی مامۆستایانی (کە چەند مانگێکە لە ئارادایە) تا کۆتایی ئەزموونەکان دوا خست و، بەڕەی وەرگرتنی هەڵوێست و مانگرتن و لەباربردنی ئەزموونەکانی، سووک و باریک لە بن پێی مامۆستایان دەرهێنا.

تەماشاکەن چی لێدێت، بە هۆی دەنگۆی زیادبوونی مووچەوە، حکومەتی کوردستان، کە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر نرخدا نییە، کۆنترۆڵی بازاڕی پێناکرێت و نرخی شتومەک هێندەیتر دەفرێت، دەرماڵەش دەبڕدرێت، لەم دۆخەدا، لە دڵسۆزیمەوە، پێشنیاز بۆ رێزدار رەشید تاهیر دەکەم هەر هیچ نەبێ، لە بودجەی ئەمساڵی حکومەت، بۆ هەر مامۆستایەو کیلۆیەک سیری فرێش دابین بکات، بۆ ئەوەی نەڵێ مامۆستای کورد چاوچنۆک و تەماعکارن، بابە زوڕناکەی عایدی خۆمان.

---

# بەرسڤەکەی کۆمیسیۆنی ئەورووپا خەمگینی کردم



فەلەکناس ئوجا*

بەڕێز ئۆمەن رویژتەن، ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا کە خەڵکی هۆڵەندایە لە رۆژی2008/5/21 دا راپۆرتێکی لەسەر تورکیا پێشکێشی پەرلەمانی ئەورووپا کرد. هەرچەندە راپۆرتەکە بەگشتی زۆر خاڵی سەرنجڕاکێش دەخاتە بەرچاوان، بەڵام لە ترسی تووڕەبوونی دەسەڵاتداریەتی تورکیا بەقووڵی لەسەر رەوشی ئاڵۆزی تورکیا راناوەستێت.، پێشنیازی بنچینەیی و چاکسازی بڵاونەکراونەتەوە .

بەبڕوای من چەند کێشەیەکی بنچینەیی کە لە راپۆرتەکەدا نین ئەمانەن :

– داوای کۆتاییهێنان بەو تێڕوانینەیەی کە لە تورکیا زاڵەو دەڵێت کێشەی کورد بەدەستی سوپا چارەسەر دەکرێت و باسنەکردنی داخوازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە رێگای سیاسییانە.

– هەڵگرتنی خێرا و بێمەرجی مادەی301ی یاسای سزای تورکیا کە ئازادی رادەبڕین قەدەخە دەکات.

– داخوازی سیاسەتی ئازادی ژنان.

من لەو بڕوایەدام کە لە راپۆرتەکەدا رامان و بۆچوون و داواکارییەکان بەبوێری جێنەکراونەتەوە.

لە وڵاتێکدا کە پارتێک بە%47ی دەنگی هاووڵاتیان هەڵبژێردرابێت، داوای داخستنی بکرێ، پێویست بوو لەوبوارەدا راپۆرتەکە رەخنەی توند بگرێت .سەبارەت بە DTPکە لە تورکیا بۆ مافی کورد تێدەکۆشێ، دادگای داخستنی هەر بەردەوامە. راپۆرتەکە بە وردی لەسەری نەوەستاوە. لەسەر چەتەکانی "ئەرگەنەکۆن" ئەوانەی

کە لە کوشتنی کەسایەتییە دیموکراتەکانی وەک هیرانت دینک دا تاوانبار دەکرێن بەفراوانی هەڵوەستەی نەکردووە .

بەڵام من لەسەر راپۆرتی تورکیا وهەڵوێستی ئەورووپا شاش و سەرسام نەبووم .لەبارەی رووداوەکانی نەورۆزی ئەمساڵ، ئۆلی رەهن بەرپرسی کۆمیسیۆنی فراوانکردنی یەکێتی ئەورووپا بەو شێوەیە وەڵامی پێشنیازو پرسێکی منی دایەوە :

"کۆمسیۆن دەزانێ و بەداخەوە دەبینێت کە پیرۆزباییەکانی نەورۆز لە رەوشێکی دژواردا تێپەڕین و 3 کەسیش گیانیان لەدەستداوە . کۆمیسیۆن داوا لەهێزەکانی ئاسایشی تورکیا دەکات لە کاتی لەو شێوەیەدا خۆکشاندنەوە تاقی بکەنەوەو بەردەوام دەست لە توندوتیژی دوور لە پێوەرەکان

هەڵبگرن .بەڵام لە هەمانکاتدا بانگەوازی رێکخراوی PKK ی تیرۆریست کە بەر لە پیرۆزباییەکانی نەورۆز، داوای راپەڕینی کردبوو و ئەوەش بووە هۆی ئاڵۆزی رەوشەکە، شەرمەزار دەکەین. کۆمیسیۆن بەبەردەوامی چاودێری پێشڤەچوونەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەکات" .

من بەخەمگینییەوە پێشوازی ئەو وڵامەم کرد و پرسیارەکانم لەسەر ئەو وەڵامی کۆمیسیۆنی ئەورووپا هەر درێژەیان هەیە:

پاش ئەو وڵامە، پێویستە مرۆڤ لە کۆمیسیۆن بپرسێت: ئەگەر کۆمیسیۆن ئیدیعا دەکات و دەڵێت PKK بەر لەوەی رووداوەکانی نەورۆز روو بدەن، بانگەوازی بۆ توندوتیژی کردووە، ئەمجارە من دەمەوێت لە کۆمیسیۆنی ئەورووپا بپرسم:

کێ چوار کەسی سیڤیلی گوللەباران کرد؟ ئەو کەسانە PKK بوون یان پۆلیسی تورکیا بوون؟

DTPبەر لە نەورۆز بانگەوازی ئەوەی کرد کە بەشداران لە کەشێکی ئاشتییانەدا نەورۆز پیرۆز بکەن.

پرسیاری سەرەکی لە کۆمیسیۆن ئەوەیە: بەراستی کۆمیسیۆن بۆ چارەسەری کێشەی کورد بیر لەچی دەکاتەوە؟

کۆمیسیۆن پرۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە یان نا؟

کۆمیسیۆن ئەو پێکدادانەی کە لە تورکیا درێژەیان هەیە نابینێت؟

من لەو بڕوایەدام کە کۆمیسیۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوەو لەسەر پرسی کوردیش رادەوەستێ.

من هیوادارم کە گفتوگۆکان لەسەر راپۆرتی پەرلەمانی ئەورووپا بەردەوام بن وکۆمیسیۆنی ئەورووپا لە هەمبەر تورکیادا هەنگاو بەرەو گۆڕینی سیاسەت هەڵبگرێت، هەروەها پرۆژەیەکی بنچینەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێشبخات.

*** ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا**

ئەو وتارە بە کرمانجیی سەروو و تیپی لاتینی لە رۆژنامەی (ئازادیا وەلات) بڵاوکراوەتەوەو (رووداو) کردوویەتییە کرمانجیی خوراوو و تیپی ئارامی.




## پەیامی ڕووداو

# سوپاس بووکی کوردان

هەفتەی ڕابردوو لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکانی پەرلەمانی عێراق تایبەت بە دەستدرێژییەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەرباشووری کوردستان کەلە بەڕێزان خانم سەفیە سوهەیل و د.میسال ئالوسی پێکهاتبوو، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلیان لەبارەی ئەو دەستدرێژیانە پێشکێشی پەرلەمان کرد و، ئەم لیژنەیە لەماوەی چوار مانگی کارکردنیاندا هەموو ئەو ناوچەو دەڤەرانەی کوردستان گەڕاون کە بەر پەلاماری دوژمنکارانەی هەردوو ڕژێمی تورک و ئێران کەوتوون و بەدرێژی و بەوردی باسی ئەنجام و دەرهاوێشتەکانی ئەو هێرشانەو ژمارەی بنکە سەربازییەکانی سوپای داگیرکەری تورکی لە باشوور تێدایە.

ڕۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە پەیوەندیمان بە خانمی هێژا سەفیە سوهەیل کرد بۆدەسکەوتنی ڕاپۆرتەکە، ئەویش بە ڕێزوخۆشەویستییەکی زۆر بەدەم داواکەمانەوە هات و بەعەرەبییەکی لوبنانیانە گوتی "زۆرم پێخۆشە خەڵکی کوردستان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو ڕاپۆرتە بێت". ڕاستییت دەوێ زۆر جێگەی دڵخۆشییە لەکاتێکدا زۆربەی پەرلەمانتارانی عێراق بە کوردەکانیشەوە لەترسان بێت یان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، مەراییەکی زۆر بۆ هەردوو ڕژێمی تورکیاو ئێران دەکەن وزۆربەیان بەبۆنەو بێ بۆنە بۆ ڕازیکردنی ڕژێمی شۆڤێنیستی تورک، پارتی کرێکارانی کوردستان بە ڕێکخراوێکی تێرۆریست نێودەبەن، کەچی دوو پەرلەمنتاری عەرەبی عێراق بێ گوێدانە توورەبوون و نارەزایی تورکیا و ئێران کە دوو ڕژێمی تێرۆریستی ناوچەکەن، ڕاپۆرتێکی بابەتیانەی زۆر بەڕێ و جێ لەبارەی دەستدرێژییەکانی ئەم دوو وڵاتە بۆسەر خەڵکی سڤیل و بێچەکی کوردستان بڵاودەکەنەوە.

سەفیە سوهەیل و میسال ئالوسی هەردووکیان لەسەر بیروبۆچوون و هەڵوێستە بوێرەکانیان ڕووبەڕووی کاری تیرۆریستی بوونەتەوە، سەفیە باوکی لە لوبنان لەلایەن بەکرێگیراوانی بەعس تێرۆر کراوە و میسال ئالوسیش ساڵی ڕابردوو بەهۆی سەردانی ئیسرائیل، دوو کوڕی پێکەوە تیرۆرکران.

خاتوو سەفیە کە هاوسەری بەڕێز بەختیار ئەمین-ی چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤە، پێش ئەم ڕاپۆرتەش بەردەوام لە لێدوان و هەڤدیتنە ڕۆژنامەوانییەکانی دەستدرێژی و پەلامارەکانی تورکیا و ئێرانی بۆ سەر باشووری کوردستان شەرمەزارکردووە و تەنانەت زۆربەی جاران هەڵوێستی ئەم خاتوونە زۆر لە هەڵوێستی هەندێ لەبەرپرسانی کورد لە بەغدا بوێرانەتر و کوردانەتر بووە.

لێرەوە دەستخۆشییەکی گەرم لەهەردوو پەرلەمانتار سەفیە سوهەیل و میسال ئالوسی دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان لە ئەرکەکانیان بۆ دەخوازین و ئومێدەوارین لەسەر ئەم هەڵوێستە مرۆڤدۆستانەیان بەردەوام بن.

**نوورەدین وەیسی**



# مفای ل عەلی کەمالی وەرگرن

موسەدەق تۆڤی

عەلی کەمال (1900/10/2-1986/8/12)یەک ژ ناڤدارێن کوردە، د سەد ساڵا بیستێدا،ئەفسەرەکێ لەشکەرێ دەولەتا ئۆسمانی بوو، پشتی هەرفتنا ڤێ دەولەتێ زڤرییەڤە عێراقێ و وەک ئەفسەرێ پولیسان هاتە دامەزراندن، پاشتر چەند پلێن بلندتر وەرگرتن و چەند جاران بوویە ئەندامێ پەرلەمانێ عێراقێ. عەلی کەماڵ کەسەکێ دەولەمەند و د نێڤەندێن کوردیێن بەغدا و کوردستانێدا ب کەسایەتییەکێ جڤاکیێ وەلاتپارێز و خێرخواز هاتبووە نیاسین و چەندین کار و پرۆژێن خێر خوازی ل پاش خوە هێلاینە.*

ل ڤێرێ بابەت نە تایبەتە ب ژیان و رۆلێ وی،بەلێ د بیرهاتنێن وی دا پەندەک هەیە کو بۆ ژیانا ئەڤرۆیا گەلێ مە شیرەتەک گرنگە، هەرچەندە نە وی دەمی و نە ئەڤرۆ مە مفا ژڤێ سەربووران وەرنەگرتییە، لەوما ژی بووینە قوربان و ئەگەر ل خوە نە زڤرینەڤە دێ هەر ب قوربانی مینین، ژبەرکو هەر وەک ڕێبەر و زانایێ هندی گاندی دبێژیت: مللەتەک ئەگەر ژ دیرۆکا خوە یێ بێ ئاگاه بیت،بێگومان ئەو ڕوودانێن دیرۆکێ دێ لێ دووبارە بنەڤە.

ئەڤ دووبارەبوونا ڕوودانان ژی گەلەک جاران یا زیان بەخشە ئەگەر سەرەدەریا مرۆڤی دگەل ڕوودانان یا دروست نەبیت.

عەلی کەمال ل دەسپێکا ساڵا 1922ێ ب فیراری ژ تورکیا د زڤریتەڤە و وەک ئەفسەرەک دڤێت بۆ خوە جهەکی ل سوپایێ نوو دامەزراندیێ دەولەتا عێراقا تازە دروستکری ببینیت،بۆ ڤێ مەرەمێ سەرا وەزارەتا بەرگریێ ل بەغدا ددەت،یەکەمین کەسێن ل وەزارەتا بەرگریا عێراقێ دبینیت توفیق وەهبی و بەکر سدقی بوون،هەر دوو ئەفسەرێن کوردێن پایەبلند و خوەدی رۆلەکێ گرنگ بوون د سوپایێ عیراقێدا،ل ڤێرێ عەلی کەمال د بیرهاتنێن خوەدا د بێژیت: ئەز دکارم بێژم د وی سەردەمیدا 75% ژ ئەفسەرێن بارەگایێ وەزارەتا بەرگریا عیراقێ کورد بوون و ڤانا دەستەکێ درێژ هەبوو د دامەزراندن و ڕێکخستن و فێرکرنا سوپایێ عیراقێدا.

ل ڤێرێ ئاخفتنا عەلی کەمالی ب داوی دهێت،بەلێ ئەگەر لێنێرینەکێ د دیرۆکا وی چاخیا عێراقا نوو دامەزراندیدا بکەین دێبینین کوردان نە تنێ د وەزارەتا بەرگریدا بەلکی رۆلەکێ گرنگ د تەڤایی وەزارەت و دامودەزگەهێن ڤێ دەولەتا نوو دامەزراندیدا هەبوو هەتا ئەڤ دەولەتە کەتیە سەر پێێن خوە و بوویە خوەدی دەسەلات و سوپا و دامودەزگەهێن دن یێن دەولەتینیێ،زێدەباری ڤێ هەموویێ ژی کورد فاکتەرێ سەرەکیێ ڕاگرتنا پارسەنگا هەڤرکی و شەرەنیخا نێڤبەرا سوننە و شیعەیێن عەرەبێن عیراقێ بوون و ڕاگرتنا ڤێ پارسەنگێ ژی ئەگەرەکێ دن یێ ئاڤابوونا دەولەتا عیراقێ بوو.

بەلێ دەمێ ئەڤ دەولەتە ئاڤابووی و بوویە خوەدی هێز،مە دیت ب درێژیا هەشتێ سالێن ژیێ خوە و چەندین ڕژێمێن ژ هەڤجودا چ ب سەرێ کوردان ئینا و چاوان سەرەدەری دگەل سادەترین مافێن گەلێ کورد کر،ئەو مافێن د پێکهاتن و پرۆتوکۆلێن قۆناغا دامەزراندنا عیراقێدا بڕیار ل سەر هاتیەدان، مە دیت ژ ئەنجامێ ئەو رۆلێ کوردان د ئاڤاکرنا عێراقێدا گێڕای هەر کورد بوونە قوربانی و بدەستێن ڤێ دەولەتا ل سەر ملێن وان هاتیە ئاڤاکرن هاتنە جینۆسایدکرن.

هەشتێ سالێن ژیێ عیراقێ ب داوی هاتن،ژ دەولەت سەرێ حوکمدارێن وێ ئەڤ دەولەتا هەشتێ سالی هەرفت،گەهشتە سەر سفرێ،تشتەک نەما بێژیێ دەولەت یان وەزارەت و دامودەزگەهێن حوکمدارێ، تنێ ما وەلاتەکێ بێ خوەدی و خەلکەکێ حەیری و سەر لێشێوبای،نزانیت چاوان سەرەدەریێ دگەل کاودانی بکەت، ژ چەرخێ ئەلەکترونی زڤریڤە چەرخێ چرا و فانۆس و کوچکێن ئاگری.

د ڤێ قوناغێدا ژی تنێ کورد بوون خوەدی نیمچە دەولەتەک،خودی وەزارەت و دامودەزگەهێن دەولەتینیێ و لەشکەرەکێ هەتا ئاستەکی باش ڕێکخستی،خوەدی شیانێن ئابووری و کارگێڕی و زانستی...هتد، بەلێ ل شوونا مفای ژڤێ دەلیڤێ و لاوازیا ئالیێ بەرامبەر ببینن و نیمچە سەربەخۆیا خوە تەواو بکەن،دامودەزگەهێن خوە پێشڤە ببەن و د جهەکێ ب هێز دا سەرەدەریێ دگەل ئالیێ بەرامبەر بکەن، ئەو ئالیێ ب درێژیا هەشتێ سالان هەر ڕەنگێ ستەم و زورداری و قەلاچۆکرنێ یا ژێهاتی دگەل کوردان کری. بەلێ ڤێ جارێ ژی کورد بوونە فریشتەیێن داد، لێبوورینێ و براییێنیێ و ب سنگەکێ بەرفرە بوونەڤە عیراقی،ژ عیراقیان عیراقیتر دەرکەتن، سەربوورا هەشتێ سالان ژ بیرکر و کەتنە د خزمەتا سەر ژ نوو ئاڤاکرنا عیراقێدا،چاکترین بسپۆر و کادرێن کورد بەرەف بەغدا مەیدانا ئاڤاکرنەڤا عیراقا هەرفتی کەتنەرێ،ب دەهان خولێن گەشەپێدان و پێگەهاندنێ بۆ برایێن مە یێن عیراقی ل هەرێمێ هاتنە ڤەکرن!،کولیژێن لەشکەریێن هەرێمێ کەتنە د خزمەتا سەرژنوو پێکئینانا سوپا و پولیسێن عیراقێدا و لەشکەرێ کوردستانێ گەلەک جاران بوونە زیرەڤانێن پاراستنا باژێر و دامودەزگەهێن وان،یا هێژ خرابتر جارەکا دن بووینە بەرێ ڕاگرتنا پارسەنگا نێڤبەرا سوننە و شیعەیێن عیراقێ و بووینە کوترکێن ئاشتیێ و کەتینە بەرەڤانیێ د نێڤبەرا ئالیێن هەڤرک و شەرکەرێن واندا...،کورت و کرمانجی ئەوا ژ دەستێن مە هاتی و هێژ پتر ژی مە کوردان سەخمەرات سەر ژنوو ئاڤاکرنا عیراقا هەرفتی کر.

ڕاستە دیرۆک خوە دووبارە دکەتەڤە و مە مفا ژ یەکەم سەر بوورا خوە د ئاڤاکرنا ڤێ دەولەتێدا نەدیت و بۆ دووەم جار ژی کەتینە د هەمان سەربوورێدا،گەلۆ بەرامبەر ڤێ چەندێ عیراقیێن برا..!!هێژ ب دروستی خوە نە دیتی و نە کەتینە سەر پێێن خوە و نە بووینە خوەدی دەولەتەکا ئاڤا و ب هێز و شیان چاوان سەرەدەریێ دگەل مە بکەن...؟ چاوان بەرسڤا دلسۆزیا مە بۆ عیراقا نوو ددەن...؟ د بەرهەڤنینن باوەریێ ب کێمترین مافێن مە یێن ڕەوا بینن،د بەرهەڤنینن باوەریێ ب کورداستانیبوونا وان دەڤەر و باژێرێن کوردستانێ بینن یێن ل دووڤ هەموو بەلگەیێن دیرۆکی و یاسایی کوردستانن و ڕژێما چۆیی ب زۆری و کوتەکی عەرەباندینە، یا خرابتر عیراقیێن برا یێن هێژ ل ژێر سیبەرا خەلکەکی دژین هەتا ئەڤرۆ ژی ب چاڤێ وەلاتیێ پلە دوو و سێ بەرێ خوە ددەنە کوردان،کوردستان نەتنێ (شمالنا الحبیب)ە بەلکی (شمال العراق)ە ل دووڤ باوەریا وان هەموو عیراق ژی (جز و من الوگن العربی)یە. گەلۆ ئەگەر ئەڤە ب دروستی کەتنە سەر پێێن خوە و بوونە دەولەت دێ چاوان سەرەدەریێ بەرامبەر رۆلێ مە کوردان و دلسۆزیا مە د ئاڤاکرنا عیراقا نوو دا کەن؟ ئەرێ دەم نەهاتیە ئەم ژی مفای ژ سەربوورێن دیرۆکا خوە وەربگرین؟

- بۆ پتر پێزانینان دەربارەی ژیان و خزمەتێن عەلی کەمالی بنێرە:
- مذكرات علي كمال عبدالرحمن، تقديم و تحقيق جمال بابان، بغداد- 2001.
- کۆڤاری هیوا - هژمار 2، مایس 1984، پاریس.



## کامیان دەسەڵات دەگرنە دەست

# کۆترەکان یان هەڵۆکان

مەحمود ئۆڤور*

لە نێوەڕاستی مانگی تەممووزی داهاتوو، لە تورکیا دا چاوەڕێی چەند پێشهاتێکی سیاسی گرنگ دەکرێت. گرنگترینیان ڕاگەیاندنی دوا بڕیاری دادگای دەستوورییە سەبارەت دۆزی داخستنی پارتی داد و گەشەپێدانAKPی دەسەڵاتدار، دیسان گۆڕانی سەر فەرماندارییی هێزە چەکدارەکانی تورکیا و گەڕانەوەی فەتحوڵڵا گولەن، بەڵام ئەوەی لە هەموویان گرنگترە بەستنی کۆنگرەی DTPیە کە بڕیارە لە 2008/7/20 ببەسترێت.

بەئامانجی دەسەڵات گرتنە دەست ململانێیەکی توند ڕۆژ دوای ڕۆژ لە ژێر ناوی کۆترەکان وهەڵۆکان پەرەدەسێنێت. پاش ململانێیەکی دوورو درێژ، ئەمینە ئاینە بووە سەرۆکی DTP، بەڵام بۆ جاری دووەم ئاراستەی ئەم ململانێیە لە کۆنگرەی DTPدا یەکلادەبێتەوە.

باشە تا هاتنی کاتی کۆنگرە دەبێت چی ڕوودەدات؟چاودێرە سیاسییەکان پێیانوایە ئەم ڕۆژانە زۆر بە زەحمەت و ئازار تەواو دەبن.

لە هەر شوێنێک بە هەر مەبەستێک کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت، یەکتر تاوانبارکردن پەرە دەستێنێت و ئاراستەی کوتلە سیاسییەکانیش ڕوونتر دەبێتەوە. لەم هەفتەیەی دواییدا، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئامادەکارییەکانی کۆنگرە کۆبوونەوەیەک لە نێوان ئەندامانی فراکسیۆنی DTP و بەڕێوەبەرایەتی DTP سازکرا، شاژنە سەیرەکەی کۆبوونەوەکە ئەمینە ئاینە بەتەنیا نا،لەگەڵ مستەفا ساری کایا و کامەران یوکسەک، بەرەو ڕووی یەکتر بوونەوە. ئەمەش سەرەتایەکە بۆ ئاڵۆزیەکی چاوەڕوانکراو. پاش ئەوەی میانڕەوەکان ڕووبەڕوی ڕەخنەو تیرو توانج بوونەوە،کەشوهەوای کۆبوونەوەکە بەرەو توندی چوو.

هەر دوای کۆبوونەوەکەش بەیاننامەیەک ئاراستەی میدیاکان کراو، تێیدا میانڕەوەکان (کۆترەکان)،بە لادان لە هێلی سیاسی پارت و بێ دیسپلینی تۆمەتبار کران و داوا دەکرێت لە کۆنگرەدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

لە بەرامبەریشدا کاردانەوەی میانڕەوەکان زۆر توندتربوو. ئەحمەد تورک و هەڤاڵەکانی ئەم بەیاننامەیان بە دوور لە ڕاستی وەسفکردو ئەو زانیاریانەی دەرهەق بەوان بڵاوکراونەتەوە بە هەڵبەستراو لە قەڵەمدان. دیسان یەکێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە زیاتر قسەی کردو گووتی بۆ دروستکردنی پارتێکی نوێ لە سەرانسەری تورکیا ئێمە ڕەوانەی ئستانبۆل دەکەن و، لێرەش کۆبوونەوە دەکەن و ئێمە تاوانبار دەکەن. پاشان ڕووی قسەکانی لە ئەمینە ئاینا کردو گووتی: "ئایا کاتێک ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتەکە بوو ئەمینەخان هیچ کات ڕووبەڕووی کارێکی بەم شێوەیە بووەتەوە؟بۆچی ئەو هەستیاریەی ئێستا باسی دەکەن ئەو کات باسیان نەدەکرد؟ زۆر ڕوونە ئەوان لە تاوانبارکردنی ئێمە دەگەڕێن، ئێمەش ئەم هەڵسوکەوتانە پەسەند ناکەین".

DTP ڕووبەڕووی دووڕیانێک دەبێتەوە لەم نێوەندەدا میانڕەوەکان: ئەحمەد تورک، حەسیب کاپلان، بەنگی یەڵدز. بەشێوەیەکی تەندروست ئامادەکاری کۆنگرە دەکەن وئەمەش باشترین کاردانەوەی کردەییە بەرامبەر هەڵۆکان. سەلاحەدین دەمیرتاشیش بە هەمان شێوە، هەڵوێستی ئاشکرا دەکات و هەڵۆکان بە کۆنەپارێزو کلاسیک ناوزەند دەکات. ئەیسەڵ تۆغلوش،پارێزەری سەرۆکی زیندان کراوی پ ک ک ویاریدەدەری سەرۆکی DTP، ڕووداوەکان بە وردی سەیر دەکات و هەتا ئێستا خۆی یەک لانەکردووەتەوە.

بەهەر حاڵ ململانێی نێوان دیموکراتخوازو ڕادیکاڵەکان لە ئاستی هەرە بڵند دایە. لە مێژووی کاری سیاسی DTPدا یەکەمجارە میانڕەوەکان ئەوەندە چالاک و بەبڕیار دەبینرێن. لە ناو ڕادیکاڵەکاندا ئەگەر کەسێکی زۆر بە هێز دەرنەکەوێت،ئەوا ئەحمەد تورک خۆی بۆ سەرۆکایەتی دەپاڵێورێت، چونکە تەنیا کەسە لەم ڕۆژگارەدا بتوانێت هەر دوو باڵەکە بەیەکەوە بەڕێوەببات.

بە کورتی بەم شێوەیە بەردەوام بوون مەحاڵە،بە زووترین کات هەموو ئەنجامەکان یەکلادەبنەوە، هەتا کاتی بەستنی کۆنگرە هەموو ئامارەکان تەواو دەکرێن، ئەمە قسەی چاودێرێکە کە لە نزیکەوە سەیری پێشهاتەکانی ناو DTP دەکات.

ئەو قەیرانە سیاسییەی بە هاتنی نورەدین‌دەمیرتاش‌دەستیپێکرد،بەهاتنی ئەمینە ئایناش بەردەوامە، دەبێ کۆتایی بێت، چونکە هیچ سوودێکی بۆ گەلی کورد نییە. میانڕەوی و سیاسەتێکی پشت بەستوو بە دیالۆگ سوودی بۆ هەموو لایەک هەیە، بۆیە دەبێت تێڕوانینەکانمان بە گوێرەی پرەنسیپی دیموکراتیانە دابڕێژین، ئەوانەی خۆیان بە میانڕەو نیشاندەدەن دەبێ ئەرکەکانی DTP لەم قۆناغەدا باش بەرنامەڕێژ بکەن.

لە شێوازی خەباتی DTPدا گەلی کورد ڕووبەڕووی دووڕیانێک دەبێتەوە، یان خۆی نوێ دەکاتەوەو دەبێتە خاوەن تێڕوانینێکی سەردەمیانە،یان ئەوەتا بە کلاسیکی دەمێنێتەوەو بێ چارەسەری بەردەوام دەبێت.

کێ دەزانێت، لەوانەیە هێڵی سازشکارانەش بدۆزرێتەوەو ئەحمەد تورک وەک سەرۆک و ئەمینە ئایناش وەک جێگری سەرۆک هەڵبژێردرێن.

-ئەندامی پێشووی پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی پارتی ڕەفاهی قەدەخەکراو. سەرمایەدار و یارمەتیدەرێکی سەرەکی بزووتنەوە ئیسلامییەکانە لە تورکیا.

*ڕۆژنامەی SEBAH ی تورکی ڕۆژی 2008/6/29

# هەر نیو ملیۆن دۆلاری چەڤیکلەریان گرت



**رووداو — هەولێر**

دوو ساڵە کار لە 2504 شوقە وەستاوە کە کۆمپانیای چەڤیکلەری رۆژنامەوانی تورک ئیلنور چەڤیک پێی تەواو نەکرا، بە گوێرەی لێدوانی بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەی هەولێر،کۆمپانیاکە چەند جارێک داوای سولفەی بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە کردووە و حکومەت بۆی سەرفکردووە،کەچی پرۆژەکەیان نەک هەر جێبەجێ نەکرد، بەڵکو بوونە هۆکاری دابەشنەکردنی 1452 شوقەی دیکەش.حکومەتیش دەستی بەسەر کەلوپەلەکانی کۆمپانیای ناوبراودا گرتووە کە بایی نزیکەی نیو ملیۆن دۆلارە.

ل 16

# شووتیش ڤیاگرایە



**رووداو-رۆیتەرز**

لەتوێژینەوەیەکی زانستیدا نوێدا دەرکەوتووە کە شووتی خواردن یەکجار بەسوودە بەتایبەتی بۆ سێکس وجووتبوون.

هەفتەی رابردوو توێژەرانی زانکۆی ANMلە ویلایەتی تکساسی ئەمەریکا ئاشکرایانکرد کە شووتی سوور پێکهاتەی وای تێدایە دەبێتە هۆی چالاککردنی خوێنبەرەکان و تەنانەت ئارەزووی سیکسیش بەهێزدەکات وهێندەی حەبی ڤیاگرا بەهێزە، لەمبارەیەوە د.بیمۆ باتێل مامۆستا لە زانکۆکە رایگەیاند "شووتی ماددەی سترالینی تێدایە وهەمان کاریگەری ڤیاگرای هەیە لە چالاککردنی خوێنبەرەکاندا"

# ئێران کێلەشین دەدزێ



**رووداو- سیدەکان**

سوپای ئێران لەناوچەی سیدەکان شوێنەوارێکی مێژوویی دەدزن.

دانیشتووانی ناوچەی سیدەکان لەسنووری قەزای سۆران سەر بەپارێزگەی هەولێر، سکاڵایەکیان داوەتە لیژنەی بەدواداچوونی راستییەکانی پەرلەمانی عێراق تایبەت بە دەستدرێژییەکانی تورکیا وئێران بۆ سەر باشووری کوردستان، چونکە هێزەکانی سوپای ئێران بەردێکی مێژوویی ئەو ناوچەیەیان لەگەڵ خۆیان بردووەو لە مۆزەخانەی شاری (ورمێ) یان داناوە کە تەمەنی بۆ 3 هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو بەخەتی بزماری لەسەری نووسراوەو بە "بەردی کێلەشین" ناسراوە، خەڵکی ناوچەکە داوایان لە لیژنەکە کردووە کە لەڕێی حکومەتی بەغداوە هەوڵی خۆی بۆ گێڕانەوەی ئەو بەردە بختەگەڕ.


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانیسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279


# لەمەودوا ئەو کچە ئێزدیانەی رەدوو موسڵمانان دەکەون ناکوژرێن

**رووداو-شێخان**

سەرۆکی بەرزترین دەزگای ئایینی ئێزدی بە (رووداو)ی راگەیاند چەند بڕیاری تازەی کۆمەڵایەتیان بۆ ژیانی ئێزدیان داون، یەکێک لەو بڕیارانە "هەر کچێکی ئێزدی بەدوای موسڵمانێک بکەوێت، ئێمە کچەکە ناکوژین، بەمەرجێک کوڕە موسڵمانەکە ئەو کچە بباتە ناوچەیەکی زۆرینە موسڵمان نشین". هەروەها بڕیارێکی دیکەشیان بۆ بەرژەوەندی کچان داوە و بەپێی ئەو بڕیارە کچیش بەشی هەیە لە میراتی باوکی.

ئەو بڕیارانە دوای زیاتر لە ساڵێک لەکوشتنی دوعا دێن، کە دوای ئەوەی بەدوای عەرەبێکی موسڵمان کەوت لەلایەن مام و ژمارەیەک کوردی ئێزدی تا مردن بەردباران و بلۆک باران کرا و، دیمەنەکانی کوشتنی دوعا رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەموو جیهانیان هەژاند.

خرتۆ حاجی ئیسماعیل، کە ناوی تەواوی بابەشێخی سەرۆکی ئەنجوومەنی رووحانی کوردانی ئێزدییە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەنجوومەنەکەیان سەرچاوەی بڕیارە بۆ 1 ملیۆن و 500 هەزار ئێزدیی سەرتاسەری جیهان. بابەشێخ دەڵێ ئێزدیاتی ئاینێکی کوردییە "ئاینی ئێمە هەمووی بە کوردی نووسراوە و ئێمە بە کوردی خواپەرستی دەکەین، وەکو ئیسلام نییە کە کورد بە عەرەبی خواپەرستی بکەن". گوتیشی ئەوان، جیاواز لە هەندێ ئێزدی نێوخۆ و دەرەوە کە ئێزدی بەنەتەوەیەکی جیاواز لە کورد دادەنێن، خۆیان بە کورد دەزانن، بەگلەییەوە گوتی "بەڵام لای بەرامبەر بەوشێوەیە سەیرمان ناکەن" و گلەیی ئەوەشی کرد کە "ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگە نادات ئێزدی هیچ پرۆژە و کارگەیەک لەسەر زەوییەکانیان دابنێن، بەڵام ئەگەر کەسێکی موسڵمان یان کریستیان بێت رێگەی پێدەدەن"، بابەشێخ داوای لە حکومەت کرد ئەوە نەمێنێ و داواشیکرد بایەخ بە گوندەکانیان بدرێ.



لەلایەکی دیکەوە بابە شێخ گوتی 750 هەزار ئێزدی لە باشووری کوردستان دەژین، کەچی لە جیاتی 14 ئەندام لە پەرلەمانی کوردستان دوو سێ ئەندامی ئێزدی هەن " ئەوانیش کارە حیزبییەکانیان دەکەن و بۆ ئێزدیان کار ناکەن"، گلەیی ئەوەشی لەپارتی کرد کە بەرپرسی لقی شێخانیشیان ئێزدی نییە و قایمقامی شێخانیش کە 70%ی دانیشتوانی ئێزدین، موسڵمانە.

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (14) بخوێنەوە**

## مەلا وەهاب:

# مەلاکان بۆ گۆشت خواردن سەریان پێوە نییە

**بیلال سەعید**

**رووداو – کەلار**

مەلا وەهاب، وتارخوێنی مزگەوتی سەلاحەدین لەکەلار لە وتاری نوێژی هەینی رەخنەی توندی لەمەلایانی کەلار گرت، لەبەر ئەوەی کە نەخۆش بووە هیچ مەلایەک ئامادە نەبووە لەجیاتی ئەو وتاری نوێژی هەینی بخوێنێتەوە.

مەلا وەهاب، کە لەبەر نەخۆشییەکەی بەکورتی کۆتایی بەوتارەکەی هێنا گوتی "بەهۆی ئەوەی کە نەخۆشم وتارەکە بەکورتی تەواو دەکەم، پەیوەندیم بەچەند مامۆستایەکەوە کردووە لەجیاتی من وتار بخوێننەوە، بەڵام کەسیان بەدەممەوە نەهاتوون". مەلا وەهاب گوتی "مەلاکان ئەگەر بۆ گۆشت خواردن و دەعوەت بووایە ئێستا ئامادە دەبوون".

# ژنێک لەنازە مۆڵ دەکوژرێت

**رووداو-هەولێر**

لەئەنجامی شەڕە تەقەی نێوان دوو گەنج لەسوپەر مارکێتی نازەمۆڵ لەشاری هەولێر، ئافرەتێک کوژرا و 5 کەسی دیکەش بریندار بوون، هەردوو گەنجەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە لێدوانێکیدا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو دوو گەنجە کێشەیان لەگەڵ یەکتری هەبووە و یەکێک لەو گەنجانە سەرخۆش بووە و تەقەی لەوی دیکە کردووە، لەئەنجامدا ئافرەتێک کوژراوە".

لەبارەی ناسنامەی دوو گەنجەکەو ئافرەتە کوژراوەکە، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر گوتی "ئافرەتەکە ناوی فەریدە ئەحمەدە، بکوژەکەش کە سەرخۆش بووە ناوی سەرباز قادرە و کارمەندی کۆمپانیای 77ی تورکییە و گەنجەکەی دیکەش ناوی هەژار محەممەدە".

# بەمۆییەکان لەخۆشیان بار دەکەن

**رووداو- بەمۆ**

گوندنشینانی گوندەکانی بناری بەمۆ لە تاو نەبوونی خزمەتگوزاریی و وشکە ساڵی و داخستنی مەرزی بەرۆێن — تووەوشکە گوندەکانیان چۆڵ دەکەن و بەڕێوەبەری ناحییەش دەڵێ لە خۆشگوزەرانیدا دەڕۆن.

هەندێک لە دانیشتووان، کە خەریکی کۆڵ و بار پێچانەوەبوون دەڵێن داخستنی مەرزی نارەسمی بەرۆێن — تووەوشکە و مامەڵەی خراپی پاسەوانانی سنوور لە گەڵیان هۆکاری سەرەکیی چۆڵکردنی گوندەکانیانە، نەبوونی خزمەتگوزاریی و کاریگەریی وشکەساڵیش سەربار. بەڵام بەڕێوەبەری ناحییەی بەمۆ دەڵێ "هیچ کێشەیەکیان نییە، ئێمە هەموو خزمەتگوزارییەکمان بۆ دابین کردوون، خەڵکی لە خۆشگوزەرانیدا بار دەکەن". ناحییەی بەمۆ چوار ساڵە کراوەتە ناحییە و دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی دەربەندیخان و سەر بە قەزای خانەقییە.

# بەڕێوەبەرێک پیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە دەکات

**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرێک لەوەزارەتی پیشەسازی لەڕۆژی جیهانی ژناندا لەسەر ئەرکی حکومەت ملوانکە بۆ 16 فەرمانبەری ئافرەتی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەکڕێت و ئەنجوومەنی وەزیرانیش لیژنەیەکی لەسەر پێکدەهێنێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتی پیشەسازی حکومەتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند"ع .ع " بەڕێوەبەر لەوەزارەتی پیشەسازی لە رۆژی 2008/3/8 کە رۆژی ژنانە، لەسەر ئەرکی حکومەت ملوانکە بۆ 16 فەرمانبەری وەزارەت بە پیتی ناوی فەرمانبەرەکان دەکڕێت و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازیدا لیژنەیەکی لەسەر پێکدەهێنێت".

زرار مەولود قەساب، بەڕێوەبەری گشتی دیوان لەوەزارەتی پیشەسازی و ئەندامی لیژنەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو بەڕێوەبەرە هەڵەیەکی کردبوو، ئەوەش شتێکی ئاساییە و فەرمانبەرێکی نوێیەو پێیانراگەیاندو بەخۆیدا چوووەو وایزانی کە کارێکی باشی کردووەو خزمەتی بەفەرمانبەرانی کردووەو ئێمە نەمانهێشت پارەکان لەسەر حکومەت بێت و خۆی پارەکانیدا، لیژنەی لێپێچینەوەمان نییە لەسەری".

# هەڵەبجەیی قایش نابەستن

**نەوزاد مەحموود**

**رووداو-هەڵەبجە**

لەماوەی شەش مانگی رابردوودا لەبەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەڵەبجەی شەهید 810 مۆڵەتی شۆفێری دەستی بەسەرداگیراوەو 12 ملیۆن و 350 دیناریش غەرامە لەسەرپێچیکاران وەرگیراوە، نیوەی ئەو پارەیە بەهۆی سەرپێچی نەبەستنی قایشەوە بووە لەلایەن شۆفێرانەوە.

هەر لەو ماوەیەشدا 55 ماتۆڕ دەستگیرکراون و 15 ئۆتۆمبێلیش دەستیان بەسەردا گیراوە و 20 رووداوی هاتووچۆ هەبووە کە 7 کەسی تێدا مردووەو، دووانیان منداڵبوون و لەگەڵ 2 ژن و 3 پیاودا، هەروەها 3 کەسیش بریندار بوون.

سەرچاوەیەک لەو بەڕێوەبەرایەتییە بە (رووداو)ی راگەیاند رێژەی سەرپێچیکردن لەدەرەوەی شار زۆرترە، "بەڵام ئێمە سێ ئەوەندەی پۆلیسی هاتووچۆی ناو شار ماندوو دەبین لەکاتی راپەراندنی ئەرکەکانماندا".

هەروەها سەرچاوەکە راشیگەیاند "بەهۆی ئەوەی ئامارەکان وردەکاری تێدانییە، ناتوانن بەژمارە بیڵێین، بەڵام نیوەی سەرپێچییەکان بەهۆی نەبەستنی قایشی سەلامەتی بووە لەلایەن شۆفێرانەوە".

# کورتە باڵاکان دەرزی و دەستووریان دەوێ

**رووداو – سلێمانی**

کۆمەڵەی کورتەباڵایانی کوردستان خۆیان دەگەیێننە پەرلەمانی کوردستان و چەند داواکاری پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، داواش لەوەزیری تەندروستی دەکەن دەرزی گەشەکردنیان بۆ دابین بکات، لێپرسراوی کۆمەڵەکە رایگەیاند "بەگەرمی پێشوازیمان لێکراوەو بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکارییەکەمان پێدراوە".

عومەر ساڵح، لێپرسراوی کۆمەڵەی کورتەباڵایانی کوردستان لەبارەی سەردانەکەیان بۆ هەولێر وتی "داوامان کردووە لەمادەی 52ی دەستووردا ناومان بهێنرێت و لەهەمانکاتدا داواشمان لەدکتۆر زریان کرد، دەرزی گەشە بۆ کورتەباڵایان دابین بکات، ئەویش بەڵێنی پێداین بۆمان دابین بکات، چونکە ئەو دەرزییە زۆر گرانە، نرخەکەی 900 هەزار دینارە". هەروەها لێپرسراوی کۆمەڵەی کورتە باڵایان ئاشکرایکرد، لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا 3830 کورتەباڵا هەن و پێویستە ئاوڕی زیاتریان لێبدرێتەوە.

# منداڵانی فارقین حەماڵی دەکەن



چاپەمەنی دیرگی

Aras Press Kurdistan - Erbil

**رووداو-DIHA**

منداڵانی ناوچەی فارقینی سەر بەشاری ئامەدی باکووری کوردستان، سەرەڕای بچووکی تەمەنیان لەژێر کاریگەری 40 پلەی گەرمادا هەتا درەنگانی رۆژ کاردەکەن.

ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لەناوچەی فارقین کاردەکەن هەتا دەچێت زیاتر دەبێت. جگە لەو منداڵانەی کە بەشێوەیەکی گەڕۆک کەلوپەل دەفرۆشن، دیمەنی ئەو منداڵانەی بەگالیسکە کەلوپەل دەگوازنەوە سەرنج راکێشن. ئەو منداڵانەی لەژێر تینی گەرمای هاویندا کار دەکەن، لەساتە بەتاڵەکانی قوتابخانەشدا بەگالیسکەکانیان شتومەک دەگوازنەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم منداڵانە بەتەمەن بچووکن و لەژێر کاریگەری 40پلەی گەرمای وەرزی هاویندا شتومەک دەگوازنەوە کە بەگواستنەوەی سووک ناسراوە. لەبەیانی زووەوە تا درەنگانی ئێوارە تەنیا 8 تا 10 لیرە (8000تا 10000 دینار چاپی نوێ) کار دەکەن.

# دۆمەکان پلە دوون

**رووداو–DIHA**

ئەو هاووڵاتیانەی کە خۆیان وەک" دۆم" دەناسن و لەروحا دەژین دەڵێن دەوڵەتی تورکیا بەهاووڵاتی پلە دوو سەیریان دەکات و بۆیە داوا دەکەن سوکایەتیان پێنەکەن و رێزیان لێبگرن.

شەعبان ئاقچی، کە یەکێکە لەدۆمەکان رایگەیاند "ئێمەش دەخوازین منداڵەکانمان بچنە قوتابخانە، بەڵام ئێمە هەمیشە لەگەڕاندایین، ناتوانین منداڵەکانمان بنێرینە قوتابخانە. ئێمە بەدوای نانێکەوەین بۆ بژێوی ژیانمان، با ئەوان خۆیان لەئێمە جیا نەکەنەوە، دەچینە هەر شوێنێک زوڵممان لێ دەکەن و ناهێڵن بژین".

ئەمینە کۆسەلیش رەخنەی لەدەوڵەتی تورک گرت، کە هەمیشە زوڵمیان لێدەکات "ئێمە سەربازی بۆ دەوڵەت دەکەین، باجیش دەدەین، بەڵام دەوڵەت هەمیشە زوڵممان لێدەکات. وەک ئەوەی ئێمە هاووڵاتی ئەم دەوڵەتە نەبین".

دۆمەکان، کە بەدروستکردن و فرۆشتنی سێلک، بێژنگ، مۆغەل و، بژێوی ژیانیان دابین دەکەن، تا ئێستا ژمارەی راستەقینەو رێژەکەیان دیار نییە. ژمارەی ئەو دۆمانەی کە لەتورکیا وەک کارکەری گەڕۆک دەناسرێن بە نزیکەی 700هەزار کەس مەزندە دەکرێن.